

زنجیرەی دۆسێیە فەرهەنگی و فیکریەکان

دۆسێی ژمارە ( 14 )

# حەسەن بەنا

## مامۆستای هونەری مەرگ و فەشەل

نووسینی: محەمەد هەریری

چاپی ئەلکترۆنی یەکەم: تەموزی 2023

زنجیرەی دۆسێیە فەرهەنگی و فیکریەکان
دۆسێی ژمارە ( 14 )

# حەسەن بەنا

## مامۆستای هونەری مەرگ و فەشەل

نووسینی: محەمەد هەریری
چاپی ئەلکترۆنی یەکەم: تەموزی 2023
دیزاینی بەرگ و ناواخن: هادی هونەر

## پێشەکی

ئیخوانیەکان بە گەنج و پیریان لە قۆناغی دەروێشیدان بۆ حەسەن بەنا، پاش تێپەڕبوونی نزیکەی سەدەیەك هێشتا هەر ئەو قۆناغەی دەروێشیان تێپەڕنەداوە.
ڕۆژانە نوسینی گەنجانی ئیخوانی دەخوێنمەوە لەسەر حەسەن بەنا، یەك پارچە لاواندنەوە وستایش و شیعربارانن. ئەو برادەرانە تا دەشمرن کتێبیکی ڕەخنەیی نەك نانووسن لەسەر ئەو سەرکردانەیان، تا هەرنەبێ لە هەڵەکانیانەوە فێربن، بەڵکو کتێبێکی ڕەخنەییش ناخوێننەوە، کە لەسەریان دەنووسرێ!
سەیر لەوەدایە بەو عەقڵیەتە چەقبەستوو و کڵۆڵەوە دەیانەوێت جیهانی ئیسلامی حوکم بکەن بە دروشمی ئیسلام چارەسەرە!

جارێ دین بەهیچ جۆرێك چارەسەر نییە بۆ كێشەكانی ژیانی هاوچەرخ، ئینجا ئەو ئیسلامەی ئیخوان تێیدەگات و دەڵێت تاقە چارەسەرە، نەك هەر چارەسەر نییە، بەڵكو خۆی لە خودی خۆیدا كێشەیە! تۆ لەلایەك لە ترسی تۆمەتی ئیسلامی وسەلەفیان بڵێی شەریعەت جێبەجێ دەكەم بە دەستبڕین ورەجمكردن و جەڵدە لێدان، لەلایەكیتریش بتەوێ خۆت مۆدرن نیشان دەیت گوایە پرۆژەیەكی نیمچە سێكولارت پێیە!

من و دەیانی وەك من كۆمەڵێ وتارمان بە كوردی لەسەر حەسەن بەنا نووسیوە، هەرنەبێ ئەوانە بخوێننەوە، ئەگەر عەرەبی نازانن، تا بزانن لەدەرەوەی قەفەسەكەی ئێوە خەڵكیتر چۆن دەخوێنێ!

هەر گەنجەكان وانین، پار نوسینێكی ئیخوانیەكی نیمچەكوردی پیری سەرووی ٧٨ ساڵم لەسەر سەید قوتب خوێندەوە، بەڕوحیەتی دەروێشێكی هەرزەكاری سەرسام نووسیبووی دەیان شیعر وشانامە و پاكانەی هەتا بۆ بیروڕایە توندڕەوەكانیشی كردبوو. دەیگووت سید قوتب هیچ توندرەوی بیری تێدا نەبوو، ئەوە خەڵكن لیی تێناگەن، وئەوەندە توندیەی كە تێشیدا بووە، لەبەر ئەو ئەشكەنجە سەختەیە كە توشی هاتوە لە زینداندا!

منیش وەڵامم دایەوە بە عەرەبی، گووتم: بەڕێز محسن عبدالحمید پێویستە جارێكیتر سەید قوتب بخوێنیتەوە، تا هەمان قسە و پێداهەڵگووتنی كۆن دووبارە نەكەیتەوە، كە ئیخوان لەو ڕۆژەوەی لە سێدارە دراوە دووبارەی دەكاتەوە! سەید قوتب كەسێكی ڕۆشنبر بوو ڕاستە بەڵام تابڵێیشی تووندڕەو بوو لە هەڵوێستەكانی...هەر ڕۆژەی لەگەڵ لایەك بوو. ئینجا مامۆستا كە تۆ دەڵێی سەید لە ژێر كاریگەری ئەشكەنجە و زیندان ئەو بیروڕایە تووندانەی دەربڕیوە، كەوابوو بیری ئەو لە ژینگەیەكی ناتەندروست لەدایك بووە، بیرەكەش ناتەندروست دەبێ، هەرچەندە ساغ بۆتەوە، كە ئەو ئەشكەنجەدانەی باسی دەكەن ڕاست نییە. بەڵام بابڵێین ڕاستە، خۆ ماندێلا لەو زیاتر ئەشكەنجە دراو زیندانیش كرا، بۆ كاتێ بەسەر دوژمنانی سەركەوت ئەوپەڕی گیانی لێخۆشبوون و لێبوردەیی نیشان دا بەرامبەر سپی پێستە ڕەگەزپەرەستەكان؟!

بەنا دژی فرەیی سیاسی بوو خۆی دەڵێت:" ئیخوانەکان داوایان لە جەلالەتی مەلیك کرد، هەموو ئەو حزبانە هەڵوەشێنێتەوە تا هەموویان دەمج بکرێن، یان یەك بخرێن لە دەستەیەکدا لە بەرژەوەندی ئومەت کار بکەن لەسەر بنەماکانی ئیسلام".

دەربارەی ژیانی حیزبی، ئەوە حەسەن بەنا لە (الرسائل) پێی وایە " ئیخوان پێیان وایە کە ئەو حزبیەتە هەموو لایەنەکانی ژیانی خەڵکیان تێکداوە، بەرژەوەندیەکانی وەستاندون، ورەوشتی گەندەڵ کردون وپەیوەندیەکانی پچڕاندون، لە ژیانی گشتی وتایبەتیاندا خراپترین کاریگەری هەبوە" (ل 90).

وابزانم لە هەموو ئەو بوارانەی کە حەسەن بەنا خۆی لەقەرەیان داوە، لە هیچ بوارێك بیروڕاکانی نێگەتیڤتر نادۆزینەوە بەقەد نێگەتیڤی لە سیاسەتدا، بەڵکو زیادڕەوی ناکەین گەر بڵێین زیاتر لە فیکری فاشیزم نزیکترە تا لە ئیسلام ودیموکراسیەت، وابزانم بەشێکی زۆری نوشستیە سیاسیەکانی ئیخوانیش ونەتوانینی خۆگونجاندن لەگەڵ دونیای هاوچەرخ، دەگەڕێنەوە بۆ بیروڕا نێگەتیڤە سیاسیەکانی حەسەن بەنا، کە هەردەم جۆرێك لە ئەبەدیەت وقەتعیەتی پێدەبەخشرێت، لای ئیخوانەکان وقابیلی پێچوونەوە ورەخنە نین.

ترسی چاوپیاخشاندنەوەی ئیخوان بۆ بیروڕاکانی بەنا هێندە سەیرە هەتا دەگاتە ڕادەی ئەوەی ناوێرن تەنها دەستنیشانی ئەو حەدیسانەش بکەن کە حەسەن بەنا بەکاری هێناون، زاتی ئەوە ناکەن بڵێن بۆ نموونە ئەو حەدیسانەی تۆ بۆ فەزڵی عەرەب بەکارت هێناون، نیگەرانی زۆری لای غەیرە عەرەبی موسڵمان دروست دەکات، هەندێ وتاریشی نیگەرانی لای هاونیشتیمانی غەیرە موسڵمان دروست دەکات، وەك لە الرسائل ل 134 دەڵێت: " نیشتیمانی ئیسلام یەکێکە وبەش بەش ناکرێت، دوژمنکاری لەسەر هەر بەشێکی دوژمنکارییە بۆ هەمووی، ئەوە یەك، دوەم ئیسلام لەسەر موسڵمانانی فەرزکردوە کە سەرداری وڵاتانی خۆیان بن، هەر هێندەش نا، بەڵکو پێویستە فشار لەسەر غەیری خۆشیان بکەن تا بێنە ناو بانگەوازەکەیان وهیدایەت بکەن بە روناکی ئیسلام..." نەوەك وەرگێڕانەکەم ورد نەبێت ئەوە دەقە عەرەبیەکەیە (بل ان علیهم ان یحملوا غیرهم علی الدخول فی دعوتهم والاهتداء بأنوار الاسلام التی اهتدوا بها من قبل) (ل 91).

ئینجا حەسەن بەنا بە پێچەوانەی پرۆژەی چاکسازی ئەفغانی ومحمد عەبدە، پاڵپشت کەرێکی سەرسەخت بوو لە ئیستبداد ودیکتاتۆرەکان، وئیستبدادی بە هۆیەکی سەرەکی دواکەوتنی جیهانی ئیسلامی نەدەزانی وەك ئەفغانی ومحمد عەبدە. کێشەی دواکەوتویی موسڵمانان لە بواری زانستە سروشتیەکان و کیمیا وفیزیا باسێك نییە لە پرۆژەی بەنا، بەڵکو کێشەکان هەمووی بە هۆی دوورکەوتنەوەی موسڵمانانە لە دینەکەیان!

کەوابوو کێشەکە لە خودی موسڵمانان دایە نەك لە هۆیە بابەتیی ودەرەکیەکان، کەوابوو نەباسی ئازادیە گشتیەکان وتاکەکان، ونەباسی سەروەری یاسا ودەستور، ونە هەڵبژاردن، ونە جەنگان لە دژی ئیستبداد وگەندەڵی ونە داخوازی پلورالیزمی سیاسی لە گۆڕێدایە هەموو کارەساتەکان لە خودی تاك تاكی موسڵمانەکان دەست پێدەکات وهەر لەویش کۆتایشی پێدێت.

دەکرێت ئەو تاکڕەوییەی بەناش لە ژێر کاریگەری ئەو ڕێچکە تەسەوفە بێت، کە بەنا ماوەیەك لە ژیانی تێیدا بوو کە (تەریقەتی حەسافی) بوو، زۆربەی ئەو تەریقەتانەش بنەمای ڕێکخستنی تێدایە کە پەیوەندی نێوان مورشید وموريد ڕێکدەخات، ئەوەی نامیلکەی (اداب المرشد والمريد) ابن عربي بخوێنێتەوە دەزانێت کە ئەو پەیوەندییە زیاتر لە پەیوەندی بەندایەتی دەچێت... بۆ نمونە مورید بۆی نیە هەرگیز قسە بکات لە حزوری مورشیددا، تەنها ئەگەر مورشید داوای لێکرد قسە بکات! بۆشی نییە گفتوگۆ ومشتومڕی لەگەڵ بکات لەسەر هیچ بیروڕایەکی، یان ڕەخنەی لێ بگرێت. بۆی نییە مورید هەر شتێکی لێ داوا بکات ڕەتی بکاتەوە، هەتا ئەگەر ببێتە هۆی مەرگیشی!! پێویستە رۆحی مورید وژیانی لە دەستی مورشیددا وەك لاشەی مردوو بێت لەژێر دەستی لاشەشۆرەکەی... ئەگەر مورشید مرد، مورید بۆی نییە ژنەکەی ئەو بهێنێتەوە!!! هەر بۆیەش حەسەن بەنا مورتاح نەبوو بۆ هیچ ناو ونازناوێکی تر زیاتر لە نازناوی مورشیدی عام (ل 217 - 218) وهەموو بنەماکانی ئادابی مورشید وموریدی سۆفیەتی گواستەوە بۆ ناو ئیخوان، تا ئەمڕۆش هەر ئەو بنەمایانە تەحەکوم بە پەیوەندیەکانی ناو ئیخوان دەکات.

دەڵێن پاش کوشتنی نەقراشی، حەسەن بەنا لە کاتێکی زۆر ناوەخت ودرەنگ هەوڵیدا بەهەموو بنەماکانی کاری ئیخوان دا بچێتەوە، وعەرزی دەسەڵاتدارانی کرد بە تەواوی واز لە سیاسەت بهێنێت! دەگێڕنەوە لێی کەوا زۆر پەشیمان بوو لە

دروستکردنی (ڕێکخراوی تایبەت)، زۆر پەشیمان بوو کە کۆمەڵێك گەنجی پەروەردە نەکرد کە تەنها بۆ ئایین وبەرزکردنەوەی ئیسلام هەوڵیان دابا! دەیگووت دەیەوێت چاو بخشێنێتەوە بە زۆر لەو کارانەی کە ئەنجامیداون، وخەون بە جەماعەتێکی تر و ئیخوانێکی نویَ دەبینێت بەبی زاهیر وباتن (ڕواڵەت وپەنهان) وبەبیَ ڕێکخراوی نهێنی چەکدار وبەبیَ کوشتن وهەڕەشەکردن لە نەیاران.
خەڵك بە گشتی توندڕەوانی خۆشتر دەوێت، ئەوە میزاجی گشتی وڵاتانی ئیسلامی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، بۆیە داخەکەم بیرمەندی گەورەی وەك توڕابی و جەمال بەنا و نەسر حامد ئەبو زەید و عدنان ئیبراهیم و شەحرور و خالص جلبي دەیانیتر وەك بیری نەوتن لەناو جوگرافیای گەلانێکی سەرەتایی کە نەدەزان نەوت چییە و نە ئامرازی دەرهێنانی و سوود لێوەرگرتنی ئەو نەوتەیان هەیە.

دیاردەیەکی زۆر سەیرە کە خەڵکی موسڵمانی گشتی، بە شێوەیەکی گشتی دەکەونە ژێر کاریگەری وتاریێژ و پیاوانی دینی توندڕۆ و خوڕافەچی و ماڵوێرانکەر و ژیان تێکدەر تا دەکەنە ژێر کاریگەری ئەو عیملاقانە.

وەرە بزانە چۆن فیکری حسن البنا کە لوتکەیە لە توراسئامێزی و تەقلیدیەت وساویلکەیی و تەنگژەئامێزی و سەتحیەتە، چۆن بەناو ملیۆنەها بڵاو بۆتەوە و دەبێتەوە لە قاڵبی ئیخواندا، کەچی فیکری عیملاقێکی برای حەسنە بەنا وەك جمال البنا، کە لە بلیمەتیدا و قووڵایی فیکریدا سەدی وەك حەسەن بەنا ناگەن بە لێواری فیکری ئەو، چۆن فەرامۆش کراوە لەلایەن ئەو ئومەتە عەنتیکەیە؟!

هەتا حکومەت و ڕژێمە بەناو سێکیولارەکانیش هێندەی خاتری توندڕەوانیان دەوێت، یەک لەسەدی ئەو ڕێژەیە خاتری میانڕەوان و بیرمەندە کراوەکانی وەك توڕابی و جمال بەنا و عدنان ئیبراهیم و شەحرور و خالص جلبي ئەوانیتریان ناویَ!

چونکە ئەو بیرمەندانە دژی تەکفیر و سزای توندوتیژی بەسەرچووی بەناوی شەریعەت و دژی جاڕدانی شەڕی سەرتاسەرین دژی مرۆڤایەتی لەسەر بنچینەی دینی!

دژی جیاخوازی و نایەکسانیی نێوان پیاو و ژنن... دژی کردەوەی توندوتیژن کە تەنها سەرکەوتوو بووە لە بە شەیتانیکردنی ئیسلام و موسڵمانان، تا ڕادەی ئەوەی ئێستا زۆر سیاسیەکانی ئەوروپا بە ئاشکرا دەڵێن نامانەوێ موسڵمان هیچیتر وەرگرین لە وڵاتەکانمان، ئەگەر مەسیحی و ئێزدی بن کێشە نییە!

تا جەماوەر وا بە پەرۆش بێت بۆ ئەو ئەحزابی دینی ومەلا و بانگخوازی وەك لەتیف سەلەفی و هەڵۆ کاراتی و هەموو لە کاروان بە جێماوەکان، قەت حاڵی موسڵمانان لەوە باشتر نابێت! تا ابن العثیمین و بن باز و حوەینی لە جمال البنا و توراِبی و محمد الغزالی و عدنان ئیبراهیم ڕیزداتر بن قەت چاوەڕێی چاك بوونی حاڵی ئەو ئومەتە پڕ نەخۆشیە مەکەن!

محەمەد هەریری

# بەشی یەکەم
# ماهیەتی کەسایەتی حەسەن بەنا

## ئایە حەسەن بەنا جوو بوو وەک عەقاد دەیگووت؟!

لەبیرمە لە سەرەتای تێکەڵبوونم لەگەڵ ئیسلامیەکان، هەر کاتێ ناوی عەقادم دەهێنا وباسی کتێبە گرنگەکانیم دەکرد لەسەر فکر و لەسەر بەرگری کردن لە ئیسلام وەک عەبقەریاتەکانی محمد و علی و عمر و خالد و هتد، هەروەها کتێبی الله و کتێبی حقائق الاسلام و اباطيل خصومه، الفلسفة القرآنية و چەندین کتێبی تر، سەیرم پێدەهات مۆن و گرژ دەبوون و هیچ پێزانینێکیان نیشانی هەوڵەکانی ئەو نووسەرە و بیرمەندە مەزنە نەدەدا!

منیش هێندە شارەزا نەبووم و سەردەمی ئینتەرنێتیش نەبوو و بۆم حەل نەدەکرا، بۆ دەبێت ئەو پیاوە ئەو هەموو بەرگرییە لە ئیسلام و شارستانیەتی ئیسلام دەکات، و

هەتا هێندە ئیسلامی دەڕازاندەوە و کتێبێکی تەواوی لەسەر دیموکراتیەتی ئیسلام نووسیبوو! کەچی ئەوانە وا سارد و سڕن لە ئاستیدا!؟

دوای ماوەیەکی زۆر زانیم کە عەقاد سەرەڕای هەر بەرگریەکی لە ئیسلام، بەڵام دژی ئیسلامی سیاسی ئیخوان بووە، و لەوەش خەستر هەر ئیخوان و حەسەنە بەنای بە فتتەیەکی جولەکەی ئیسرائیلی زانیوە، و بە بەڵگەی لۆجیکی دەیسەلمێنێت: کە خودی حەسەن بەنا جوو بوە و لە دایک وباوکێکی جوو لە دایک بووە!

سەرەتا دەبێ بڵێم من جوو بوون بە تۆمەت نازانم، بەڵام لە نێوەندی ئیسلامی توراسی و سیاسی و شەعبی جوو بوون تۆمەتە، و تۆمەتێکی زۆر گەورەیە بەتایبەتی ئەگەر بیشاریتەوە!

لە وتارێکدا عیملاقی ئەدەب و فیکری میسری عەرەبی، بە ڕەچەڵەک کوردی عەباس محمود العقاد لە ١٩٤٩/١/٢ بە ناونیشانی ( الفتنة الاسرائیلیة ) لە ڕۆژنامەی الاساس دەڵێت:

حەسەن بەنا کەس نازانێت کوڕی کێیە و باب و باپیرانی کێییە! چۆن دەبێت کەسێکی وا نەناسراو بێت، لە کاتێکدا ئاسایترین خەڵک چەندین پشتی دەناسرێت؟! پاش لێکۆڵینەوە ئەو زانیاریانەی دەست دەکەوێت کە حەسەن بەنا لە خێزانێکی جووی مەغریبی لە دایک بوو لە سەردەمی جەنگی جیهانی یەکەم لە مەغریبەوە ڕایانکردۆتە میسر، لە شاری البحیرە گیرسانەوە کە زۆربەی جووە هەڵاتوەکانی مەغریب لەو شارە گیرسابوونەوە، چونکە مەرقەدی شێخێکی جووی ناوداری لێیە بەناوی ابو حەسیرە.!

جووەکانی ئەو شارە یارمەتیان دان و باوکی سەعاتچی بوو، کە هەموو دەزانن سەعاتچیەتی پیشەی سەرەکی جووەکانی مەغریب و میسریش بوو، بەڵکو ئیحتیکاریان کردبوو!

عەقاد دەڵێت خێزانی حەسەنی بەنا نازناویان ساعاتی بوو، چۆن لەناکاوێک نازناوی بەنایان لێنا؟! سەعاتچی چیداوە لە وەستای بەنا؟!

عەقاد دەڵێت: ئەو وشەیەی بەنا وەرگێڕانی وشەی mason ئینگلیزییە، و ماسۆنیەکانی میسر ئەو نازناوەیان دایە خێزانەکەیان.
عەقاد تا ئەو مێژووە هیچ ڕەخنەیەکی لە ئیخوان نەبوو، کاتێ هەر خەریکی دین بوون، بەڵام کە دەستیان دایە ڕەشەکوژی و سیاسەتی تۆقاندن بە ئیسلام، بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان، عەقاد لێیان هاتە دەنگ، زۆر بە ورد و سەبرەوە ڕەخنەی لێ دەگرتن! ئیخوانەکان دەستیان کردە هەڕەشە کردن لە عەقاد بە کوشتن، وەک سامح کریم لە کتێبی [عباس محمود العقاد الحاضر الغائب] دەڵێت: نامەیان بۆی دەنارد و دەیاننووسی (قذفت القاذفة) یان (أزِفَتِ الآزفة) واتە کوشتنت نزیک بۆتەوە! جارێکیان تەقەمەنیان لای ماڵی عەقاد دانایەوە بەڵام پێوە نەبوو! جارێکیتر تەلەفۆنیان بۆ کرد، چونکە دەیانزانی تەلەفۆنەکەی لە چ ژوورێکە وبەرانبەر پەنجەرەیەک بوو بەسەر دەرەوە، کە عەقاد هات تەلەفۆنەکە هەڵگرێ گولەیەکیان پێوەنا، پەنجەرەشی بڕی بەڵام خۆشبەختانە عەقاد سەلامەت دەرچوو!

عەقاد لەو وتارە بیرۆکەیەکی زۆر جوان دەوروژێنێت کە پێویستە بکرێتە بنەمایەک لە هەموو دەزگا دینیەکان و مەنهەجی دینی قوتابخانەکان بخوێندرێ، ودەڵێت :
هەموو خاوەن دینەکان پێیان وایە کە خودا دروستکەری خەڵکە، و ئەوەی بیەوێ دەتوانێ بیکات، باوەڕیشیان وایە کە هیچ هەقێک لەسەرووی هەقی خواوە نییە، و هیچ دەسەڵاتێک لە سەرووی دەسەڵاتی خوا نییە، لەگەڵ ئەوەشدا باوەڕیان وایە خودایەک بەو سیفەتە بەرزانەوە و بەو هێز و دەسەڵاتەوە کەس سزا نادات بەبێ حیساب، ئیسلامیش لە پێشەوەی هەموو دینێکی تر ەوە ئەو باوەڕەی تیادا بە ڕوونی دەرکەوتوە. بۆیە ڕۆژی قیامەت لە ئیسلامدا ناودەنرێ بە ڕۆژی دین، کە خەڵک تیایدا لەسەر کردارەکانی لێپێچینەوەی لەگەڵدا دەکرێت. هەروەها پێی دەڵێن ڕۆژی حیساب کە مرۆڤ حیسابی کردەوەی خێر و شەڕی لەگەڵدا دەکرێت!

قورئان لە پایەی بەخشین و چاکەدا ئایەتێکی زۆری تێدایە دەڵێن خودا ڕزق دەدات بەبێ خیساب و پاداشتی خێر دەداتەوە بەبێ حیساب، بەڵام تەنها ئایەتێکی تێدا نییە بڵێ: خودا سەرکۆنەی خەڵک دەکات و سزایان دەدات بەبێ حیساب وبێ پرسیار!

ئەوە لە کاتێکداخودایەکی زانایە بە هەموو شتێک کە خەڵک دەیکات وپێویستی بە پرسیارکردنیش نییە و هەمووی دەزانێت بە زانینی خۆی، و تواناشی هەیە سزایان بدات هەرچۆنێکی بیەوێ!

دەڵێت پێغەمبەرانیش هەروابوون، وکاربەدەستانیش نەیانتوانیوە لەو بنەمایەی کە خوا پەیڕەوی دەکات دەربچن، تەنها خەواریج و ئەو جووانەی لێ دەرچێ، کە بۆ تێکدانی ئیسلام بەرگی ئیسلامیان پۆشی بۆ نانەوەی فتنە و ئاژاوە و خوێن ڕشتن لەناو موسڵمانان دا.

عەقاد مەبەستی ئیدانەکردنی ئەو کوشتن و ڕەشەکوژیانەی ئیخوان بوو کە لەو کاتە دەیانکرد. دەیەوێت بڵێت کەس نابێت بەناوی دین خەڵک بکوژێت و کوشتن بکاتە ئامرازێک بۆ گەیشتن بە دەسەڵاتی سیاسی دینی!

تەنها کەسێک لە غەیری ئیخوان پێ هەڵچوون و تۆمەت بەخشینەوە وەڵامی ئەو تۆمەتەی عەقادی دابێتەوە رجاء النقاش بوو، کە ستایشیێکی زۆری وتارەکەش دەکات و لە وتارێکدا بەناونیشانی:

.

كلام العقاد عن يهودية مؤسس الإخوان.. غير منطقي

ئەو تۆمەتەی عەقاد ماقوڵ نییە و حیکمەت و لەسەرخۆیی و ئینسافی تێدا نییە، هەروەها بە مانای ئەوە دێ کە عەقاد خودی جووبوونی پێ تۆمەتە...ئەو هەڵانە هەمووی لایق نییە بە نووسەرێکی مەزنی وەک عەقاد.

من لەو بەرگرییە هیچ خاڵێکی بەهێز نابینم تیۆری جووبوونی حەسەن بەنا هەڵوەشێنێتەوە، هەر دەڵێ قسەکانی مەنتیقی نین و جوان نین! عەقاد جووبوونی پێ تۆمەت نەبوە، بەڵام خۆی چاک دەزانێ توراسی ئیسلام سەرتاسەری جوواتی پێ تۆمەت بوە و بە سەرچاوەی هەموو خراپەکاریەک و هەوڵی تێکدانی وڵاتی موسڵمانان دەزانرێن، ئەویش موخاتەبەی ئەو عەقڵیەتە دەکات، دەنا عەقاد بە قەد فەیلەسوفێک ئاسۆی فراوان بوو.

ئینجا ئەگەر جوو بەپێی قورئان و سوونەت، کاریان تێکدانی ئیسلام بێت و فیتنە نانەوە بێت لە نێوان موسڵماناندا، ئەوە حەسەن بەنا بە ئیمتیازەوە جوولەکە بووە!

# حەسەن بەنا و توندوتیژی
# حەسەن بەنا و هونەری مەرگ

حەسەن بەنا لە ساڵی ١٩٣٤ وتارێکی دەربارەی جیهاد و دۆزی فەڵەستین نووسی بە ناونیشانی: پیشەسازی مەرگ لەوپەڕی چالاکیەکانی ڕێکخراوی نهێنی چەکداری ئیخوان، دوایی هەمان وتاری سەرلەنوێ بڵاوکردەوە بە ناونیشانێکی سەیرتر بەناوی فن الموت واتە هونەری مەرگ!
ڕەچێتەی سیحری حەسەن بەنا بۆ سەرفرازی ئومەت بریتییە لە چاك شارەزابوون لە: پیشەسازی مەرگ!، یان هونەری مەرگ! هێندە بە زمانێکی عاتیفی باسی ئەو پیشەسازییەی مەرگ دەکات، دەڵێی باسی پیشەسازی تەکنۆلۆژیای پێشکەوتوو

دەكات لە پێناو پێشخستنی ئومەتی ئیسلامی. بەنا پێیوایە ئەو ئومەتەی لە پیشەسازی مەرگ باش وكارامە بێت، وبزانێت جۆن مەرگێكی شەرافەتمەندانە بمرێت، خودا ژیانێكی پڕ عزەتی پێدەبەخشێت لە دنیادا، ونازونیعمەتیكی بێبرانەوەش لە ڕۆژی دوییدا!

بەنا لەو وتارە دەڵێت:

"بەڵێ.. پیشەسازی مەرگ، چونكە مەرگ پیشەسازیەكە لە پیشەسازییەكان، خەڵكانێك هەن لێی دەزانن، دەزانن چۆن مردنێكی شكۆدار بمرن، مەیدانێكی شەرافەتمەندانە بۆ مەرگی خۆیان هەڵبژێرن، دڵۆپە خوێنێكی بە بەهاترین نرخ دەفرۆشێت، سەركەوتنێكی گەورەو وا بە دەست دەهێنێت كە لەسەرووی بۆچوونی خەڵكە، شادومانی جیهان و پاداشتی ئاخیرەت دەباتەوە..."

بەنا گاڵتە بەوانە دەكات كە كارامە نین لەو هونەرەی پیشەسازی مەرگە و بە ترسنۆك وبێ قیمەت وەسفیان دەكات! دەڵێ: " هەندێ خەڵكی زەلیل و ترسنۆك هەن، نهێنی ئەو پیشەسازییە نازانن، ئاگاداری، بێ ئاگان لە خەسڵەت و چاكەكانی، ئەوانە هەموو ڕۆژێك هەزار جار بە مەرگێكی زەلیلانە دەمرن، تا مەرگی گەورە بە زەلیلی دەیكوژێ، مەرگێك نە شكۆ ونە پایە بڵندی تێدا، لە مەیدانێكی بێ ئەرزشی خاوی تەمەڵ، دەمرێ وبێ ئەوەی نرخێكی هەبێ، خوێنی دەڕژێ بێ ئەوەی كەرامەتی هەبێ!"

بەنا دەڵێ قورئانی پیرۆز موسڵمانانی فێری نهێنی ئەو پیشەسازییە كردوە، ڕێنومایی كردوون بۆ چاكە و دەسكەوت و خەسڵەتە باشەكانی، لە سورەتگەلێكی زۆر، وەك قەولی خوای تەعالا: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا هَلْ أَدُلُّكُمْ عَلَى تِجَارَةٍ تُنجِيكُمْ مِنْ عَذَابٍ أَلِيمٍ (10) تُؤْمِنُونَ بِاللهِ وَرَسُولِهِ وَتُجَاهِدُونَ فِي سَبِيلِ اللهِ بِأَمْوَالِكُمْ وَأَنفُسِكُمْ ذَلِكُمْ خَيْرٌ لَكُمْ إِنْ كُنتُمْ تَعْلَمُونَ (11) يَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَيُدْخِلْكُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الأَنْهَارُ وَمَسَاكِنَ طَيِّبَةً فِي جَنَّاتِ عَدْنٍ ذَلِكَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ (12) وَأُخْرَى تُحِبُّونَهَا نَصْرٌ مِنَ اللهِ وَفَتْحٌ قَرِيبٌ وَبَشِّرْ الْمُؤْمِنِينَ (13)﴾ (الصف)، ( 10 )ئەی ئەو كەسانەی باوەڕتان هێناوە، دەستنیشانی بازرگانیەكتان بۆ بكەم، كە لە سزایەكی بە ئێش ڕزگارتان بكات؟!

( 11 )سەرەتا باوەڕهێنانتانە بە خواو پێغەمبەرەکەی، ئینجا هەوڵ و تێکۆشانتانە لەڕێگەی خوادا بە بەخشینی ماڵ و سامانتان، وە بەخشینی خۆتان، بێگومان ئەو کارەتان چاکتر و بەفەڕترە بۆتان ئەگەر بزانن و تێبگەن.
( 12 )ئەوسا خوا لە گوناهو هەڵەکانتان خۆش دەبێت و دەتانخاتە باخەکانی بەهەشتەوە لە چەندەها ڕوبار بەژێر درەختەکانیدا تێ دەپەڕێت، هەروەها کۆشک و تەلاری خۆش و ڕازاوە و پاك و خاوێن لە باخەکانی بەهەشتی عەدندا، بەڕاستی ئا ئەوەیە سەرکەوتن و سەرفرازی و دەستکەوتی گەورە.
( 13 )جا شتێکی تریش هەیە کە حەزی لێ دەکەن، ئەویش بەخشینی سەرکەوتنە لەلایەن خواوە و فەتحکردنێکی نزیکە، ئەو مژدەیەش بدە بە ئیمانداران.

هەروەها کە دەفەرموێت: ﴿إِنَّ اللّهَ اشْتَرَى مِنْ الْمُؤْمِنِينَ أَنفُسَهُمْ وَأَمْوَالَهُمْ بِأَنَّ لَهُمْ الْجَنَّةَ يُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِ اللّهِ فَيَقْتُلُونَ وَيُقْتَلُونَ وَعْدًا عَلَيْهِ حَقًّا فِي التَّوْرَاةِ وَالإِنجِيلِ وَالْقُرْآنِ﴾ )التوبة: من الآية 111 ..(إلى آيات كثيرة لا يحصيها عدٌّ ولا يتناولها حصر.

[ بەڕاستی خوا، گیان و ماڵی لە ئیمانداران کڕیوە بەوەی کە بەهەشت بۆ ئەوانەو بەشیانە، ئەوانە دەجەنگن لە پێناوی ئاینی خوادا، دوژمنانی ئاینی خوا دەکوژن، یان دەکوژرێن، ئەو پاداشت و بەڵێنە بەڕاستی لەسەر خوایە و باس کراوە لە تەورات و ئینجیل و قورئاندا]
هەورروەها دەڵێت:

پێغەمبەر و هاوەڵان و سەلەفی ئەو ئومەتە بەوەیان دەزانی...باش لەو پیشەسازیەیان دەزانی، ئەوەتە پێغەمبەر دەڵێ:
"لولا أن أشقَّ على أمتي ما قعدت خلف سرية، ولوددت أن أقتل في سبيل الله، ثم أحيا، ثم أقتل، ثم أحيا، ثم أقتل"

[ئەگەر قورسم نەکردبا لەسەر ئومەتەکەم، قەت دوانەدەکەوتم لە هیچ هێزێك، ئاواتم دەخواست بکوژرابام لە پێناو خوا، زیندووکرابامەوە، دیسان بکوژرابام و زیندووکرابامەوە، جارێکیتریش بکوژرابام] أخرجه البخاري

ئەو هەموو پێداهەڵدانە بە باڵای مەرگ وهونەری کوشتن و کوژران لە دەمی حەسەن بەنا دەردەچێت کە گوایە ئیمامێکی موعتەدیل و کۆمەڵێکی میانڕەوی دروست کردوە!

## ئیمامی پێشەوا حەسەن بەنا!!

بە ئاسودەیی بنوە پێشەوا پەیامەکەت گەیشت، ئومەتی ئێمە ئەمڕۆ لە خوا بەزیاد بێت لە پێشەنگی هەموو ئومەتانی ترە لە پیشەسازی مەرگ، بەڵکو ئومەت لە مەرگ زیاتر پیشەسازیتر نازانێت! بەجۆرێك بەرهەمی زیاترە لە پێویستی ناوخۆیی، وباقیەکەی دەنێردرێتە دەرەوەش! ئومەت پێیوایە شەرافەتمەندترین مەرگ دەمرێت کاتی دزێوترین مەرگ، کە بەبیری ئەهریمەنیش گوزەر ناکات، دەبەخشێتە ئەوانیتر. بەڵام گەورەم هەرچەندە ئومەت لە ترۆپکی کارامەیی دایە لە پیشەسازی مەرگ، هێشتا لە ژیانێکی پر کۆڵەوەری وکۆڵەمەرگی، خراپتر لە پێش فێربوونی پیشەسازی مەرگ دەژیت! کێشەکە لە کوێ دایە گەورەم؟! بڵێی پێویستیان بە هەوڵ وکۆششی زیاتر هەبێت بۆ کارامەیی بوونی زیاتر لە پیشەسازی یان هونەری مەرگ، لەوانەیە!!!

ئەوە تێڕوانینە مەرگاوییە لە گۆشەنیگای ناودارترین زانای ئیسلامی هاوچەرخ دەردەچێت، کە دامەزرێنەری ئیسلامی سیاسی هاوچەرخە. چۆن چاوەڕوانی لێ دەکرێت بەهای میانڕەوی بڵاوبکاتەوە؟![1]

[1] سەرچاوەی وتار: https://www.ikhwanwiki.com/index.php?title=%D8%B5%D9%86%D8%A7%D8%B9%D8%A9_%D8%A7%D9%84%D9%85%D9%88%D8%AA

## ئایە حەسەن بەنا
## بوە قوربانی توندوتیژی جەماعەتی خۆی؟!

وەك چۆن لە فکری ئیخوانیدا جیهاد پلە پلەیە لە جیهادی نەفس بۆ وشە بۆ قەڵەم بۆ شمشێر بەرزدەبێتەوە، توندوتیژیش لایان پلە پلەیە ڕیزبەندیەکەی لە توندوتیژی دەروونیەوە دەست پێدەکات بۆ ڕەفتار و بۆ گوفتار و بۆ جەستەیی..
حەسەن بەنا لە ڕووی تیۆری و پراکتیکیەوە دامەزرێنەری توندوتیژی ئیسلامی سیاسیە، هەرچەندە وا ناسراوە کە بانگەشەی بۆ ئاشتیخوازانەی گەیاندنی پەیامەکەی کردوە، دەکرێت زۆر بیرۆکەی توند وتەکفیری لەنێو نووسینەکانی بدۆزیتەوە و بە تایبەتی (رسالة التعاليم) .
ئینجا گەشەسەندنی سروشتی ئەو بیروڕایە توندانە، حەتمەن بەرەو ئەو توندوتیژیە دەچێت، و ئەو هەموو لق و پۆپە توندوتیژەی لێ دەکەوێتەوە: سەید قوتب و بیرە توندڕەوەکانی، تەکفیر وهیجرە، و جەماعەتی جیهاد، تا دەگات بە قاعیدە و داعش، چونکە بۆ هەموو لایەك زانراوە کە ئیخوان دایکی هەقیقی هەموو لق وپۆپەکانی ئیسلامی سیاسییە.
ئەو رسالەیە (رسالة التعاليم) ئاڕاستەی هەموو ئەندامانی ئیخوان نەکرا بوو، بەڵکو وەك لە سەرەتای رسالەکەدا دەڵێت:"ئەوە پەیامی منە بۆئیخوانە موجاهیدەکان لە نێو الاخوان المسلمين، ئەوانەی باوەڕیان بە بەرزی دەعوەکەیان وقودسیەتی بیرو وفیکرەکەیان هەیە، وعەزیمەتیان کردوە پێیەوە بژین ولە پێناویدا بمرن، ئەو وتەیە

کورتە تەنها ئاراستەی ئەوانە دەکەم . ئەو وشانەش وانە نین بۆ لەبەرکردن، بەڵکو فەرمان وتەعلیماتن بۆ جێبەجێ کردن."

ئەوە توندوتیژی بەرهەم دەهێنێت کاتێ لە تەعلیمی ژمارە ١٦، حەسەن بەنا داوای دابڕانی ئیخوانەکان دەکات لە وەزیفەی حکومی " بە پەرۆش مەبن بۆ وەزیفەی حکومی، و بە تەسکترین دەرگای ڕزق بزانیت، و ڕەتیشی نەکەیەوە ئەگەر بۆت هەڵکەوت، و وازیشی لێ نەهێنی تەنها ئەگەر هاڤدژی کرد لەگەڵ ئەرکەکانی دەعوەدا "!!

لە تەعلیمی ٢١ داوا دەکات " خزمەتی سامانی ئیسلامی گشتی بکرێت بە هاندانی بەرهەم ودامەزراوە ئیسلامیەکان وتاپێت بکرێت نەهێڵی هەتا قرشێکیش بکەوێتەدەستێکی نا ئیسلام" ل ١١

ئەوەش لەناو وڵاتێکی فرە ئاییندا کێشەیەکی زۆر دروست دەکات. ئینجا چی دەکرێت ئەگەر موسڵمان پێویستی بە بەرهەمی نا ئیسلامی گرنگ هەبوو؟! لە لەندەن کەسانێکم دیتوە شتومەك تەنها لە دوکانی شیعەکان یان سونەکان دەکڕن!

لە تەعلیمی ٢٥ بە حەرفی داوا دەکات: " موقاتەعەی دادگا ئەهلیەکان وهەر قەزایەکی نا ئیسلامی بکەیت، وهەروەها موقاتەعەی یانە ورۆژنامە وکۆمەڵە وقوتابخانەکان و هەیئاتەکان بکەیت کە بەرهەڵستی بیرۆکەی ئیسلامی تۆ دەکەن" کە ئەوەیان هەرە ترسناکترینی تەعالیمەکانە توندوتیژی بیر ودەروونی لێدەکەوێتەوە، و بە مانای موقاتەعەی دەوڵەتی نوێ ودەسەلاتی دادگایی دێت ، و بە مانای بایکۆتی هەموو دەزگا نوێکانی دەوڵەت و کۆمەڵ دێتەوە. (ل ١٢)

ئەوەش توندوتیژیە کاتێ لە تەعلیمی ژمارە ٣٠ دا دەڵێت: " هەردەم نیەتی جیهاد و حەزی شەهیدبوونت هەبێت، و بۆیان ئامادە بیت تا لە تواناتدا بێت "

لە تەعلیمێکی تری ترسناکدا ژمارە ٣٥ دا هاتوە:"ان تحارب اماكن اللهو فضلا عن ان تقربها] "جەنگگێران لە دژی شوێنی کات بەسەربردن، نەك لیی نزیک کەویەوە [ لێرەدا چەمکی شوێنەکانی کات بەسەربردن و ڕابواردن دیاری نەکردوە، چونکە بابەتەکە ڕێژەییە، کەسانێکی توندوتیژ هەن هەتا شانۆ و چایخانەکانیش بە اماكن اللهو دەزانن! ئینجا جۆری موحارەبە کردنەکەشی دیار نەکردوە ئایە بە

تەقاندنەوەی دەکرێت، یان بە شکاندنی کەل وپەلەکانیدا؟! واتە حەسەن بەنای مورشید کاری لێکدانەوەی بۆ خودی (موجاهیدەکان) جێهێشتوە!
لە دوا تەعلیمدا ژمارە ٣٨ دەڵێت: "... دەبێت خۆت بە سەربازێك بزانیت لە سوکنەی عەسکەری کە چاوەڕوانی فەرمان دەکات"
ئەوە بەرهەم هێنانی توندوتیژیە، لە جیاتی دروستکردنی هەستی وریایی و ڕەخنەیی لای ئەندامانت، بیانکەیتە سەربازێکی ڕۆبۆتی، گوێ لە مستی هەموو سات وکاتێك!
و بەپێی تەعلیمی ژمارە ٣٠ ش " هەردەم نیەتی جیهاد و حەزی شەهیدبوونت هەبێت" لێرەدا دەبێت چاوەڕوانی هەموو توندوتیژیەك بیت، لە جێبەجێکردنی هەر فەرمانێکی توندوتیژ!

-ئایە حەسەن بەنا بوە قوربانی توندوتیژی جەماعەتەکەی خۆی؟!
بەری ئەو تەعالیمانە، ئەو ڕێکخراوە تایبەتە بوو، کە بەنا دروستی کرد لە ١٩٤٠ یان ١٩٣٦ ، کە توندوتیژیەکی زۆری بە دەوری خۆیدا بڵاوکردەوە، بۆ خەڵکانی نا ئیخوان وهەتا بۆ ئیخوانیەکانیش، و هەتا گومانێکی نزیك لە یەقین هەیە، کە حەسەن بەنا خۆشی کوژراوی دەستی ئەو ڕێکخراوە تایبەتە بوو بێت!
هەموو کەسێکی شارەزا بە مێژووی ئیخوان، و خودی ئیخوانەکانیش، باسی ڕۆڵی ترسناکی ڕێکخراوی تایبەت یان کردوە، کە حەسەن بەنا دروستی کرد بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئینگلیز، بەڵام هەر زوو خرایە خزمەتی حزبەکەی بە بیانووی پاراستنی دەعوەکەی !
سەرەڕای کوشتنی چەندین کەسایەتی گەورەی سیاسی وەک خازندار و محمود فهمی نەقراشی سەرۆك وەزیران، لە کۆتاییدا توندوتیژی ئەو دەزگایە کەوتە ناو ڕیزی خودی ئیخوان، ڕووداوی کوشتنی سید فایز، کە حەسەن بەنا لە دژی عبدالرحمن السندی کردیە سەرۆکی ڕێکخراوی تایبەت. سندی قوتوێك شیرینی بۆمبڕێژکراوی بۆ سید فایز نارد و کە کردیەوە کوشتی! سندی بکوژی فایز بوو بە شایەدی دەیان پیاوی ناوداری ئیخوان. سندی هێندە بەو هەموو موجاهید وفیدائیانە و چەکەکانی بوغرا ببوو، زۆر کەس دەڵێن پاش فشاری دەوڵەت وهەوڵی بەنا بۆ خۆ ڕزگارکردن لە بەرپرسیارەتی ڕەشکوژەکانیان، لە بەیاننامە ناوبانگەکەی گووتی: ئەو بکوژانە نە ئیخوانن نە موسڵمان! عبدالرحمن السندي خۆی حەسەن بەنای کوشت.

تازە بەو چەند ساڵەی دوایی ئەو گەواهیانە دەردەکەوێت پاش ئەوەی ٦٠ ساڵ تاوانەکەیان خستە ملی شا فاروق!

تاقە کوڕی حەسەن بەنا، احمد سیف الاسلام ڕەتی دەکاتەوە کە شا فاروق بەنای باوکی کوشتبێت، و گووتی بە دەستی پلانێکی نێودەوڵەتی بە هاوکاری ناوەوە کوژراوە، و بکوژەکان باش دەناسێت و بەڵگەی هەیە لەسەریان، و لە کتێبەکدا ئاشکرای دەکات، سەرەڕای ئەوەی باسی ئەوەی نەکرد کە بۆ ٦٠ ساڵە بێ دەنگ بووە لەسەر کوشتنی باوکی، کەچی تا وەفاتیشی کرد لە فیبرایەری ٢٠١٦ هەر ئەو کەسانەی ئاشکرا نەکرد، هەرچەندە لە ٢٠٠٩ وە ئەو قسانەی کرد بۆ ( جریدة الشروق الجدید)! بەڕاستی سەیرن ئەو پەروەردەکراوانەی ئیخوان! وەرە باوکت بکوژن، شەست ساڵ تێپەڕێت تازە بڵێیت شا فاروق نەیکوشتوە، و دەزانم کێ کوشتیەتی، هێشتا نەوێریت ئەو نهێنیە ئاشکرا بکەیت! جا لە سروشتی ترسنۆکانە بێت یان لەبەر بەرژەوەندی دەعوە بێت! دواجار کۆچی دوایشی کرد هەر نەیدرکاند. ئەو بێ جورئەتیە وراڕایی و نهێنی پاراستنە بێ مانایە سیفەتێکی دیاری زۆربەی کەسایەتیە ئیخوانیەکانە.

هەروەها ئەندامی باڵای ڕێکخستنی نهێنی نجیب راغب یش کە ئەندامێکی باڵای ڕێکخراوی تایبەت بوو، و نزیکی بەنا بوو لە گفتوگۆیەك لەگەڵ العربیة نت، دانی بەوەدا هێنا کە هەرگیز فاروق دەستی لە کوشتنی بەنا نەبووە، وبە ئاشکرا ئاماژەی بۆ بەرپرسیارەتی ڕێکخراوی تایبەت کرد...

کەوابوو وەك دەڵێن ئاگر خۆی دەخواتەوە، ئەگەرێکی زۆر بەهێزە کە بەنا خۆی بووە قوربانی ئەو توندوتیژیەی کە خۆی دامەزرێنەری بوو! محمد غەزالی دەڵێت بەنا لە کۆتاییەکانی تەمەنی زۆر پەشیمانی دایگرتبوو لە دروستکردنی ڕێکخراوی تایبەت و تێکەڵکردنی دین بە سیاسەت!

من لەو باوەڕەدام کە حەسەن بەنا نەیدەزانی دروستکردنی ڕێکخراوی تایبەت و تێکەڵکردنی دین بە سیاسەت ئەو دەرەنجامە کارەساتبارانەی لێدەکەوێتەوە، لەو باوەڕەشم کە ئەگەر تەمەن بواری دابا زۆر شتی ڕاست دەکردەوە، کە شوێن کەوتوانی ناوێرن خۆیان لە قەرەشی بدەن، لە ترسی تۆمەتی لادان لە ڕێگای بەنا!

## حەسەن بەنا و پەردەپۆشی فەزایحەکانی!
## سیاسەتی مێژوویی حەسەن بەنا و
## ئیخوان بۆ سەتر کردنی فەزایحەکان!

من تێناگەم کە تۆ بڕیار دەدەیت بێتە ناو سیاسەت بۆ هەوڵنادەیت لە سیاسەت تێبگەیت؟! چۆن دەکرێت بە عەقڵیەتی الاحکام السلطانیة بێیتە ناو سیاسەت؟ وەك هەمیشە ئیخوان و یەکگرتوو و کۆمەڵ و باقی ئیسلامییەکان هێشتا تێناگەن لە جیاوازی نێوان ئەخلاقیاتە فەردییەکان و ڕێکارە ڕەوشتییە گشتیەکان، لە هەمووش سەیرتر خۆیان خستۆتە ناو گۆڕەپانی سیاسەتەوە، بە چەمکگەلێکی کۆن و تەقلیدی دەیانەوێت سیاسەت بکەن !

زۆر چەمك و ڕەوشتی دینی هەیە بۆ سنوورێکی تاکی تەسک گونجاوە و لەوانەیە سوودی بۆ ئەو بوارە تەسکە شەخسیە هەبێت، بەڵام بۆ فەزای گشتی نەك سوودی نییە، بەڵکو کارەساتیشە بۆ خۆیان و بۆ جەماوەریش بە گشتی.
سەیر لەوەدایە ئەو برادەرانەی ئیخوان، لەسەر ئاستی سەرکردەکانیشیان، تۆزقاڵێک سوود لە هەڵە مێژووییەکانیانیش وەرناگرن، بە تایبەتی ئەگەر ئەو هەڵەیە حەسەن بەنای پێشەوا کردبێتی!
ئەوەی کە ڕوویدا لە پێشلکاری یاسا و پرنسیپی ڕەوشتی وئەکادیمی، ئینجا ئیسلامی لەلایەن شێخ عەبدللەتیفی سەلەفی، لەو هەموو مامۆستایە ئیخوانە یەکگرتووەی لەو پەیمانگایە کاردەکەن، و ئاگاداری ورد و درشتی ڕوداوەکە بوون، هەتا ئاگادارم کە چواریان، ناوەکانیشیان دەزانم بەڵگەی دەنگی و ڤیدیۆیشیان لا بوو، ئەگەر تەنها یەکێکیان خاوەنی دیدێکی سەردەمیانە بان بۆ سیاسەت و جەماوەر و ڕێزی یاسا، هەرگیز وا بێ هەڵوێست و ترسنۆکانە ڕەفتاریان نەدەکرد. یەکێکیان لەوانە سوڵحیشیان بۆ عەبدللەتیف کردوە!
ئەو تێنەگەیشتنەیە لە سیاسەت، کاتێ سەرکردەکانی ئیخوان و یەکگرتوو لە ئەمسالی عەلی قەرەداغی و سەلاحەدین بەهائەدین و سەید ئەحمەد ئەو هەموو پشتگیریەی لە ئەردۆگانی گەورە دوژمنی کورد دەکەن، کەسێکیانم نەدیت لە ڕێزی یەکەم و دووەم و سێیەمیش دەنگ هەڵبڕێت، ڕەخنە بگرێت، دەست لەکار بکێشێتەوە.
کاتی خۆی کە ڕەخنەیەکم گرت لە ڕابەرێکی ناوداری حزبێکی ئیسلامی، داکۆکیکەرێك بۆی نووسیبووم: " مامۆستا شتی بۆ تۆ نەنوسیوە، تۆش ئەندامی حزبەکەی ئێمە نیت ورۆژێک لە رۆژان لەگەل ئێمە کارت نەکردووە! ئێمەش ئەندامانی ....ڕەخنەی تۆمان قبوڵ نییە...وبە نوێنەرایەتی ووەکیلایەتی ئێمە قسە مەکە..." چەند کەسێکی تریش پێیان گوتم دەبوایە ئەو ڕەخنانە بە نهێنی بە ئەمیرت وتبا لە ڕێگای ئیمێل یان نامەیەک، چونکە شەرع بەو شێوەیە ڕێگامان پێ نادات ئامۆژگاریی هیچ کەسێک بکەین "
منیش گووتم :ئەگەر سەرکردەکەتان نوسینەکانی بەس بۆ حزبەکەی بنووسێ، ئەی بۆ ئەو کتێبانەی تەنها لە نێو بارەگاکانی خۆتان بڵاوناکەنەوە، ولەسەریان نانوسن (للتداول الحزبی فقط)؟ تا ئێمەی غەیرە وەڵامی نەدەینەوە.

جارێ ئەو شێوازەی نهێنی ڕەخنە کە باسی دەکەن، هیچ پەیوەندی بە شەرعەوە نیە، نازانم لە ئەخبارە توراسیەکان وئەدەبیاتی ئیستبدادی زیاتر، کەی شەرع باسی وایکردوە، ئەی خۆتان ناڵێم ئافرەتێک لەسەر مینبەر ڕەخنەی لە عومەری کوڕی خەتاب گرت؟!

من بڕوام بەو شێوازە تەقلیدی ونهێنییەی ڕەخنە نییە، چونکە دەمێکە بێ هودەیی خۆی ئیسپات کردووە، ئەوەی ئاگاداریشم ئەوەیە دەیان جار سەرکردە و ئەمیرەکان و کادیرەکان بە نهێنی ئامۆژگاری کراون بەڵام سوودێکی وای نەبووە، پێویستە هەموو کۆمەڵگاکەمان فێری ڕەخنە گرتن بکەین. ئەو کۆمەڵگا بەهێزانەی ڕۆژئاوا بە ڕەخنەی ئاشکراو چاونەترسی لە ڕەخنگرتنەوە وایان کردووە وەزیرەکان وسەرۆک وەزیران و سەرۆکیش لە ترسی جەماوەرە زیندوو و هوشیار بکەونە لەرزە!!

یەكگرتووش وەك هەر كۆمەڵێكیتری ئیسلامی ناحاڵی لە سیاسەت، لەسەر ئاستی سەرکردایەتیەوە تاوتوێی ئەو بابەتەی شێخ عەبدللەتیفی سەلەفیان کرد، و بڕیاری داپۆشین و چەواشەکردنی خەڵکیان دا، لە پەنای چەمکێکی دینی تەسك کە پیی دەڵین سەتر!

چەند کەسێکی کەم لە یەکگرتوو و ئیسلامیەکانیش هەڵوێستیان هەبوو، بەڵام لە ژێر فشاری حزبەکەیان بێ دەنگیان کردون و وازیان پێ لێ هێناون.

من دەمێکە ئەو ڕاڕاییە و بێ هەڵوێستیە و تێنەگەیشتن لە ئەبجەدیاتی سیاسەت کردنەی ئیخوان تێدەگەم، بۆیەش هیچ لام سەیر نەبوو کە زۆربەی مامۆستاکانی پەیمانگاکەی عەبدللەتیف ئیخوانی ویەکگرتوون، هەموو زانیاریەکیشیان پێیە بە بەڵگەی زۆرەوەش، کەچی وا پەردەپۆشیان کرد بۆی!

هەروەها تووشی شۆك نەهاتم کە دکتۆر محەمەد ئەحمەد یاریدەدەری ئەمینداری گشتی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لە ڕوونکردنەوەیەکدا بڵێت "نەمویست لەوبارەیەوە هیچ بڵیم بەڵام زۆر زیاد لەقەبارەی خۆی تیشك خستنەسەر ئەو پرسە لەلایەن دەزگاکانی ڕاگەیاندن و سۆشیال میدیاوە ناچاری کردم."

یانی تەنها لەبەر فشاری سۆشیال میدیا هاتۆتە سەرخەت، دەنا هەر باسیش نەبووە لای ئەندامانی یەکگرتوو و سەرکرادیەکەش! باشە ئەگەر پرسێکی دینی و ڕەوشتی پەیوەندی بە ئێوە نەبێت، لە سیاسەتیش هێشتا گاگۆڵە بکەن، ئەی کاری ئێوە چییە؟

یاریدەدەری ئەمینداری گشتی یەکگرتوو بۆ ئەندامانی حزبەکەی ئەوەی خستووەتەڕوو کە "واباشە ئەندامان و دۆستانی ئێمە نەبنە بڵندگۆی بڵاوەپێکردنی و گشتاندن، چونکە ئەسڵ (ستر)ە لەم جۆرە ئاریشانەدا."
جەختیشی لەوە کردووەتەوە کە "نابێت ڕێگا بدرێت بە خراپ بەکارهێنانی بۆ دژایەتیکردنی ئیسلام و تەواوی ئیسلامییەکان و ناشیرینکردنی هەموو باوەڕدارانی پابەند[2]."
یانی ئەگەر کەسێکی ڕیزی یەکەم و کەسی پلە یەکی ڕەوتێك کە کۆڵەگەی دینی دەسەڵاتی سیاسیە، و خاوەن پرۆژەیەکی سەلەفی مەدخەلی ترسناك، کە هەموو مەلا وبانگخوازانی یەکگرتوو وکۆمەڵەشی پێ موبتەدیع و گومڕا بێت، بێت خیانەت بکات لە پەیامە دینی و کۆمەڵایەتی و ئەکادیمیەکەی، هێشتا " ئەسڵ (ستر)ە لەم جۆرە ئاریشانەدا"؟! ئەی ئەوە خیانەت نییە یارمەتی کەسێك بدەیت شوێن وپایەی بەکاردەهێنێت بۆ ماڵوێرانکردنی گەنجێك کە لە مناڵەکانی خۆی کەم تەمنترە؟! ئەی ئەوە ترسناك نییە ژنێك لە مێردەکەی هەلگێڕیتەوە بە بیانووی ئەوەی مێردەکەی مادام نوێژ ناکات، کەوابوو جائیز نییە لەهگەڵی بمێنێتەوە؟!
سەرەڕای نەشارەزایی ئیخوان لە سیاسەتکردن بچوک کردنەوەی چەمکی ڕەخنە بۆ غەیبەت، و پێویستی کەشف بۆ سەتر، مێژووی ئیخوانیش هەروای فێرکردوون.

[2] http://www.snurmedia.com/all-details.aspx?jimare=12934

## زاوا ڕاسپۆتینەکەی حەسەن بەنا عبدالحکیم عابدین

عبدالحکیم عابدین گەنجێك بوو چالاك لەناو ئیخواندا، زۆر نزیکبوەوە لە حەسەن بەنا تا بوە زاوای، مێردی خوشکی. ئەو پیاوە خاوەنی بیرۆکەی سیستمی سەردانی خێزانی بوو لەناو ئیخواندا، بۆ پتەوکردنی پەیوەندی ئەندامانی ئیخوان. پاش ماوەیەك چەندین شکایەت وسکاڵا گەیشتە ئۆفیسی مورشیدی ئیخوان حەسەن بەنا، سەبارەت بە داوێن پیسی وبێ ڕەوشتی عبدالحکیم عابدین، کە بەردەوام سەردانی ئەو ژنانەی ئیخوانی دەکرد کە مێردەکانیان لە زیندان بوون!

بۆ ئەو مەبەستە لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە دروست بوو بە سەرۆکایەتی احمد السکري کە بە دامەزرێنەری هەقیقی ئیخوان دادەنرێت لە ساڵی ١٩٢٠، خۆی بەنای پێگەیاند، و بە پێشە خۆشی دادا! ئەو لیژنەیە گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە

عبدالحکیم عابدین چەندین داوێم پیسی وای کردوە لەگەڵ خێزانەکانی ئیخوانەکان، و دانیشی پێ ناوە، وەک منداڵ دەگرییێت و خۆی لەسەر زەوی دەگەوزێنێ، داوای لێبوردن دەکات!

لە نووسراوی لیژنەکە هاتبوو: [ لیژنەکە قەناعەتی تەواوی هەیە کە عبدالحکیم عابدین –تاوانبارە-. بەتایبەتی ئەگەر دانپێداهێنانی خۆی بۆ هەندێ ئەندامانی لیژنەشی بخەینە سەر بەڵگەکانیتر. ئەو تاوانەش وەك سەرکردەیەکی دەعوەکە، زۆر گەورەیە دەرهەق بە دەعوە و هەقی ئەو کەسانە برینداری کردوون لە عیرز وناموسیان، بۆیە وا پێویست دەکات قورترین سزا بدرێت، بۆیە لیژنەکە بە کۆی دەنگ دوای فەسڵکردنی بەڕێز عبدالحکیم عابدین دەکات لە ئەندامێتی جەماعەت. و بڵاوکردنەوەی ئەو بڕیارەش، و کارکردن بۆ سارێژکردنی زامەکان، لە ٥ صفر ١٣٦٥ – ١٩٤٦/١/٩

ئیمزای ئەندامانی لیژنە:

– (1)أحمد السكرى ، (2) – صالح عشماوى ، (3) – حسين بدر ، (4) – الدكتور إبراهيم حسن ، (5) – حسين عبدالرازق. (6)أمين إسماعيل[.

حەسەن بەنا سەرەڕای بڕیاری لیژنە و ئەو ئەندامە باڵایانەی ئیخوان، کە یەکێکیان وەك ئەحمەد السکری لە ١٤ ساڵیدا حەسەن بەنای پێگەیاند ویارمەتیدا و هێنایە ناو ڕێکخراوەکەی خۆی، بە گوێی ڕاسپاردەی لیژنەکەی نەکرد، و مامۆستای خۆی احمد السکری و هەموو ئەندامەکنایتری لیژنەشی فەسڵ کرد، لە پێناو پەردەپۆشکردنی زاواکەی عبدالحکیم عابدین!

هەتا شێخ محمد الغزالي و خالد محمد خالد یشی فەسڵ کرد لەبەر ئەوەی ڕەخنەیان لە زاوای گرتبوو!

کەوابوو یەکگرتوو لە ڕێگای ڤایرۆسی مێژوویی ئیخوانەوە ڕەفتاری پەردەپۆشکردنی فەزیحەت و داوێن پیسی و خیانەتیان وەك بۆماوە لە حەسەن بەناوە بۆ ماوەتەوە. هەر ئەو بێ باکی وتەسەیوبەیە، کە ئەندامانی باڵای یەکگرتوو و مەلای ناوداریان دەیان فەزائیحی ڕەوشتییان لێ ڕوو دەدات، و بۆیانیشیان پەردەپۆش دەکەن، بەناوی سیاسەتی سەتر کردن!

لێیان ناگیرێت کە وا بە دڵسۆزی خیانەت و داوێنپیسی شێخی مەدخەلیەتیان داپۆشی، چونکە خۆیان پاشەڵیان پیسە، من ناوی چەندین ناوی زل و ناوداریانم پێیە لە یەکگرتوو کە دووچاری ئەو جۆرە سکاندالە هەرزەکارانە هاتوون، خۆزگە بەڵگەکانم بەدەست دەگەیشتن، تا فێری سیاسەتی ئەنتی سەتریان کەین، و فێری ئەوەیان بکەین سیاسەتکردن بەو چەمکە تەقلیدیانەی غەیبەت و سەتر و قسە قۆرانە ناکرێت! خەڵك چۆن دەتوانێت متمانە بداتە هێزێکی سەتربازی وەك ئەو ئیسلامیانە، بەیانی تاوان و گەندەڵی و دزیش بکەن بۆیان سەتر دەکەن!
الی هنا

## حەسەن بەنا و شەخسپەرستی

هەموو ورد ودرشتی کارەکانی جەمەعاتی ئیخوانی لەژێر دەست وچاودێری حەسەن بەنا خۆیدا بەڕێوە دەچوو. لە زمانی محمود عساف لە یاداشتنامەکەی دەگێڕێتەوە کە بەنا بەرلەوەی کەسێك بکاتە یاریدەدەری خۆی لە ناو ئیخواندا تاقی دەکردەوە، ویەکێك لەو تاقیکردنەوانە ئاماژە بۆ جۆری بیرکردنەوەی فەردیەتی بەنا دەکات، کاتێ لەو کەسەی دەپرسی: " ئەگەر کودەتایەك لە ناو ئیخوان دا کرا و حەسەن بەنا دورخرایەوە، ئایا هەر لە ئیخوان کاردەکەیت؟" ... وەڵامی محمود عساف بەو شێوەیە بوو: " بانگەوازی ئیخوان موسلمین بەبێ حەسەن بەنا دەبێتە شتێکی تری جیاواز لە بانگەوازی ئیخوان کە فێری بووین وتێیگەیشتین ولەسەری پەروەردە بووین" ئەو وەڵامە هەرچەندە ئاشکرایە لەسەر حەزی بەنا بنیاتنراوە کەچی حەسەن بەنا هەردڵی ئاوی نەخواردەوە وبە عسافی گووت:" بڕوانە محمود، ئیمان بە ئیسلام لەسەر دوو شایەتمانی بەندە: (لا اله الا الله وان محمدا رسول الله) ئەگەر یەکێك باوەڕی بە (لا اله الا الله) هێناو باوەڕی بە (محمد رسول الله) نەهێنا ئەو کەسە

وەك ئەهلی کیتابی لێدێت کە تەنها باوەڕیان بە خودایە ودان بە پێغەمبەرایەتی محمد ناهێنن "

کەوابوو ئەوەی لەسەر ئیسلام وپێغەمبەر جێبەجێ دەبێت، لەسەر ئیخوان و حەسەن بەناش جێبەجێ دەبێت، ئەو لۆژیکە، لۆژیکی یەکسان کردنی فیکرە وخاوەنی فیکرەیە، کەوابوو ناکرێ ئیخوان بیت وباوەڕت بە حەسەن بەنا نەبێت. بۆیە بەنا بە ڕاشکاوی لەو بارەیەوە دەڵێت: "پێویستە باوەڕ بە فیکرە وخاوەنەکەی پێکەوە بکەین، ئێمە جەمعیەتێك یان پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی نین. ئەگەر وابواین هیچ گرنگیەك بۆ سەرکردە وپێشەوا نییە، دەکرێت هەر تاکێکی جەمعیەتەکە بێتە سەرۆك. بەڵام چونکە ئێمە بانگەوازین پێویستە باوەڕمان پێی هەبێت وهەنگاو بنێین لەسەر ڕێبازی خاوەن بانگەوازەکە، وکاربکەین بۆ جێبەجێکردنی بیرۆکەکانی تا سودیان لێوەرگرین بە ڕەزامەندیەوە" مع الامام الشهيد حسن البنا، محمود عساف. ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە لە زۆر دەقیتری پیاوانی ئیخوان و حەسەن بەنا ڕەنگدەداتەوە تا ئاستی خۆ بە بچووك زانین!

وادیارە بۆیە حەسەن بەنا تا ئەو ڕادەیە دژی حزب وحزبیەت بوو، چونکە حزبی هەقیقی سەرۆکێکی هەیە وهەڵدەبژێردرێت بۆ ماوەیەکی سنوردار، بۆی هەیە هەڵبژێردرێتەوە یان نا، بۆی هەیە ئەندامانی تر جیاواز بن لەگەڵیدا، بەڵام کاتێك مەسەلەکە دەبێتە (دەعوە وداعیە) ئەوە هەر جیاوازییەك لەگەڵیدا خۆی لەقەرەی کوفر دەدات ئەگەر خودی کوفر نەبێت، چونکە دەعوە بێ داعیە نابێت وبەڵکو داعیە (بانگخواز) بەرجەستەکەری دەعوە، کە ئەو چەمکەش زیاتر لە فیقە وفیکری شیعەگەرێتیەوە نزیکە ولە ڕووی ئایدیۆلۆژیەوەش نزیکە بەو بیرۆکە سۆڤیەتیەی کە دەیوت"باوەڕ بە پێشەوایەتی ستالین یەکسانە بە باوەڕ بە تیۆری مارکسیسزم"

ئەو جۆرە پەروەردەیە لەسەر تەقدیسی زاتی خۆی، وای لە یەکێك لە دەست وپێوەندە نزیکەکانی حەسەن بەنا بەناوی احمد عادل کامل کرد، بە شێوازی ئەدەبیاتی سیرەی پێغەمبەر وەسفی بەنا بکات بەو جۆرە: " لم يكن رضى الله عنه

بالطويل ولا بالقصير وان كان الى القصر اقرب. ولم يكن بالرفيع ولا بالسمين وان كان ممتلئا ربما، ولم يكن ابيض ناصع البياض ولا اسمر بين السمره، ولكنه كان سواء بين ذلك" [ڕەزای خوای لێبێت نە درێژ بوو و نە کورت، هەرچەندە بۆ کورتی نزیکتر بوو. نە لاواز بوو نە قەڵەو هەرچەندە گۆشتن و پڕ بوو! نە زۆر سپی بوو نە دەتوانی بڵێیت ئەسمەریش بوو، بەڵکو لە نێوانیاندا بوو]

ئەو سەرسامە هێندە خۆی لا بچوك دەبێتەوە بەرامبەر ئەو مەزنایەتیەی پێشەوا تا دەگاتە دان هێنان بە زەئالەت وبچوکی خۆی: "يصغر الواحد منا في نفسه كثيرا ويحس انه لا شئ امام عملاق ضخم صنعه الله على عينه واصطنعه لدعوته، فلا يجد احدنا حرجا ولا غضاضه ان يقر انه في حاجه الى هذا الرجل ليرشده" [حەسەن بەنا هیچ شتێکی نائاسایی تێدا نەبوو..بەڵام بە دڵنیایەوە نهێنیەکی نائاسایی تێدا بوو ئاسان نەبوو بزانیت چییە...هەر یەکێك لە ئێمە لە دەروونی خۆیدا زۆر بچووك دەبوەوە وهەستی دەکرد هیچ نیە بەرامبەر ئەو عملاقە زەبەلاحەی کە خوا بەخۆی دروستی کردبوو بە بایەخی خۆی بۆ دەعوەتەکەی، هیچ کەسێك لە ئێمە پێی شەرم نیە دان بنێت بە پێویستی بەو پیاوە بۆ ئەوەی ڕێنیشاندەری بکات].

قەڕەزاوی لە دەقێکی دوور و درێژ باسی موجەدیدەکانی ئیسلام دەکات وەک عمر بن عبدالعزيز، و نور الدين محمود و صلاح الدين الايوبي، و ئیمام ابو حامد الغزالي، و عبدالقادر الجيلاني، و ابن تيمية. ئینجا حەسەن بەنا دەختە ڕیزی ئەوانە ودەڵێت میسر و جیهانی عەرەبی و ئیسلامی پێویستی بە پیاوێکی بیر تیژ و هەستیار و ئیماندارێکی بەهێز و ویستێکی پۆڵایین بوو، هەست بە دەرد وئازارەکانی ئومەت بکات، و بتوانێت دەردەکانی دیاری بکات و دەرمانی بۆ دابنێت و ئارام بگرێت لەسەر بەدواداچوونی چاکبوونەوەی، تا جاك دەبێتەوە ودێتە سەرپێ، و تا دەگاتە قۆناغی هێز...ئەو پیاوەی کە دەمانەوێت بەو سیفەتانەوە یان سەرکردەی چاوەڕوانکراو، حەسەن بەنا بوو[3]!"

---

[3] الإخوان المسلمون: 70 عاماً في الدعوة والتربية والجهاد». مكتبة وهبة بالقاهرة 1999.

لە کتێبی [حسن البنا بأقلام تلامذته ومعاصريه، لجابر رزق ] هاتووە
سەعید حەوا پێی وایە حەسەن بەنا گەیشبووە قۆناغی ئیجتیهاد، هەموو مەرجەکانی تێدا بووا هەروەها دەڵێت ئومەت فیکرێکی نییە جگە لە فیکری حەسەن بەنا، ئەگەر بیەوێت دەستپێکیکی دروست هەڵبژێریت، هەر دەستپێکێك لە دەرەوەی فیکری حەسەن بەنا، پڕ لە کەموکورتیە و کوێرانە و موستەحیلە. بۆیەش پێویستە هەموو موسڵمانێك دەستی بخاتە ناو دەستی جەماعەتی ئیخوان، و نابێت موسڵمانێك دواکەوێت لە چوونە ناو ئیخوان!.

بەڵکو پێیوابوو ئەوەی لە ئیخوان جیابێتەوە، ئیسلامی لەملی خۆیدا دادەماڵێ، بە پێی تێگەیشتنی لەو حەدیسەی، ئەوەی یەك بست لە جەماعەت جیابوەوە ئەڵقەی ئیسلامی لە ملیدا داماڵیوە: (من فارق الجماعة قيد شبر فقد خلع ربقة الاسلام من عنقه).
کەسێکیتری وەك الشيخ محمد الحامد پێیوابوو بەنا موجەدیدی هەر حەوت سەدەی ڕابردوو بوو، و پێویستە هەموو وشەیەکی بە وردی لیی بڕوانین!

عمر التلمساني مورشیدی جەماعەت دیارە ئیبن تەیمیەی زۆر لا گەورەیە، ئەوەش ئاماژەیە بۆ بیری سەلەفیزمی، بەڵام دەڵیت: قوتابخانەی بەنا لە قوتابخانەی ابن تیمیە گەورەترە، چونکە پیاوی وا لە قوتابخانەکەی دەرکەوتوە، کە موجاهید و سەرکردەی هوشیارکەرەوەی ئومەتن! [ ص 91 ]
صالح عشماوي دەزگای تایبەتی چەکداری ئیخوان دەڵێت: "ڕەحمەتی خوای لێ بێت حسن البنا ، ڕیزپەڕێکی سروشت بوو، زۆر کەم ڕوودەدات کەسێکی وەك ئەو دەرکەوێت، ئەو نەمردوە لای خوادا زیندووە! "فقد كان فلتة من فلتات الطبيعة قلما يجود بمثله الزمان ، وهو لم يمت ، بل حي عند ربه " [ ص 60 ]
عبد الرحمن البنا دەڵیت : ئەو ئامادە دەکرا بۆ هەموو شتێك، بۆ هەموو هەلومەرجێك، لەبەر چاوی خودایی دروست دەکرا، و خەرمانەی ڕووناکی محمدی دەورەی دابووا " وكان يهيأ لكل شيء ، ويعد لكل ظرف ، ويُصنع على عين ربانية ، وتحيطه هالة محمدية" [ص 71 ]

## ڕوانگەی سەلەفیانەی حسن البنا دەربارەی ئافرەت!

ئەگەر وەك نمونە هەندێك لە بیروڕاكانی حەسەن بەنا بهێنینەوە لەبواری خوێندن وفێربوونی ئافرەتان دەڵێت: "ئافرەت پێویستی بەوە نییە فێری زمانە جیا جیاکان بێت، پێویستیشی بە تۆێژینەوەی هونەری تایبەت نییە، چونکە هەر بۆت دەردەکەوێت کە ئافرەت ئەوەل وئەخێری هەر بۆ ماڵەوەیە... هەروەها ئافرەت پێوستی بە قوڵ بوونەوە نییە لە خوێندنی ماف وياساكان، هەر هێندەی بەسە بەقەد خەڵکی ئاسایی لێی بزانێت.

وەك ابو العلاء المعري دەڵێت:

عَلِّموهُنَّ الغَزلَ وَالنَسجَ وَالرَد نَ وَخَلّوا كِتابَةً وَقِراءَه

فَصَلاةُ الفَتاةِ بِالحَمدِ وَالإِخلاصِ تُجزي عَن يونُسَ وَبَراءَة

فێری چنین و تەشی ڕستنیان بکەن، واز لە خوێندنەوە و نووسین بهێنن بەکەڵکیان نایەت!

نوێژی ئافرەت بە سورەتی الحمد و ئیخلاس واتە قل هو الله احد واتە سورەتە کورتەکانی عەوام بەکاری دەهێنن لە نوێژەکانیاندا! بارتەقای سورەتی یونس و براءة دەبێت![4]

ئەوەی کە من تێناگەم ئەوەیە، ابو العلاء المعري لە ناو توراسی ئیسلامیاندا زۆر بێزێنراوە و هەزاران تۆمەتی ئیلحاد و کوفر و زەندەقەی دەدەنە پاڵ، بەڵام کە شیعرێکی وا سەقەت ودواکەوتووی دەدرێتە پاڵ، کە من باوەڕناکەم هی ابو العلاء المعري شاعیر و فەیلەسوف بێت، حسن البنا ی دامەزرێنەر و ئیمامی دەعوەی ئیخوانی دەڵێی هەنگوینی لە کلۆرە داری دۆزیوەتەوە بە نمونە دەیهێنیەوە!

هەڵوێستەکانی حسن البنا لە ئافرەت هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە لەگەڵ هەڵوێستی سەلەفیەت و شێخە سەلەفییەکان، هەر بۆیەش شێخ ناصرالدین الالباني کتێبۆچکەی المرأة المسلمة حسن البنا بە پێداچوونەوە و دەرکردن و تەحقیقی حەدیسەکانییەوە دەرکردووە، کەمترین سەرنجیشی نییە لەسەر قسەکانی حسن البنا دەربارەی ئافرەت، چونکە حسن البنا لە ڕوانگەیەکی سەلەفی ڕووتەوە قسە دەکات دەربارەی ئافرەت.

---

4 حسن البنا المرأة المسلمه، ص ١٠- ١١، خرج احاديثه وراجعه محمد ناصر الدين الالبانى

## حەسەن بەنا و عروبەت

نەك بە تەنیا سەلەفییەت ئامرازێکی عروبە و تەعریبە، بەلکو کۆی ئیسلام دینێکە خاوەنی تایبەتمەندیەکی عەرەبیە، ئەوەی هاتە ناوەوەی زۆرجاران بیەوێ یان نەیەوێ، بە بێ ئاگاییەوە یان بە ئاگایی خزمەتی تەعریب و عروبە دەکات. بەڵام نکوڵی لێ ناکرێ کە سەلەفییەت لە هەموو ڕێچکە ورێبازەکانیتری ئیسلام، شوێنکەوتووانی خۆی هاندەدات بۆ تەعریب بوونی خۆبەخشانە و دەیانکاتە ئامرازێك بۆ خزمەتی تەعریب.

کاریگەری سەلەفییەت لەسەر دۆزی تەعریبکردن زۆر بە هێزترە لە کاریگەرییەکانیتر، چونکە کە مرۆڤی سەلەفی دەکرێتە مرۆڤێکی دەقدۆست،

تەقدیسی حەدیس ودەق و ڕاوییەکانی ئەو زمانەیش دەکات، کە ئەو هەموو میراتە دینییەی پێ نووسراوە!

ئیتر بەسە زمانی دینەکە عەرەبییە و چەند دەقێکی دینی پیرۆزکراوی نیشان دەیت لە فەزڵ و گەورەیی عەرەب وعروبەت، تا خۆبەخشانە خۆی و تەواوی ئەوانەی لە ژێر دەست و چاودێریدان تەعریبیان بکات!

بۆیە عەرەب بوون و نەبوون هیچ لە بابەتی کوردبوون وفارش بوونی کەسایەتییە دینییەکان ناگۆڕێ. خۆ دەڵێن ئیبن تەیمیە کورد بووە، هەرچەندە من پێموانییە ڕاست بێت، با بڵێین کوردیش بوو بێت، من باوەڕناکەم هەتا ئەحمەدی کوری حەنبەلییش کە ئەویش عەرەب نەبوو، بەڵام زۆر عەرەب پەرست بوو، هێندەی ئیبن تەیمییە دڵسۆز و پەرۆش بوو بێت بۆ تەعریبکردنی هەموو جیهان!

خۆشەویستی عەرەبی و عروبەت هێندە بە دینەوە لکێنراوە و شێلدراوە تا ئەو ڕادەیەی فەیلەسوفێکی فارسی نەژاد و زمان، خەڵکی خوراسانی کۆن و ئۆزبەکستانی ئێستا، کە زانایانی خۆرئاوا ناویان ناوە بە بەتلیمۆسی موسڵمانان، دەوە بورکانێکی سەر مانگیشیان بەناوی کردوە، ویەکەم زانایە لە مێژوو زانی زەوی بەدەوری خۆیدا دەخولێتەوە، ئەبو رەیحانی بەیرونی، بەو هەموو عەقڵ وعیلمەوە دەیگوت: (بەخوا پێم خۆشترە بە عەرەبی دامشوڕن وزەمم بکەن نەك بە فارسی مەدح وسەنام بکەن) " واللە لأَنْ أُهْجى بالعربية، أحبُّ إليَّ من أن أُمدح بالفارسية ."!جا تۆ وەرە زانایەکی فەیلەسوفی، فەلەکناسی، دەرمانسازی وا گەورە و دوور لە سەلەفییەت وابڵێت، ئەی دەبێ ئەو زانایە دینیانە و فەقیهەکان وموحەدیسەسەلەفییەکان چی بڵێن؟!

چۆن وەکو سەلمان فارسی پێشی لەشکرێك نەکەون بۆ داگیرکردن و بە کۆیلەبردنی ژن ومنداڵ و پیاوانی میللەتەکەی؟!

کێشە هەر لە سەلەفییەت ناوەستێ وەک گووتم، بەڵکو بەسە کە موسڵمانێکی شارەزا بیت ویان زانایەکی ئیسلام بیت، با لە میانڕەوترین ڕێچکە و مەزهەبیش بیت، کە خۆبەخشانە بانگەشە بۆ عروبە وتەعریب بکەیت!

جەمالەدینی ئەفغانی یان ئەفغانی بوو یانیش ئێرانی فارسی، ڕابەری قوتابخانە ڕیفۆرمخوازی ئیسلامە هەر لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانییەوە، پێیوابوو هۆکاری سەرەکی لاوازی وفەشەلی دەوڵەتی عوسمانی لەبەر ئەوە بوو کە تورك ومیللەتانی تری ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی خۆیان تەعریب نەکرد و دەوڵەتیان تەعریب نەکردا!

عبدالرحمن الكواكبي كە قوتابیەكی قوتابخانەكەی ئەفغانی بوو، كە دەڵێن كوردیش بوو هەمان ڕای جەمالەدینی ئەفغانی هەیە، و سەركۆنەی توركە عوسمانیەكان دەكات كە وەك ئالی بوەیهییەكان و سەلجوقییەكان و ئەیوبییەكان و چەركسییەكان و ماڵباتی محمد عەلی پاشا خۆیان نەكردە عەرەب و تەعریبی خۆیان نەكرد!

ابن بادیس زانای بەناوبانگی جەزائیر كە بەربەریش بوو، لە ڕێگای جەمعیەتی زانایانی موسڵمانی جەزائیر، زۆربەی گەلی جازائیریان تەعریب كرد ودەڵێن: زمانی عەرەبی زمانی دینمانە و زمانی نەتەوەییمانە و زمانی نیشتیمانیمانە، ئەركی ڕەوتەكەمان پاراستنی عروبەت و ئیسلامە، گەڕاندنەوەی جەزائیرە بۆ باوەشی هەردووكیانە ، واتە [عروبەت وئیسلام]

خەونی سەلەفیەت و ئیبن تەیمیە و هەموو گەورە ئیمامانی سەلەفیزم تەعریب وكردن وعەرەباندنی هەموو پنتێكی جیهانە كە ئیسلامی پێ بگا. بۆیە ئیبن تەیمیە زۆر بە حەسرەتەوە دەڵێت" :لێڕاهاتنی ئاخاوتن بە غەیری زمانی عەرەبی، كە دروشمی ئیسلامە وزمانی قورئانە، تا ئەو كاتەی دەبێتە زمانی ئەو شارە وخەڵكەكەی، وزمانی ئاخاوتنی ماڵەوە ونێوان هاوڕێیان، وزمانی خەڵكی بازاڕەكان، وفەرمانڕەواكان، ودیوانەكان (فەرمانگەكان) وئەهلی فیقە، گومانی تێدا نیە كە مەكروهە وەك باسكرا .

بۆیە موسڵمانەكانی بەرایی، كاتێک لە خاكی شام ومیسر نیشتەجێ بوون، كە خەڵكەكەی ڕۆمی بوون، ولە عێراق وخوراسانیش كە زمانی خەڵكەكەی فارسی بوو، ولە مەغریب كە زمانی خەڵكەكەی بەربەری بوو، خەڵكی ئەو وڵاتانەیان لەسەر ئاخاوتنی عەرەبی ڕاهێنا، هەتا عەرەبی زاڵ بوو بەسەر زمانی موسڵمان وكافرەكانیان" ئیبن تەیمیە پاش زۆر لە خۆكردنێكی زۆر دەڵێت " :جایزە بە زمانی تری –نا عەرەبی- بدوێی، بەڵام سەلەف تەنها ڕێگایان پێداوە بۆ پێویستی، وپێیان خراپە، لە كاتی نا پێویستیدا بۆ پاراستنی شەعیرەكانی ئیسلام، چونكە خوا كتیبەكەی بە عەرەبی دابەزاندوە، بۆ پێغەمبەرە عەرەبەكەی و نەتەوەی عەرەبیشی بە چاكترین نەتەوە دانا، بۆیە پاراستنی ئەو دروشمانەی عەرەب لە كرۆكی پاراستنی ئیسلام دایە".

كاریگەری ئەو تەفزیلكردنەی عەرەب و عروبەت هەر لەناو ڕێكخراو و گروپ و كۆمەلە و فیكری سەلەفیەكاندا نیە تەنها، بەڵكو ئیمامی هەرە گەورەی ئیخوانەكان شێخ یوسف قەرزاوی لە كۆنگرەی نەتەوەیی ئیسلامی لە دۆحە لە مانگی

دیسەمبەری ٢٠٠٦ گووتی" :من يريد أن يفصل بين العروبة و الإسلام كمن يريد أن يفصل بين الروح و الجسد؟ فعلينا بإسلام عربي و بعروبة إسلامية] "ئەوەی دەیەوێت عروبەت و ئیسلام لێك جیاکاتەوە وەك ئەوە وایە ڕوح و جەستە لێك جیاکاتەوە! بۆیە با دەستگرین بە ئیسلامێکی عەرەبی و عروبەتێکی ئیسلامی[!
بێگومان ئەوەش هەڵوێستێکی نوێی قەرەزاوی نییە کە سەرەڕای ئەوەی [يحمل اسفارا] چەندین بارە کتێبی لە خۆی ناوە، بەڵام نەوێراوە لە هیچ بوارێکی گرنگ نوێکاریەك بکات، بەڵکو ئەو عروبەتچیەتیەی لە سەلەفیەتی ئومەوی کۆن و لە ئیخوان و حسن البنا وەرگرتوە .
لە کۆمێنتێکیدا لەسەر قسەی [ساطع الحصري] وەک ڕابەرێکی فیکری عروبەت دەربارەی جیاوازی عروبەت لە ئیسلامدا، سەید قوتب دەڵێت: ئەو قسەیە ئاماژە بە نەزانیەکی قووڵ دەکات بە ئیسلام و عروبەتدا!
على كلام "ساطع الحصري -"عن انفصال العروبة عن الإسلام- بأن ذلك يكشف عن جهل عميق؛ سواء عن الإسلام أو العروبة] "١[
حەسەن بەنا لە رسالة (دعوتنا في طور جديد) عەرەب بە گەلی هەڵبژاردەی خوا دادەنێت وەك چۆن جوو خۆیان بە شعب الله المختار دادەنێن! دەربارەی ئەو پەیوەندیە دەڵێت " :عروبەت پایەکی بەرجەستە و بەشێکی گەورەی هەیە لە دەعوەکەمان، چونکە عەرەب ئومەتی یەکەمی ئیسلامن، و گەلی هەڵبژێردراوی ئیسلامن، و ئیسلامیش ڕانابێتەوە بەبێ هاودەنگی گەلانی عەرەب و ڕابوونیان، هەر بستێك لە خاکی نیشتیمانی عەرەب بە ناوجەرگەی وڵاتی خۆمانی دەزانین"..
"والعروبة لها في دعوتنا مكانُها البارز وحظُّها الوافِر، فالعَرَب هم أمة الإسلام الأولى، وشعبه المختار، ولن ينهض الإسلام بغير اجتماع كلمة الشعوب العربية ونهضتها، وإن شبر أرض في وطن عربي نعتبره من صميم أرضنا ومن لباب وطننا"
ئینجا لە هەمان سەرچاوە دەڵێت " :ئێمە پێمان وایە کاتێ بۆ عروبەت کار دەکەین بۆ ئیسلام و خێری هەموو جیهان کار دەکەین"
"ونحن نعتقد أننا حين نعمل للعروبة نعمل للإسلام ولخير العالم كله".
لە جیگایەکی تر سنوری هەموو جیهانی ئیسلامی لێ دەبێتە سنوری ئومەتی عەرەبی دەڵێت: عروبەت سیفەتێکە بۆ هەموو موسڵمانێك بە زمانی عەرەبی بدوێت، چونکە عروبەت زمان و ئیسلامە، ڕەگەزنامەی جوگرافی نییە، چونکە ئومەتی

عەرەبی بە سنوری جوگرافی نازانرێت، بەڵکو لە ڕوانگەی ئیسلامەوە بە دین و زماندا دەزانرێت ودەناسرێت[5]"

ئەو قسانەی دەیسەلمێنێت میانڕەوترین ڕەوتی ئیسلامی لە ژێر کاریگەری عروبەتدایە زۆر لە سەلەفیەتەکە بە پەرۆشترە بۆ عروباندنی ئیسلام و موسڵمانان، بەڵکو عروبەتیان کردۆتە ڕوکنی شەشەمی ئیسلام!

[5] وفي تعليق للإمام "البنا "على حديث لشيخ الأزهر عن "القبَّعة في الجيش "يرى أن العمامة شعار العروبة، والعروبة صفة لكل مسلم ينطق اللسان العربي، فالعروبة اللسان والإسلام، وليست تجنُّسًا جغرافيًّا، فالأمة العربية لا تُعرف بالحدود الجغرافية، وإنما إسلاميًّا تُعرف بالدين واللغة.

## حەسەن بەننا و پەسندڕایی و تاكڕەوی

سەرچاوەی تاكڕەوێتی وپەسندڕایی حەسەن بەنا:

حەسەن بەننا لە هەموو ڕەفتارەكانی زیاتر بەرەو تاكڕەوێتی و ڕاپەسندی دەیشكاندەوە. هەتا لە سیاسەتیش هێندە سەرسامی دیكتاتۆریەت و فاشیەت بوو، ودژی ژیانی حزبی بوو، و داوای هەڵوەشاندنەوەی دەكرد، نیو هێندە لەگەڵ ئازادی و دیموكراسیەت نەبوو. ئەو تاكڕەوییە و پەسندڕاییەشی لە ژێر كاریگەری ئەو ڕێچكە تەسەوفیە بوو، كە بەننا ماوەیەكی باشی ژیانی لەگەڵ بەسەر بردبوو كە (تەریقەتی حەسافی) بوو .زۆربەی ئەو تەریقەتانەش بنەمای ڕێكخستنی تێدایە كە پەیوەندی نێوان مورشید وموريد ڕێكدەخات، ئەوەی ناميلكەی (اداب المرشد والمريد) ابن عربی بخوێنێتەوە دەزانێت كە ئەو پەیوەندییە زیاتر لە پەیوەندی بەندایەتی دەچێت... بۆ نمونە مورید بۆی نیە هەرگیز قسە بكات لە حزوری مورشیددا، تەنها ئەگەر مورشید داوای لێكرد قسە بكات، بۆشی نییە گفتوگۆ ومشتومڕی لەگەڵ

بکات لەسەر هیچ بیروڕایەکی یان ڕەخنەی لیَ بگریَت، بۆی نییە مورید هەر شتیَکی لیَ داوا بکات رەتی بکاتەوە هەتا ئەگەر ببیَتە هۆی مەرگیشی!! پیَویستە رۆحی مورید و جەستەی لە دەستی مورشیددا وەك لاشەی مردوو بیَت لەژیَر دەستی مردووشۆر ...ئەگەر مورشید مرد مورید بۆی نییە ژنەکەی ئەو بهیَنیَتەوە!!! هەر بۆیەش حەسەن بەننا مورتاح نەبوو بۆ هیچ ناو ونازناویَکی تر زیاتر لە نازناوی مورشیدی عام ! وهەموو بنەماکانی ئادابی مورشید وموریدی سۆفیەتی گواستەوە بۆ ناو ئیخوان، تا ئەمڕۆش هەر ئەو بنەمایانە تەحەکوم بە پەیوەندیەکانی ناو ئیخوان دەکات لە زەقترین شیَوەدا.

دەڵیَت: " لە قۆناغی دروستبوون، التكوين :دیاریکردنی ئەو کەسانەی شیاوی هەڵگرتنی باری قورسی جیهاد بن، و سیستمی دەعوە لەو قۆناغەدا سۆفیەتیَکی ڕەهایە لە لایەنی ڕووحیەوە، و سەربازی ڕووتە لەلایەنی کرداریەوە، و دروشمی ئەو قۆناغە لە هەردوو لایەنیەوە، هەردەم فەرمان وەرگرتن و گوێڕایەڵی کردنە، بەبیَ دڵ لە دڵ دان و بۆ گەڕانەوە و گومان و بیَ هیچ ئیحراج بوونیَك !

دەعوەش لەو قۆناغە تایبەتە، نابیَت هەر کەسیَ پەیوەندی پیَوە بکات، جگە لەوانەی ئامادەییەکی هەقیقیان تیَدا بیَت بۆ هەڵگرتنی ئەرکی جیهادیَکی درێژخایەن و پڕ لە ئەرک، و یەکەم نیشانەی ئامادەییش گوێڕایەڵی ڕەهایە یان کەمالی تاعەتە!"[6]

ئەو خەیاڵە کاریزمە ئاسایەی حەسەن بەننا، وایلیَکردبوو زۆر کەم پرس وڕا بکات وزۆربەی کارەکانی بە نهیَنی ئەنجام بدات هەتا کاتیَك ئیسماعیلیەی بەجیَهیَشت بۆ قاهیرە لەناو دەیان ئەندامی زانا ودانادا، دارتاشیَکی نیمچە خوێندەواری هەڵبژارد بەناوی (علی الجداوی) بۆ گرتنەوەی شوێنی خۆی، کاتیَك کەسانیَك ناڕەزاییان دەربڕی بوو، حەسەن بەنا بەتوندترین شیَوە ڕەخنەی لیَگرتن، تاڕادەی سوکایەتی

[6] " مرحلة التكوين :استخلاص العناصر الصالحة لحمل أعباء الجهاد وضم بعضها إلى بعض ونظام الدعوة في هذه المرحلة صوفي بحت من الناحية الروحية وعسكري بحت من الناحية العملية وشعار هاتين الناحيتين دائما أمر وطاعة من غير تردد ولا مراجعة ولا شك ولا حرج. والدعوة فيها خاصة لا يتصل بها إلا من استعد استعدادا حقيقيا لتحمل أعباء جهاد طويل المدى كثير التبعات وأول بوادر هذا الاستعداد كمال الطاعة.

المصدر : كتاب مجموعة رسائل الأمام الشهيد حسن البنا . ص 362 من رسالة ( التعاليم ) تحت عنوان ( الطاعة ).

ولاقرتێی پێکردن، لەکۆتاییدا بەننا ڕای خۆی سەپاند بەسەر هەمووان و دارتاشەکە بڕیاری لەسەر درا!

مێژوو دەیسەلمێنێت کە ئەوانەی زۆر خۆیان پێ بەرز و بێ وێنە بێت، و گیانی فەردیەت و تاکڕەوی زاڵ بێت بەسەریان، وخۆیان پێ قائیدی ئەوحەد بێت، هەردەم حەزدەکەن خۆیان دەورەدەن بە کەسانێکی لاواز و بودەڵە وگوێ لەمست، تا هیچ ترسناکیەك دروست نەکەن لەسەر پایەی پێشەوا و سەرۆک و ئەمیندار و ئەمیری جەماعەت، ئەو دیاردەیە لە نێو زۆربەی هەرە زۆری حزبە رۆژهەڵاتیەکان باوە بە کوردستانیشەوە.

نمونەیەکیتری ڕاپەسندی حەسەن بەننا و هەتا خزم خزمێنێش، دەتوانین لە کەیسی ڕاسپۆتینەکەی ئیخوان، زاوای حەسەن بەننا، عبدالحکیم عابدین بدۆزینەوە.

عبدالحکیم عابدین گەنجێك بوو چالاك لەناو ئیخواندا، زۆر نزیکبوەوە لە حەسەن بەننا تا بوە زاوای، مێردی خوشکی. ئەو پیاوە خاوەنی بیرۆکەی سیستمی سەردانی خێزانی بوو لەناو ئیخواندا، بۆ پتەوکردنی پەیوەندی ئەندامانی ئیخوان. پاش ماوەیەك چەندین شکایەت وسکاڵا گەیشتە ئۆفیسی مورشیدی ئیخوان حەسەن بەننا، سەبارەت بە داوێن پیسی وبێ ڕەوشتی عبدالحکیم عابدین، کە بەردەوام سەردانی ئەو ژنانەی ئیخوانی دەکرد کە مێردەکانیان لە زیندان بوون !

بۆ ئەو مەبەستە لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە دروست بوو بە سەرۆکایەتی احمد السکري کە بە دامەزرێنەری هەقیقی ئیخوان دادەنرێت لە ساڵی ١٩٢٠، خۆی بەننای پێگەیاند، و کردیە پێشەوای خۆی! ئەو لیژنەیە گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە عبدالحکیم عابدین چەندین داوێن پیسی کردوە لەگەڵ ئافرەتە ئیخوانیەکان، و دانیشی پێدا ناوە.

لە نووسراوی لیژنەکە هاتبوو: [ لیژنەکە قەناعەتی تەواوی هەیە کە عبدالحکیم عابدین –تاوانبارە-. بەتایبەتی ئەگەر دانپێداهێنانی خۆی بۆ هەندێ ئەندامانی لیژنەشی بخەینە سەر بەڵگەکانیتر. ... بۆیە وا پێویست دەکات قورسترین سزا بدرێت، بۆیە لیژنەکە بە کۆی دەنگ دوای فەسڵکردنی عبدالحکیم عابدین دەکات لە ئەندامێتی جەماعەت... ئیمزای هەموو ئەندامانی لیژنەی لەسەر بوو]

حەسەن بەننا سەرەڕای بڕیاری لیژنە و ئەو ئەندامە باڵایانەی ئیخوان، کە یەکێکیان وەك ئەحمەد السکری لە ١٤ ساڵیدا حەسەن بەنای پێگەیاند ویارمەتیدا و هێنایە

ناو ڕێکخراوەکەی خۆی، بە گوێی ڕاسپاردەی لیژنەکەی نەکرد، و ڕاپەسندیەکی بێ وێنەی نیشان دا، و لە ئاکامدا سەرەڕای ڕێزنەگرتنی لە ڕای لیژنەکە، مامۆستای خۆی احمد السکری و هەموو ئەندامەکنایتری لیژنەکەشی فەسڵ کرد، لە پێناو پەردەپۆشکردنی زاواکەی عبدالحکیم عابدین! کە ئەوەش تاوانە پەردەپۆشی بۆ کاری نائەخلاقی بکەیت، باشە کە پەردەپۆشیش دەکەیت، هەر نەبێ پاس ماوەیەك دەریکردبا لە ئیخوان، نەك لە جاران گەورەتری کەیت بەو ڕەوشتەوە؟! ڕاپەسندی و تاکڕەویی لەوە زیاتر چییە، کە تۆ بە گوێی بڕیاری ئەو لیژنەیەش نەکەیت کە خۆت پێکت هێنا بوو؟[7]!

[7] ٢٠١٦/٥/٢٦

## حەسەن بەننا و مەرایی کردن بۆ دەسەڵاتداران!

لەنامەیەکدا کە حەسەن بەننا بۆ شا فاروقی ناردوە، جگە لەوەی لێوان لێوە لە پیاهەڵدان هەندێ گوزارشی نا شەرعیشی تێدایە وەك (عرشك العزيز) و (تاجك المقدس) کەی تاجی سەری مەلیکەکان موقەدەس وپیرۆز بوە؟! ئەوەی خوارەوە بەشێکە لەو ستایشنامەیە:

السلام عليكم ورحمه الله وبركاته.. وبعد:

فأنت يا صاحب الجلالة موضع الامل ومعقد الرجاء لوادى النيل ولابناء العروبه ولشعوب الاسلام، عاطفه من الولاء والحب غرسها الله لك فى قلوب الناس لاراده يعلمها وحكمة يريدها....

ومصر الان يا صاحب الجلالة تجتاز ادق مراحل تاريخها الحديث وحكومتها فى مفاوضة مع حكومه بريطانيا ترجو ان تصل الى حق الوطن فى الجلاء ووحدة الوادى حتى يحيا حياه الحرية والكرامة والاستقلال فى ظل عرشك العزيز وتاجك المقدس!!!

ئەو خیتابە وئەو عەقڵیەتە گوزارش لە عەقڵیەتی بەخواکردنی حاکم دەکات (تأليه الحاكم) کە لە سەدە کۆنەکان لە وڵاتەکانی ڕۆژهەڵات و ئەوروپای سەدەکانی نێوەڕاست هەبوو، سەدەکانی تاریکی کە مرۆڤایەتی هەوڵی خۆ لێ ڕزگارکردن لەو قۆناغە دەدات ، کەچی حەسەن بەننا هەوڵی گێڕانەوەی دەدا چونکە هەر بەننا لە بۆنەیەکی تر خەلیفەی پێ سێبەری خوابوو لەسەر زەوی(ل 140 -146) کتێبی حسن البنا الذي لا يعرفه احد، لەسایەی ئەو کۆڵەوارییە سیاسیەیەی حەسەن بەننایە، ئەو کۆمەڵە لەوەتی هەیە سەرکەوتنێکی سیاسی ئەوتۆیان تۆمار نەکردوە وهەردەم موسایەرەی دیکتاتۆرەکان دەکەن وکاتێ خەڵکی تر ڕادەپەڕێت وشۆڕش دەکات خۆیان بە شەمەندەفەری شۆڕش هەڵدەواسن وهێندەی پێ ناچێت خۆیان دەکەن بە شوفێری شەمەندەفەرەکە!!

لە بەشی نۆیەمی کتێبی [حسن البنا الذي لا يعرفه احد] نوسەرلەژێر ناونیشانی (حەسەن بەننا و مەلیك فاروق) لە سەرەتادا باسی لابردنی بەشێکی تەواوی کتێبی (مذكرات الدعوة والداعية) ی حەسەن بەننا دەکات. ئەو بەشە لەیەکەم چاپیدا کە لە (دار الكتاب العربي) بریتی بوو لە ژمارەی لاپەڕەکانی 251 بۆ 255 لە ژێر ناونیشانی (المؤتمر الرابع للاخوان والاحتفال بحضور جلالة الملك وتسليمه مقاليد الامور) تێیدا ستایشکردنێك ووەلائێکی موتڵەق بۆ شا فاروق نیشان دەدەن تا ڕادەی ماستاوکردن بە بۆنەی گەڕانەوەی فاروق لە لەندەن وبوونی بە شای میسر، پاش مردنی شا عەباسی باوکی فاروق، بەننا لەژێر ناونیشانی (حشد لم يسبق له نظير فى تاريخ مصر الحديثة) وتارێك لە گۆڤاری ئیخوان دەینوسێتەوە ودەڵێ: " لە ساحەی عابدین شوێن پێیەکت دەست نەدەکەوت لەبەر قەرەباڵغی زۆر، ولەبەر هوتاف کێشان، کە سەدای لە ئاسماندا دەنگی دەدایەوە، بە زەحمەت گوێت لەکەسێك دەبو ئەگەر بیدواندبای. بەو جۆرە ئیخوانەکان لەبەردەم دەرگای کۆشکی شا وەستا بوون، ئاڵاکانیان بەرز هەڵکردبوو هوتافیان دەکێشا (الله اكبر، الله اكبر، الاخوان المسلمون يبايعون الملك المعظم) (ل 135 -136) کەوابوو بڵاوکردنەوەی کتێبی

مذكرات الدعوة والداعية بەشێوەیەکی میزاجی وبژاردەیی بوە، چونکە ئەو یاداشتنامەیە لەپاش کۆچی دوایی حەسەن بەننا لە 1950 بڵاوکرایەوە، ئەو کارەیان بۆیە کرد، چونکە وادیارە هەستیان بە کۆتایی حوکمی شا فاروق کردبوو، بۆیە ئەو بەشەیان لابرد! یان لەبەر هاتنی ناوی عمر التلمسانی بوو لەنێو ئەوانەی بەشداریان لەو ئاهەنگە مەزنەی شا فاروق کردبوو. لەڕاستیدا ئەو هوتاف کێشانە بۆ شا فاروق هێندە نەنگی نەبوو لە ساڵی 1936 کە تا ئەو کاتە کەس فاروقی نەدەناسی، ئەوەی کە زۆر نەنگیە ئەوەیە کە ئەو ڕەفتارەی حەسەن بەننا وئیخوان تا دوایین ڕۆژی ژیانیان و تا مردنی مەلیك بەو شێوەیە بوو! بەردەوام خەریکی ماکیاژکردنی وێنەی فاروق بوون هەتا پاش دزێو بوونیشی ودەرکەوتنی ڕووی دزێوی شا فاروق، ودابەزینی جەماوەری بوونی بۆ نزمترین ئاست لە کۆتایی چلەکاندا.[8]

[8] ٢٠١٦/٥/٢٢

# بەشی دووەم
# حەسەن بەنای ئیخوان مامۆستای فەشەل و شکست!
# لە ڕوانگەی زانا وبانگخوازی ئیسلامی عەدنان ئیبراهیم

# حەسەن بەنای ئیخوان مامۆستای فەشەل و شکست!

## ١

گومانی تێدا نییە کە دکتۆر عەدنان ئیبراهیم، یەکێکە لە ڕیفۆرمخوازە بە سەبرەکانی ئیسلامی هاوچەرخ. بۆیە دەڵێم بەسەبر، چونکە بەڕاستی سەبری دەوێ خەریکی چاکسازی بیت لەسەر جەستەیەکی نەخۆش مەگەر موعجیزەیەکی ئاسمانی چارەسەری بکات.
لە زنجیرەیەك وتار لەسەر ئیخوان و حەسەن بەنا و سەید قوتب و قەرەزاوی، عدنان إبراهیم ڕەخنەیەکی زانستی و بابەتخوازی زۆر بە هێز دەگرێت لە ئیخوان و دامەزرێنەکەی، دەڵێ حەسەن بەنا و قیاداتی ئیخوان لەلایەن سەدەها چاودێر و ناوەند وەسف دەکرێن وەک مامۆستاکانی شکست و فەشەل. لەبەر گرنگی ئەو بابەتە، بەڵام لێرە هەوڵدەدەم چەند بەشێکی گرنگ و پوختەی ئەو سیمنارەتان بۆ چڕ کەمەوە.

لە سەرەتای سیمنارەکە دەڵێ مەبەست و ئامانجی من چییە لەو ڕەخنەیە؟ دەڵێ: "ئامۆژگارییە، من دەمەوێ ئامۆژگاری بکەم بۆ دین و ئومەت و برایان وخوشکانم لەو ئومەتە. پاش ئەوە ئەگەر پرسیارم لێکرا لەلایەن خواوە دەربارەی دنیا، دەڵێم خودایە من ئامۆژگاریم کرد."
ئینجا باسی سیمنارەکەی دەکات لەسەر قەرەزاوی، کە ئەویش زۆر پڕ بەهایە، ماڵی بێ کاتی وێران بێ، دەنا شایانی وەرگێڕانن.

دەڵێ: "ئێستا کە قسەم کرد دەربارەی دکتۆر قەرەزاوی ڕەحمەتی خوای لێ بێت، دەڵێن بۆ لە ژیانی قسەت نەکرد؟ توخوا بەڕاستانە؟! قسەم کرد پڕ بە دەمم، ئیدانەی هەندێ لەو فەتوایانەیم کرد، گووتم ئەو فەتوایانە بە ملیۆنێك یان دوو ملیۆن دۆلار دراوە - واتە بە پارە و نرخ قەرەزاوی فەتوای داوە! لەسەر مینبەر وامگووت! ئەگەر ناویم نەهێنا، ئەوە من ناوی هیچ زانایەك، ڕەخنەی لێبگرم لەسەر مینبەر نابەم. دەڵێن باشە بۆ ناویت هێنا پاش ئەوەی کۆچی دوایی کرد؟

چونکە من داوای ڕەحمەت و لێخۆشبوون و ئیستیغفارم بۆی کرد، دەبوایە بڵێم کە من هیچ ڕازی نەبووم بە فەتوا سیاسییەکانی. وەك چۆن کوڕی خۆشی، عبدالرحمن ڕازی نەبوو بە فەتواکانی وەك لە نامە بە هێزەکەی گوزارشی لێکرد، کە من نیوەی ئەوم نە گوتووە.
بە باوکی گووت تۆ سیاسەت تێکەڵ دەکەیت بە دین، کاتی هاتووە بوەستی و قسە لەسەر دین بکەیت وەك فەقیهێك، لە باسی سیاسەتیشدا بوەستی چونکە تۆ سیاسی نییت."

"قسەم کرد چونکە تا وا زەن نەبەن کاتێ من سەرەخۆشیم کرد و ڕەحمەتم بۆی ڕەوانکرد، داوای لێخۆشبوونم بۆی کرد، باسی زانایەتی و فەزڵیم کرد، ئەو سوودانەی لێیم کردووە بە فەزلی خوا وەك ملیۆنەها کەسیتر، تا نەزانرێ ئەوە ڕازیبوون و تەبایی وهاوڕاییە بۆ هەموو ئەو بیروڕایانەی لەو پیاوە دەرچووە، ئەو قسەیە ڕاست نییە، من لە کاتی خۆشیدا ڕازی نەبووم، چۆن ڕازی دەبم ئەوەی لە سوریا ڕووی دەدا، بیکات بە شەڕێکی تائیفی بۆ نموونە؟! دەستی کرد بە قسەکردن

بە ناوی تائیفەیەك و عەلەوییەکان وایانکرد، ئەو تایفەیە وایە و وایە! ڕاستیش نییە، ئەو جووڵەیە تایفی نەبوو لە نێوان سونی وعەلەوی، کە ئەو ڕاپەڕینە و جووڵەیان کردە تایفی، هیچیان قازانج نەکرد، بەڵکو بووە هۆکارێك بۆ شکست هێنانی و لەناوچوونی.

بە نسبەت حەسەن بەنا دەڵێ: "ئێمە هەقمان بە نیەت و ئامانجی نییە ئەوەی لە ئێمە داواکراوە تەنها داوەری بیرورا و هەڵوێستە دیارەکانی بکەین. مەبەست و نیەتەکان بۆ خودای دڵەکان بەجێدەهێڵین."

## هەڵەی ئیخوان و بەنا
## هەڵەیەکی بونیادییە لە دامەزراندنەوەیە!

دەڵێ ئەو بابەتە پێویستی بە ٢٠ تا ٥٠ سیمنارە، بەڵام من تەنها دەمەوێ هەندێ خاڵە بخەمە سەر پیتەکان، لە هەندێ باسوخوازدا. "سیمناری ئەمڕۆ بۆ ئەوانەی تێدەگەن، با بە ژمارە کەمیش بن، دەزانن کە هەڵەی جەماعەتی ئیخوان، و هەڵەی هەوڵەکانیان، هەڵەیەکی بونیادی دامەزراوەییە، بنيوي تأسيسي...- واتە لە بونیادی دایە لە سەرەتای دامەزرانەوە- ئەگەریش ئەو هەڵەیە چارەسەر نەکرێ، قەت ڕزگاریان نابێ، قەتیش سەرناکەون. بەردەوام دەبن لە کاوێژکردنەوەی فەشەلەکانیان، ئەو فەشەلەی ئێستا بۆتە شتێکی باو و ئاسایی ئیخوانەکان، لە دەیەها سایت و شوێندا خوێندوومەتەوە کە وەسفی ئیخوان دەکەن وەك: مامۆستاکانی فەشەل. سەرکەوتوون لە پیشەسازی فەشەل، کە ئەوەش ڕاستە، مێژوویان وا دەڵێت، مێژووی نزیکیشیان وا دەڵێت. بۆچی ئەو هەموو فەشەلە؟! کە لێی ورد دەبینەوە، دەبینین ئەو فەشەل و هەڵەیە لەگەڵ دامەزێنەر شێخ حەسەن بەنا دەست پێدەکات!"

ئینجا بەڵگەکانی دەخاتە ڕوو: لە وانەکانی پێشوو گووتمان حەسەن بەنا کەسێکی شمولی، گشتگیرکار و تۆتالیتاری بوو. شمولیەت لای بەنا چەند ئاستێکی هەیە. ئەو شمولیەتەش زۆر مەترسیدارە پشت بە ئیختیزالیەت و کورتکردنەوە دەبەستێ. ئەو پیاوە ئیختیزالی و کورتهەڵبڕە بە شیوەیەکی نیگەرانکەر، کە دەتوانێ ئیسلامەت بۆ کورت کاتەوە لە چەند ڕستەیەکی دیاریکراودا. دەتوانێ دنیا بە سیاسەت و ئابووری و سەربازی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی لە چەند ڕستەیەك کورت هەڵبڕێ، وادەزانێ ئەوە هەمووڕاستیەکەیە. ئەو کورتهەڵبڕینە لە تێگەیشتنی دین و دنیا هەردەم بەرەو ساویلکەیی و سەتحیەتت دەبا، لە ئاکامدا تەنها دەبێتە هۆی دۆڕان و شکستی گەورە.

دوایی دەیبینن کە بەنا چۆن دان بە فەشەلی سیاسی خۆی دەنێت. شێخ محەمەد غەزالی دەڵێت: "وا ڕێکەوت بەر لە دوو ڕۆژ لە کوشتنی، حەسەن بەنا، لە شەقامێکدا ببینم، پاش چاک وچۆنی، باسی ئەندامە زیندانیکراوەکانی کرد، گووتی: ئێمە لە سیاسەت فاشیلین، خودا بەشی نەداوین لە سیاسەت! - ليس لنا في سياسة حظ - واتە بەشمان لە سیاسەتدا نییە، پیاوی سیاسەت نین،  بە زمانێکی ڕاشکاوتر دەڵێت ئێمە فاشیلین لە سیاسەت، بەڵام لە خۆی نەپرسی، شوێن کەوتوانیشی دوای ئەو لە خۆیان نەپرسی بۆ فاشیلن لە سیاسەت؟!

خۆ بەنا عەبقەری و مونەزیری هەرە گەورەتانە و کەسایەتیەکی کاریزمی و شوێنکەوتەیەکی زۆری بەدواوەیە، هێشتا فەشەلی هێنا.... گووتی بەخت یاوەرمان نییە لە سیاسەت، ڕاستە بەڵام ئەوە لە دەرەنجامی کردەوەکانی خۆیەتی. ئەو فەشەلە بە دەستی خۆت دروست بووە. چونکە ئەوەی داوات کرد شمولیەت و تۆتالیتاریزم بوو. شێخ حەسەن بەنا باوەڕی بە فرە حزبی نەبوو، لای قەدەغە بوو هیچ حزبێک هەبێ تەنها حزبێک نەبێ، دەشزانن مەبەستی کام حزبە، ئیخوانەکەی خۆیەتی! دوایی قسەکانی دەبینین و دەخوێنینەوە، ئەو تۆتالیتاریزمەی بەنا داوای کرد جێبەجێ کرا، حزبەکان قەدەغەکران، جەماعەتەکەشی لەگەڵ ئەواندا قوربانیەکی ئەو داوایە و لۆژیکەی خۆی بوو!

عەدنان ئیبراهیم تێگەیشتنی بەنا و ئیخوان لە ئیسلام زیاتر ڕووندەکاتەوە: "بەنا بە شێوەیەکی شمولی لە ئیسلام دەگەیشت، وایدەزانی ئیسلام هەموو شتێک دەگرێتەوە لە بووندا، ئەوەش ڕاست نییە، چونکە خودی دەقەکان سنووردارن، زانایان دەزانن کە دەقە دینییەکان سنووردارن. ئایەتەکان سنووردارن لە ژمارە هاتوون، حەدیسە متمانە پێکراوەکانیش لە سنووردار و لە ژمارە هاتوون.

زۆر ڕوداوگەلی نوێ دووچاری خەڵک دەبێتەوە، هیچ دەقێکی دەربارە نەهاتووە. لێرەدا دەچینە ناو بازنە ئیجتیهاد و پەنا بۆ قیاس و پێوانە و ئیجماع و بەرژەوەندی و الاستحسان ئەو شتانە دەبەین لەبەر نەبوونی دەق ئایەت و حەدیس. ئینجا هەندێ بوار هەیە ئیسلام بە ئەنقەست قسەی تێدا نەکردووە تا خۆمان تیایدا چارەسەر و یاسای پێویستی بۆ بدۆزینەوە. بەڵام حەسەن بەنا و سەید قوتب دەیانگووت نەخێر هیچ بوارێك لە بوارەکان نییە کە ئیسلام شەرع و یاسا و قسەی تێدا نەکردبێ! چونکە تێگەیشتنێکی شمولی گشتگیریان هەبوو بۆ ئیسلام. ئەوە ترسناکترین بیری شمولی بەنا نییە، لەوەش ترسناکتر ئەوەیە کە دەیگووت تێگەیشتنی من و جەماعەتەکەم بۆ ئیسلام، تاقە تێگەیشتنێکی ڕاست و دروستە، تا ئەو ڕادەیەی لای بەنا جەماعەتەکەی یانی ئیسلام و ئیسلامیش یانی جەماعەتەکەی بوو.

ئەو قسەیە ترسناکە لە زۆر شوێن لە پەیامەکانی دووبارەی دەکاتەوە، کە بە نەزەری و عەمەلی لەلایەن ئیخوانەوە جێبەجێ کرا. ئەو خاڵەش زۆر شتت بۆ ڕوون دەکاتەوە لە دەروونی تاکەکانی ئیخوان. ئەو بانگەشەیەی یەکسانکردنی جەماعەتی ئیخوان بە ئیسلام زۆر ترسناکە کەس بۆی نییە ئەو ئیدیعایە بکات، جگە لە پێغەمبەر، هەتا ابوبکر و عومەر، عەلی و عوسمان و هەموو ئیمام و زاناکانیش بۆیان نەبووە وابڵێن.

دکتۆر عەدنان دەڵێ: سەیرم بەوە دێ سەرەڕای ئەو خۆ یەکسانکردنەیان بە ئیسلام، کاریگەری ئەو بانگەشەیەمان لە واقیعدا نەدیت، نەمان دیت هەتا لە بواری تیۆری، کە دەبوایە سەدان موجەلەد بنووسن دەربارەی سەرلەنوێ

پێناسەکردنی ئیسلام و چۆنیەتی تێگەیشتنیان" بۆ نمونە لە بواری فیقە و عقیدە و تەسەوف و هتد.. هەموو دەزانین حەسەن بەنا ١٥ یا ١٦ نامیلکەی بچوکی هەیە بە ناوی الرسائل، هەموویان پێکەوە نابنە کتێبێک شانازی پێوە بکرێت!

لە پەیامی من هم الإخوان المسلمون بەنا ڕوحێکی تایبەتمەندی و دەگمەنێتی و نەرگسی و خۆپەرستی، فودەکاتە گیانی ئیخوانەکان، هەر دەڵێ ئێمە زۆر گرنگین، کەس وەک ئێمە نییە، کەس نەیتوانیوە نزیکی پایەی ئێمە بێتەوە، ئێمە واین و واین و واین. لە دەقێکدا دەڵێ: ئێوە ئەوچاکانەن کاتێ خەڵک هەمووی گەندەڵ دەبێ، ئێوە ئەو عەقلەنوێیەن کە خودا دەیەوێ پێیەوە جیاوازی بکات لە نێوان هەق و ناگەق...ئێوە پەیوەندی گرێدانی ئاسمان و زەوین، میراتگری محمد و خەلیفە وسەحابەکانن. بانگەوازی ئێوە پەسندترە لە بانگەوازەکانی تر. ئامانجەکانتان پاکتر و باڵاترە بەسەر ئامانجەکانیتر....دەستان گرتووە بە نورێکی ئاشکرا، لە کاتێکدا خەڵک گومڕابوون و ڕێگایان لێ تێکەڵ بوو.[9]
وەک دەبینن دەڵێن بەنا تەکفیری خەڵکی نەکردووە، نەخێر وانییە، بەنا ڕێی تەخت و قیرتاو کردووە بۆ تەکفیرکردن. بەنا بە شێوازی پێچاوپێچ خەڵک تەکفیر دەکات. کاتێ دەڵێ تەنها ئێوە لەسەر ڕێگای ڕاستن، خەڵک ڕێگایان ون کردووە و گومڕابوون، ئەوەش تەکفیر کردنێکی ناڕاستەوخۆیە بە ئاشکرا.

ئینجا باسی شمولیەتی ڕابەر دەکات، واتە باسی خۆی دەکات کە چۆن دەبێ گوێڕایەڵ و گوێ لە مست بن بۆی. واتە جەماعەت لە خۆیدا کورت دەکاتەوە. بەنا داوای گوێرایەڵی ڕەها و ترسناك دەکات بۆ خۆی. لە سوکنەی سەربازی خراپتر. وەک لە سوکنەی سەربازیدان ئەگەر سەرنجێکت هەبوو یان ستەمێکت لێکرا،

---

[9] أحب أن تتبينوا جيداً من أنتم في أهل هذا العصر؟... وما دعوتكم بين الدعوات... وأية جماعة جماعتكم... ولأي معني جمع الله بينكم ووحد قلوبكم ووجهتكم، وأظهر فكرتكم في هذا الوقت العصيب الذي تتلهف فيه الدنيا إلى دعوة السلام والإنقاذ .
فاذكروا جيداً أيها الاخوة... أنكم الغرباء الذين يصلحون عند فساد الناس، وأنكم العقل الجديد الذي يريد الله أن يفرق به بين الحق والباطل في وقت التبس عليها فيه الحق بالباطل ... وصلة الأرض بالسماء، وورثة محمد صلى الله علي وسلم وخلفاء صحابته من بعده، فضلت دعوتكم الدعوات، وسمت غايتكم علي الغايات .. .. وأخذتم بنور مبين وقد التبست على الناس المسالك وضلوا سواء السبيل،

دوایی دەچیت دەیڵێی وەک بەعس کە دەیگووت نفذ ثم ناقش، واتە فەرمانەکان جێبەجێ بکە، دوایی گفتوگۆ بکە. بەڵام لای بەنا خراپترە لە سوکنەی سەربازی، دەڵێ: لا نقاش، لا تردد، لا مراجعة! نە گفتوگۆ و نە دڵ لە دڵدان و نە پێداچوونەوە. من قائیدم تەواو.!

هەر بۆیە بڕۆ لە ئینتەرنێت بنووسە: ئەوانەی جیابوونەتەوە لە ئیخوان، سەدەها ناوی گەورە وبەرزت بەرچاو دەکەوێت، زۆریان لە ئەنجومەنی شورای جەماعەت بوون، پاش سی چل ساڵ فەسلیان کردوون لەسەر هۆکاری زۆر بچووک و بێ مانا، لەسەر ڕایەك، ناکۆکیەک، سەرنجێک، زۆریان نووسیویانە کە دەرکراوین لە جەماعەت بەبێ لێپرسینەوە و گفتوگۆ و دادگایی و بێ قسە لەگەڵ کردن و بێ ئەوەی پێشی بزانم!

جەماعەتێك ئەو ئاستەی تێدا بێت لە تاعەتی کوێرانە، سەیر نییە هەر خەریکی چنینەوەی شکست و نوشوستییە، چونکە زوو بە زوویی باشترین خاوەن عەقڵەکان لە دەست دەدات، لەوانە بیردەکەنەوە، ئەوەندەشی دەمێنێ لە خاوەن عەقڵ و هۆشەکان لە ترسانا و لەبەر بەرژەوەندیەکی دنیایی ڕەخیس مت دەبن و دەپوکێنەوە، خۆیان لەگەڵ ئەو سەرکزییە ڕادەهێنن.
احمد ربیع الغزالي کە ئەندامی شورای ئیخوان بوو، لێیان جیابوەوە کتێبێکی لەو بارەیەوە نووسیوە بە ناونیشانی الغام في منهج الاخوان، دەڵێ حەسەن بەنا دەیەها لوغمی چاندووە لە مەنهەجی ئیخوان، بە بەردەوامی دەتەقنەوە، ئەگەر چارەسەر نەکرێ، هەر پێوەی دەتەقنەوە، چارەنووسیان هەر لە شکستەوە بۆ شکست و لە دۆرانێکەوە بۆ دۆڕانێکیتر دەبێت.
حەسەن بەنا دەیەوێ بڵێ چاکترین لایەن گوزارش لە ئیسلام بکات جەماعەتەکەمە، منیش چاکترینی ئەو جەماعەتەم بۆیە دوام کەوە بەبێ دڵ لە دڵدان و بەبێ گفتوگۆ! بێگومان ئەو کورتهەڵبڕینەی دین و ژیان کار ناکات و هەر دەبێتە هۆی فەشەلی بەردەوام. وەک دەزانن بەنا داوای کرد لە شا فاروق هەموو حزبێك هەڵوەشێنێتەوە.

گرنگی ئەو سیمنارە لەوەدایە، گۆڕانکاریەکی گەورە بە فکر و بیروڕای دکتۆرعەدنان ئیبراهیم دەبینرێت، کە کە کاتی بیستن و دیتنی ڤیدیۆکان بۆت دەردەکەوێت. ئێمە هەرچەند تەبا و ناتەبا بین لەگەڵ دکتۆر عەدنان، دەبێ دان بەوەدا بنێین کە ڕیفۆرمخوازێکی گەورەی ئیسلامە، ئێمە دژایەتی کەس ناکەین، هەر موسڵمان و ئیسلامییەک هەنگاوێک نزیکتر بێت لە مرۆڤدۆستی و ژیاری و مەدەنیەت و دیموکراسی، ئێمەش هەنگاوێ لەو نزیکترین تا لە کەسانیتری توندڕەو لەوانەی باوەڕیان بە هاوژیانی نییە. کاتێکی پڕ بە سوود لە خوێندنەوەی ئەو سێ ئەڵقەیەت بۆ دەخوازم، سوپاسی کاك بەها بارانیش دەکەم بۆ سەبتایتالکردنی لە فەیسبوك.

## ٢

هیوادارم ئەو سیمنارە دواهەمین بێت بۆ کردنەوەی ئەو دۆسێیە نالێم قورس و ئالۆزە، چونکە بە نسبەت منەوە هیچیتر سەخت و ئالۆز نییە.

ئەو دۆسێیە بە نسبەت من تا ڕادەیەکی زۆر ڕوونە، نالێم بە ڕەهایی بەڵام تا ڕادەیەکی زۆر شتەکان ڕوونن، ڕونترن لە پێشوودا، یان ناڕوون نین وەك لە پێشودا وابوون .

مەبەست و ئامانجم چییە؟ ئامۆژگارییە، من دەمەوێ ئامۆژگاری بکەم بۆ دین و ئومەت و برایان وخوشکانم لەو ئومەتە. پاش ئەوە ئەگەر پرسیارم لێکرا لەلایەن خواوە دەربارەی دنیا، دەڵێم خودایە من ئامۆژگاریم کرد. نامەوێ پرسینەوەم لەگەڵ ارم بکرێ بۆ قسەت نەکرد ؟ بۆ ڕوونکردنەوەت نەدا؟ بۆ ئامۆژگاریت نەکرد؟

ئێستا کە قسەم کرد دەربارەی دکتۆر قەرەزاوی ڕەحمەتی خوای لێ بێت، دەڵێن بۆ لە ژیانی قسەت نەکرد؟ توخوا بەڕاستانە؟! من قسەم کرد پڕ بە دەم، ئیدانەی هەندێ لەو فەتوایانەیم کرد، گووتم ئەو فەتوایانە بە ملیۆنێك یان دوو ملیۆن دۆلار دراوە، لەسەر مینبەر وامگووت! ئەگەر ناویم نەهێنا، ئەوە من ناوی هیچ زانایەك ڕەخنەی لێبگرم، لەسەر مینبەر ناهێنم. دەڵێن باشە بۆ ناویت هێنا پاش ئەوەی کۆچی دوایی کرد؟

چونکە من داوای ڕەحمەتم بۆ کرد و داوای خۆشبوون و ئیستیغفارم بۆی کرد، دەبوایە بڵێم کە من هیچ ڕازی نەبووم بە فەتوا سیاسییەکانی. وەك چۆن کوڕی خۆشی ڕازی نەبوو بە فەتواکانی وەك لە نامە بە هێزەکەی گوزارشی لێکرد، کە من نیوەی ئەوم نە گوتووە.

بە باوکی گووت تۆ سیاسەت تێکەڵ دەکەیت بە دین، کاتی هاتووە بوەستی و قسە لەسەر دین بکەیت وەك فەقیهێك، لە باسی سیاسەتیشدا بوەستی چونکە تۆ سیاسی نییت.

یاری سیاسەت مەکە لە دینەکەمان، وتەیەکی وا مەزنی پێگووت، کوڕی خۆی شاعیر عبدالرحمن، بێگومان لێی بێدەنگ بوون، ئەوە کاری ئێمە نییە.

قسەم کرد چونکە تا وا زەن نەبەن کاتێ من سەرەخۆشیم کرد و ڕەحمەتم بۆی ڕەوانکرد، داوای لێخۆشبوونم بۆی کرد، باسی زانایەتی و فەزڵیم کرد، ئەو سوودانەی لێیم کردووە بە فەزلی خوا وەك ملیۆنەها کەسیتر، تا نەزانرێ ئەوە ڕازیبوون و تەبایی وهاوڕاییە بۆ هەموو ئەو بیروڕایانەی لەو پیاوە دەرچووە.

ئەو قسەیە ڕاست نییە، من لە کاتی خۆشیدا بە هەموو شتێکی ڕازی نەبووم، چۆن ڕازی دەبم ئەوەی لە سوریا دەگوزەرا، بیکات بە شەڕێکی تائیفی بۆ نموونە؟! دەستی کرد بە قسەکردن بە ناوی تایفەیەك و عەلەوییەکان وایانکرد، ئەو تافەیە وایە و

وایە! ڕاستیش نییە، ئەو جووڵەیە تایفی نەبوو لە نێوان سونی وعەلەوی، کە ئەو ڕاپەڕینە و جووڵەیان کردە تایفی، هیچیان قازانج نەکرد، بەڵکو بووە هۆکارێك بۆ شکست هێنانی و لەناوچوونیان.

بڕوانن هەق هەقە و باتڵ باتڵە، هەمووومان هەڵە دەکەین، بەڵام بە فەزڵێ خوا کاتێ هەڵەم کرد، ئەوەندە بوێرییەم تێدایە بڵێم هەڵەم کرد، من پەشیمانم و داوا لە خودا دەکەم لە هەڵەکانم خۆشبێ، ئەگەر شتێ هەبێ ببێتە مایەی لێخۆشبوونم نیازمە، کە ئەویش بە دەستی خوای گەورەیە. هیوادارم نیاز ونیەتی شێخ حەسەن بەنا لە نیەتی من باشتر بێت لای خودا، بە تایبەتی کە چۆتەوە بەردەستی خوا. بەڵام ئەو بابەتەی نیازەکان و ئاشکراکردنی ئامانج و مەبەستەکان بەدەست پەروەردگارە لا اله الا هو.  ئەوەی لە ئێمە داواکراوە تەنها داوەری بیروڕا و هەڵوێستە ڕواڵەتی و دیارەکانی بکەین. مەبەست و نیەتەکان بۆ خودای دڵەکان بەجێدەهێڵین.

باشە سیمناری ئەوڕۆمان، هیوادارم کە دوا سیمنار بێ، چونکە بابەتەکە درێژە، پێویستی بە زنجیرەیەک، ڕەنگە لە ٢٠، ٣٠، ٤٠، ٥٠ ئەڵقە هەبێ.

بەڵام من تەنها دەمەوێ چەند خاڵێك بخەمە سەر پیتەکان، لە هەندێ باسوخوازدا. سیمناری ئەمڕۆ بۆ ئەوانەی تێدەگەن، با بە ژمارە کەمیش بن، دەزانن کە هەڵەی جەماعەتی ئیخوان، و هەڵەی کۆشش و هەوڵەکانیان، هەڵەیەکی بونیادی دامەزراوەییە، بنيوي تأسيسي...- واتە لە بونیادی دایە لە سەرەتای دامەزراندنەوە- ئەگەریش ئەو هەڵەیە چارەسەر نەکرێ، قەت ڕزگاریان نابێ، قەتیش سەرناکەون.

بەردەوام دەبن لە کاوێژکردنەوەی فەشەلەکانیان، ئەو فەشەلەی ئێستا بۆتە شتێکی باو و ئاسایی ئیخوانەکان، لە دەیەها سایت و شوێندا خوێندوومەتەوە کە وەسفی ئیخوان دەکەن وەك: مامۆستاکانی فەشەل. سەرکەوتوون لە پیشەسازی فەشەل، کە ئەوەش ڕاستە، مێژوویان وا دەڵێت، مێژووی نزیکیشیان وا دەڵێت. بۆچی ئەو هەموو فەشەلە؟! کە لێی ورد دەبینەوە، دەبینین ئەو فەشەل و هەڵەیە لەگەڵ

دامەزێنەر شێخ حەسەن بەناوە دەست پێدەکات! لەوانەیە بڵێن چۆن؟ لە خوا بترسە؟ هیودارم لە لە خواترسەکان بین.

چۆن؟ بەڵگەمان چییە؟ ئەوە دەیخەینە ڕوو. لە وانەکانی پێشوو گووتمان حەسەن بەنا کەسێکی شمولی، گشتگیرکار و تۆتالیتاری بوو. شمولیەت لای بەنا چەند ئاستێکی هەیە. ئەو شمولیەتەش زۆر مەترسیدارە پشت بە ئیختیزالیەت و کورتکردنەوە دەبەستێ. ئەو پیاوە ئیختیزالی و کورتهەڵبڕە بە شێوەیەکی نیگەرانکەر، کە دەتوانێ ئیسلامت بۆ کورت کاتەوە لە چەند ڕستەیەکی دیاریکراو. دەتوانێ دنیا بە سیاسەت و ئابووری و سەربازی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی لە چەند ڕستەیەك کورت هەڵبڕێ، وادەزانێ ئەوە هەموو ڕاستیەکەیە.

ئەو کورتهەڵبڕینە لە تێگەیشتنی دین و دنیا هەردەم بەرەو سادەیی و سەتحیەتت دەبا، لە ئاکامدا تەنها دەبێتە هۆی دۆڕان و شکستی گەورە.
دوایی دەیبینن کە شێخ محەمەد غەزالی دەڵێت: وا ڕێکەوت بەر لە دوو ڕۆژ لە کوشتنی، حەسەن بەنا، لە شەقامێکدا ببینم، پاش چاک وچۆنی، باسی ئەندامە زیندانیکراوەکانی کرد، گووتی: ئێمە لە سیاسەت فاشیلین، خودا بەشی نەداوین لە سیاسەت! ليس لنا في سياسة حظ، واتە بەشمان لە سیاسەتدا نییە، پیاوی سیاسەت نین، بە زمانێکی ڕاشکاوتر دەڵێت ئێمە فاشیلین لە سیاسەت، بەڵام لە خۆی نەپرسی، شوێن کەوتوانیشی دوای ئەو لە خۆیان نەپرسی بۆ فاشیلن لە سیاسەت؟! خۆ بەنا عەبقەری و مونەزیڕی هەرە گەورەتانە و کەسایەتیەکی کاریزمی و شوێنکەوتەیەکی زۆری بەدواوەیە هێشتا فەشەلی هێنا، بە شێخ غەزالی گووت، کە غەزالی شاهیدێکی ڕاستگۆ و جێگای متمانەیە. گووتی بەخت یاوەرمان نییە لە سیاسەت، ڕاستە بەڵام لە دەرەنجامی کردەوەکانی خۆیەتی. ئەو فەشەلە بە دەستی خۆت دروست بووە. چونکە

بەڵام شێخ حەسەن و سەید قوتب، ڕەحمەتی خوایان لێبێت، دەیانگووت نەخێر هیچ بوارێک نییە ئیسلام قسەی خۆی تیادا نەکردبێت .

چونکە ئەو تێگەیشتنێکی گشتگیر و شمولی هەبوو بۆ ئیسلام، جوانە، قەیناکا، بەڵام ئەو تێگەیشتنە شمولیەی لەو لایەنەوە کەمترین لایەنی تێگەیشتنی شمولی مەترسیداریەتی. لەوە ترسناکتر ڕوانگەی بۆ بانگەواز و دەعوەتەکەی بوو، لە نێو دەعوە و بانگەوازەکانی تر. خۆتان دەزانن میسر پڕاوپڕ بوو لە ڕێچکەی دەعوەتکردن، و جەماعاتێکی زۆر و هەزارەها زانای دینی.

ئەو گووتی نەخێر سەرەڕای ئەو پێدراوە واقیعیانە، تێگەیشتنی من و مەنهەجی من، تێگەیشتنی ئەو جەماعەتەی کە دایمەزراندووە، ئەو تێگەیشتنە یە، کە هاوتاو و دەقاودەقە لەگەڵ (ئیسلام)...بە مانایەکیتر بە ئاسانی ١ بۆ ١، ئیسلام واتا جەماعەت، جەماعەتیش واتا ئیسلام.

ئەوەش شمولیەتێکی ترسناکە، لە زۆر شوێن لە پەیامەکانیدا، دەیڵێت و دەیڵێتەوە بەبێ دڵ لە دڵدان.

لەوانەیە پێمبڵێن ئەو بیرۆکەیە شتی زۆر ترسناکی لەسەر بنیات دەنرێ، بەڵێ بنیات دەنرێ و بنیات نرا بە تیوری و بە پراکتیکی، گووتی شتەکە وایە. ئەوەش شتێکی زۆرت بۆ ئاشکرا دەکات لە دەروونی تاکەکانی ئەو جەماعەتە.

بۆیە لە وانەکەی پێشوو گووتمان ئەو جەماعەتەکەی کردبوو بە پێوەر بۆ هەڵسەنگاندنی هەر جەماعەتێکی تر. گووتیان بۆ جەماعەتەکەت دەکەیتە پێوەر، بۆ قورئان، و بۆ ئیسلام پێوەر نەبێ، گووتی نا،نا،نا، کاملترین تێگەیشتن لە ئیسلام لای منە، باشترین گوزارشکەر لێی جەماعەتەکەی منە. یەکسانیەکی سەرتاسەری کرد لە نێوان جەماعەتەکەی و ئیسلام دا. ئەوەش بۆ هیچ کەسێک نییە وابکات، تەنها ئەگەر ئەو کەسە پێغەمبەر بێ. ئەو کەسەی بۆی هەبێ بڵێ تێگەیشتنی من و ئیسلام هاوتاو و چۆنیەکن، تەنها پێغەمبەرە، نە ابوبکر و نە عومەر و عوسمان و نە عەلی، و نە شافیعی و نە ابو حەنیفە و نە سادق و نە زەید، هیچ یەکێکی تر بۆی نییە .

هەروەك ئیمامی دارولهیجرە مالك دەڵێ: هەموو یەکێک قسەی لێ وەردەگیرێ و ڕەتیشدەکرێتەوە، جگە لە خاوەنی ئەو قەبدرە نەبێ، کە مەبەستی پێغەمبەرە.

حسن بەنا قەت لەگەل ئەو لۆژیکە نەبوو، بەڵکو بە پێچەوانەی ئەو لۆژیکە بوو بە بەردەوامی. دەیگووت ئیسلام واتا جەماعەت، جەماعەتیش واتا ئیسلام. هاوتایی و چونیەکیەکی سەرتاسەری. پێیوابوو هیچ شتێکی چاک لە ئیسلام دا نەبووە ئەگەر بە دەستی نەهێنابێت. بە باشترین شێوەش .

ئەوەش تەنها قسە بوو، قسەیەکی ئینشائی ڕووت،
هیچ کاریگەری ئەو بانگەشەیەمان لە واقیعدا نەدیت، نە هەتا لە بواری تیۆریش بینیمان. لە بواری تیۆری ئەو توراسە زانستیەی زۆرەی حەسەن بەنا و قوتابیانیمان نەدەیت لە نووسینی سەدان موجەلەدات، بە جۆرێک فەهم و تێگەیشتنی خۆیان نیشاندابا لە بوارەکانی فیقە و ئسوڵ و تەسەوف.

هیچمان نەدیت لە بانگەشە زیاتر .

کەوابوو هەر بە قسە بوو، کە هەموو کەسێک دەتوانی بانگەشەی وابکات، بەڵام وشەکانی هەر بە بۆشی دەمێننەوە، کە هیچ بەرهەمێکی هەقیقی نابێ، بە داخەوە.

بڕوانە حەسەن بەنا ڕەحمەتی خوای لێ بێت چی نووسیوە، لە پەیامی من هم الإخوان المسلمون، جارێکیتر وەک لە وانە پێشوو گووتم، بەنا ڕوحێکی تایبەتمەندی و دەگمەنێتی و بە گوزارشێکی زبرتر ڕوحی نەرگسییەت و خۆپەرستی، فودەکاتە گیانی ئیخوانەکان، هەر دەڵێ تەنها ئێمە، ئێمە زۆر گرنگین، کەس وەک ئێمە نییە، هەتا کەس نەیتوانیوە نزیکی پایەی ئێمە بێتەوە، ئێمە واین و واین و واین. شتێکی سەیرە، ئەو لۆژیکە دژی لۆژیکی قورئانییە و دژی ئەو لۆژیکە یە، کە پێغەمبەر هاوەڵەکانی پێیەوە دەدواند.
چی نووسیوە لە زنجیرەی من هم الإخوان المسلمون لە دەقێکدا دەڵێ: دەمەوێ چاک بۆتان ڕوون بێتەوە، ئێوە کێن لەناو خەڵکی ئەو سەردەمە. داوەت وبانگەوازی

ئێوە چییە لە نێو بانگەوازەکانی تر، جەماعەتی ئێوە چیە، لەبەرچی خودا کۆیکردونەتەوە و دڵەکانی یەک کردوون. ئاراستەتان بەرەو کوێیە، بیرۆکەی ئێوەی دەرخست لەو کاتە هەستیارە و سەختەدا کە جیهان بە پەرۆشە بۆ بانگەوازی ئاشتی و ڕزگاری. لەبیرتان بێ ئێوە ئەو غەریبانەن الغرباء، کە چاک دەبن کاتێ خەڵک هەمووی خراپ و گەندەڵ دەبێ، ئێوە ئەو عەقلە نوێیەن کە خودا دەیەوێ پێیەوە جیاوازی بکات لە نێوان هەق و ناهەق. "کاروبارەکان هەمووی تێکەڵ و پێکەڵە لای موسڵمانانی تر، تەنها لای ئەوان ڕوونە"!

لە کاتێکدا هەق و ناهەق تێکەڵ و پێکەڵ بووە، ئێوە ئاشتیخوازن، "دوایی دەبینین بەڕاستی ئاشتیخوازن، ڕێکخراوی تایبەت و کوشتن و ڕەشکوژی..." ئێوە هەڵگری قورئانن، ئێوە گرێدەری نێوان ئاسمان و زەوین! "بانگەشەی زۆر زل و ترسناکن!" میراتگری محمد و خەلیفە وسەحابەکانن. بانگەوازی ئێوە پەسندترە لە بانگەوازەکانی تر. "ئەوەت لە کوێ هانی؟! چۆن دەزانی بانگەوازی تۆ باشترە لە بانگەوازەکانی تر، خۆت شایەدی بۆ خۆت دەدەیت، خۆت ستایشی خۆت دەکەیت، ستایشی تێگەیشتنی خۆت دەکەیت، ستایشی تیۆرەکانی خۆت دەکەیت؟! ماقول نییە، بە هەرحاڵ".

ئامانجەکانتان پاکتر و باڵاترە لە ئامانجەکانیتر، پشتان بە ستوە بە پشتیوانێکی باڵا، دەستان گرتووە بە پەتێکی بەهێز کە پچڕانی بۆ نییە، لە ڕۆشنایی نورێکی ئاشکرا ڕێدەکەن، لە کاتێکدا خەڵک گومڕابوون و ڕێگایان لێ تێکەڵ بووە. "خەڵک گومڕا بوون؟! دەستمان پێکرد.!"
وەک دەبینن دەڵێن بەنا تەکفیری نییە، ڕاستە وەك سەید قوتب خەڵک تەکفیر ناکات، بەڵام بەنا تەکفیری دامەزراندووە، ڕێی تەخت کردووە بۆ تەکفیرکردن. هەندێجار بە شێوازی ڕوون و ڕاشکاو، هەندێک جاریش بە شێوازی پێچاوپێچ و شاراوە، خەڵک تەکفیر دەکات. ئەو کافرکردنەی کەمێك بە شێوازی پێچاوپێچە. خەڵك تێناگات، دەڵێ خەڵك گومڕابوون، ڕێگاکان تێکەڵ و پێکەڵە، تەنها ئێمەین چرامان هەڵگرتووە و دەتوانین بەرنامەتان بۆ دارێژین. عەجایب، خەڵکی میسر

گومڕابوون، شێخەکانی ئەزهەر، و شێخەکانی ئیسلام، شێخەکانت کە لێیانەوە فێری زانستی دین بوویت، ئەوانیش گومڕابوون؟.... !

ئێستا ئەگەر ئەو جەماعەتە دەکرێ بە تەواوی یەکسان بکرێت بە ئیسلام، لە ئاکامدا تەنها ئەو جەماعەتە واتە ئیخوان، دەتوانێ بەرنامەسازییەك بکات کە باشترین بێت لە هەموو بوارەکاندا، باشترین بێت لە بواری فێرکردن، و بواری پەروەردە، و بواری کۆمەڵناسی، و بواری فەرهەنگی، و بواری سیاسەت، و بواری ئابووری و بواری سەربازی، حەسەن بەناش وادەڵێ و لەو باوەڕەدا بوو! وایدەزانی دەتوانن ئەو باشترینەیان بە کرداری بسەلمێنن لەو بوارانەدا، نەشی توانی ئەوە بسەلمێنێ بە کردار، و نەیتوانی و سەرکەوتوو نەبوو، نە خۆی و نە جەماعەتەکەی تا ئەمڕۆش نەیانتوانی ئەو بیروڕایانەیان بخەنە بواری کردارەوە.
ئینجا لەوەی ترسناکتر دێت، ئێستا ئەو سەرکردەی باڵایە، دوایی کەمێك هەڵوەستەیەک دەکەین دەربارەی گووتە و دەقەکانی لە بارەی گوێڕایەڵی و متمانە دا. لە زنجیرەی التعالیم، گوێڕایەڵی و پایەکانی گوێڕایەڵی و متمانە لە سێ قۆناغی بانگەوازیدا. متمانە بە سەرکردە، سەرکردە لای ئەو نزیکەی هەموو شتێکە و هەمە کارەیە. ئێستا کەوابوو هاتینە ناو شمولیەت و گشتگیری سەرکردە، باشترین گوزارشکەر لەو جەماعەتە، دامەزرێنەر و تیۆردانەری ئەو جەماعەتە یە کە خودی خۆیەتی و خۆی کول فی کولە.
کەوابوو دەتوانین بڵێین، ئەو واتە ح بەنا جەماعەت لە خۆیدا کورت دەکاتەوە، بگەڕێوە بۆ لای، دەتوانی بڵێیت تۆ ڕوحی جەماعەت بەدەست دەهێنیت لە حەسەن بەنای تێۆردانەر، بۆیە ئاستێکی لە گوێڕایەڵی بۆ خۆی سەپاند، کە زۆر سامناک و تۆقێنەرە.
کاتێ وتەکانی دەخوێنینەوە زۆر سامناک و تۆقێنەرن، وەك بڵێی لە لە پادگانی یان ثکنەی سەربازی بیت. هەتا پادگانی سەربازی لە کاتە نالەبارەکان فەرمانەکان جێبەجێ دەکەیت، دوایی ئەگەر سەرنجێکت هەبوو یان ستەمێکت لێکرا، بۆت هەیە بچیت و بیڵێی. بەڵام لای حەسەن بەنا هیچ گفتوگۆیەك نییە، ئەو دەڵێ: لا نقاش، لا تردد، لا مراجعة! نە گفتوگۆ و نە دڵ لە دڵدان و نە پێداچوونەوەت بۆ نییە.

بێگومان ئەو کورتهەڵبڕینەی دین و ژیان کار ناکات، کاتێ دەخرێتە واری جێبەجێکردنەوە هەردەم شکست دەهێنێ. وەك پاش نەختێک دەبینین حەسەن بەنا داوای کرد هەموو حزبێك هەڵوەشێنێتەوە. بۆ زانین لەو داوایە پشتی بە شای میسر بەست، گووتی من و جەماعەتەکەم داوامان لە مەلیك کرد، ڕەنگە بڵێی کام مەلیك، مەلیك فاروق، بۆ بە فاروق، دەبێ بزانیت کە بەنا تەقدیسی شا فاروقی دەکرد. شا فاروق سەرەتا کەسێکی خۆشەویست بوو، باوکی شا فوئاد ملهور (تاغیە) ێکی گەورە بوو. زیادەڕەوی و ستەمی لە خۆی دەکرد.

کاتێ فاروق هات وابزانم لە ١٩٣٥ یان ١٩٣٦ بوو، کە هات گەلی میسر گەشبین بوون پێی، ئەو گەنج بوو لە تەمەنی ٢٥ ساڵیدا بوو. لە باوکی باشتر و نەرمونیانتر دەبێت، بە ڕاستیش لە باوکی باشتر بوو. هەڵبەتە ئیمام حەسەن بەنا پێشوازی لێکرد و قسەی جوانی دەرهەق گووت، وەک هەموو خەڵک و هەموو حزبەکان، بەڵام ئەو لێدوانانەی سڕایەوە لە هەموو چاپەکانی کتێبی بەنا مذکرات الدعوة والداعیة، تەنها لەو چاپەدا هەیە کە لەپاش کوشتنی بەنا دەرچوو لە لاپەڕە ٢٥١ تا ٢٥٥، واتە نزیکە چوار یان پێنج لاپەڕە.

ئێستا لە هەموو چاپەکانی تر ئەو قسە و لێدوانانە نەماون، بۆ؟ چونکە جەماعەت هەستیان بە ئیحراجی کرد، کە شێخ بەنا لێرەدا فاروق پڕ ستایس دەکات و گەورەی دەکات، و قسەی زۆر زۆر چاکی دەربارە دەکات، کە زیاد لە حەد و رەنگە شایستەشی نەبێت. بەڵام کێشە لەوەدا چییە، هەموو حزبەکان لە سەرەتادا وایان کرد. کێشە لەوەدا نییە ئەو شتانە بسڕیتەوە، کێشە لێرەدایە ئایا دەتوانیت ژمارەکانی گۆڤاری الإخوان المسلمون بسڕیتەوە، کە ئەو گۆڤارە لە ئەرشیفی میسری دایە، بەردەستە بۆ ئەوەی بیەوێ بیبینێت.

ئەوەی جێگای سەرسوڕمانە لەو ژمارانەی گۆڤارەکە، ئەوەیە دەزانن لە تێڕوانینی گەلی میسری، چ ساڵێك خراپترین ساڵ بوو لە ژیانی شا فاروق؟ کاتێ بێ هیوایی لێی گەیشتە لوتکە. کە خەڵک زانی فاروق کارەساتە بەسەر وڵات؟ ساڵی ١٩٤٨ بوو،

کە بارودۆخی ناوخۆیی زۆر خراپ بوو، لە رووی ئابووری و ئاسایش و ڕەشکوژی، ئینجا شکست لە شەڕی فەڵەستین و لە دەستدانی فەڵەستین، کێشەی چەکە بەسەرچووەکان، کە درایە دەستی سوپای میسری. هەموو ئەوانە لە ١٩٤٨ ڕوویاندا، کە دەڕوانیتە ژمارەکانی گۆڤاری الإخوان المسلمون ی ساڵی ١٩٤٨، دەبینیت گۆڤاری پلە یەکە لە ماستاوکردن و بخور سوتاندن بۆ مەلیک فاروق، زلترین نازناوی لێدەنێ، وەک خاوەنی تاجی موقەدەس، ئەو واتە فاروق جێگای پشت پێ بەستن و ئاواتە، شتێکی سامناکە، هەتا لە نامەکانی ئیمام بەناش هەیە. حزبەکانیتر هەموویان پاشەکشەیان کرد (لە ستایشی فاروق ) هەندێ لێکۆڵەر دەڵێن چاومان خشاندەوە بە ژمارەکانی گۆڤاری المصور و آخر ساعة و روزالیوسف، هیچ گۆڤارێک ناگاتە ئاستی نیفاق و دووڕوویی گۆڤاری الإخوان المسلمون بۆ شا فاروق. کەچی هەمیشە هاواریانە لە دەست فەرمانڕەوایانی ستەمکار و تاغوتەکان. ئەو دووڕووییە ترسناکە لوغمێکی مەترسیدارە لای ئیخوانی موسلمین. دووڕووییەکی سەیریان تێدایە. بۆیە مێژوویان لەو بوارەدا نیگەرانکەر و بێ متمانەیە.

## ٣

لەگەڵ فاروق ڕێزی لێدەگرن تا سنووری پیرۆزکردن و تەقدیس، پێی دەڵێن خاوەنی تاجی پیرۆز، ئیمام بەنا وا وەسفی دەکات، دوایش لێی هەڵدەگەڕێنەوە. لەگەڵ نوقراشی باشا دەبن دوایی دەیکوژن، لەگەڵ عبدالناصر ی برایان لە ڕێکخراوی تایبەتی ئیخوانی، کەچی پلانگێڕی لە دژیدا دەکەن لەگەڵ ئینگلیزدا بۆ لەناوبردنی، ئەوە قسەی من نییە، بەپێی بەڵگەنامە ئینگلیزییەکان کە پەردەی نهێنی لەسەر لادراوە، پیلانگێڕی ئیخوان بۆ کوشتنی عبدالناصر باسکراوە، دەبینی چۆن؟!

هاوپەیمانیان کرد لەگەڵ سادات، هاوپەیمانییەکی هەلپەرستانە و بەرژەوەندی خواز، چونکە سادات دەیویست پاشماوەی ناسرییەکان پاکتاو بکات، کێشەی لەگەڵیاندا هەبوو، لەو ناسرییە گەورانەی خاوەن کێشی قورس بوون، هەروەها کێشەی هەبوو لەگەڵ شوعییەکان و چەپڕەوەکان.

محمود جامع پیاوی جەماعەتی ئیخوان لە کتێبەکەی بە ناوی (رأيت السادات)، شتێکی لەو بابەتە،ئەو پیاوە لە جەماعەت بوو، دوایی بووە پیاوی سادات، دەڵێ ئەو هاوپەیمانیەمان لەگەڵ سادات بەست، دوایش سادات دەکوژرێت لەسەر دەستی جەماعەتێک کە لە کەوای ئیخوان موسلمین دەرچوو بوون.

هەروەها رێکخراوی الفنية العسكرية ش هەروا بوون. هەتا لەگەڵ موبارەک، کە ئیخوان دەیانگووت موبارەک باوکمانە، برۆ سەر ئینتەرنێت بنووسن: محمد بديع مبارك أبونا، مورشیدی جەماعەت محمد بديع گووتی موبارەک وەک باوکمان وایە، رێزی لێدەگرن و خۆشیان دەوێت، دوایی پیلانگێڕیان کرد لە دژیدا، هەتا پیلانگێڕیان لە دژی شۆڕشی میسریش کرد، دەڵێی چۆن؟!

هەمووی سەلمێندراو و ڕوونە، عبد الستار المليجي دکتۆر و ئەکادیمییە، کە بۆ ماوەیەکی زۆر لە ژیانی لەناو جەماعەت بەسەر برد و دوایی وازی لێ هێنان، بە هۆی ناکۆکییەوە، دەڵێ لە کاتێکدا لاوان لە مەیدانی تەحریر بوون، عومەر سلێمان چاوی بە سێ کەس لە زیندووەکان کەوت، کە ئەو کاتە زیندوو بوون، کە بەناو ناوی بردن، کە هەر یەکە لە دکتور محمد مرسي، دکتور محمد بديع و دکتور محمد سعد الكتاتني بوون.

گووتی ئەو سێ کەسە زیندوون لە بەرنامەی (إضاءات) گووتی ئەوانە زیندوون و ڕاستی ئەو قسەیە دەزانن کە عمر سليمان لەگەڵیان کۆبوەوە و گووتی با ڕێککەوتنێک بکەین لە نێوان دەوڵەت و جەماعەتی ئیخوان موسلمین، شۆڕشیش نەک لەبەر دەرگا بوو، بەڵکو لە مەیدانی تەحریر بوو، خەڵک هەمووی لە تەحریر بوون، ڕۆڵەکانیان هەمووی چوونە ناو شۆڕش لە ڕۆژی چوارەم، ڕێککەوتنەکە چی بوو، هەوڵدەن زۆرترین ژمارە لە لاوانی مەیدانی تەحریر بکێشنەوە، لە بەرامبەر چیدا؟! مۆڵەتێکتان دەدەینێ بۆ پێکهێنانی حزبێک، حزبی الوسط بیست ساڵ بوو داوای مۆڵەتی دەکرد، پێینەدرا، کە سەر بە أبو العلا ماضي بوو، کە لە ئیخوان

جیابوەوە بۆ زانینتان، ئەوەش درزێکی گەورەی خستە نێو جەماعەت. گووتی مۆڵەتتان پێدەدەین، پێشیان دا کە حزبی الحرية والعدالة یان دامەزراند.

دووەم گووتی جەماعەت دەگەڕێتەوە بە شێوەیەکی ئاسایی و ڕەسمی کاردەکات بەبێ هیچ کۆسپ و تەگەرەیەکی پێشوو. سێیەم گووتی پیاوەکانتان لە زیندانی دەردەکەین، گووتیان ڕازین!

دەست بەکار بوون، دوایی موبارەك کەوتە ژێر بارودۆخی قورسی ڕووداوەکان، دەسەڵاتی ڕادەستی ئەنجومەنی سوپا کرد، ئیخوان بەردەوام بوون لە جێبەجێکردنی هەمان ڕێککەوتن لەگەڵ ئەنجومەنی سوپا. شتێکی سەیر ونامۆیە برایان، ئەو هەلپەرستییە و دووڕوویيە و ڕەنگگۆڕییە وەک خومخمۆکی ڕەنگگۆڕ (حەربا)، ئێستاش تەنها ئەوان خۆیان بە قوربانی دەزانن، تەنها ئەوان مرۆی چاکن. کێشەکە ئەوەیە خەڵک بەوانە نازانێ، بۆیە ئەوەی دەیەوێ تێبگات، سەرەتا دەبێت بخوێنێتەوە بە هێمنی و لەسەرخۆ هەموو لایەنەکان بخوێنێتەوە، وێنەیەکی تەواوی دەست بکەوێت، تابزانێ چی ڕوویداوە و چی ڕوودەدات، نەک هەندێ مانشێت لێرە و هەندێ زانیاری لەوێ وەربگرێت، کە دەڵێن ستەمیان لێکراوە و نازانم چی، ستەمیان لێکرا، بەڵێ ستەمیان لێکرا و ئەوانیش ستەمیان کرد، بەداخەوە ستەم هەمیشە هەیە، خودا ستەم هەڵگرێ لەسەر هەموو ستەملێکراوان.

ئەوەتا شێخ حەسەن بەنا لە لە کۆتایی پەیامی فێرکارییەکان(رسالة التعاليم) قسەی ئاڕاستەی ئەو برایە ئیخوانیە دەکات کە لای داوە لە تەعلیماتەکانی، کە خۆی دیاریکردوە و شیکردۆتەوە. ئەو تەعلیماتێکی زۆری هەیە، دەڵێ ئەوەی پێی پابەند نابێت دەبێ بڕوا. دەڵێ: ئەگەر بەو تەعلیماتانە پابەند نەبوویت، کارت بۆ نەکردن، هیچ پەیوەندییەک لە نێوان ئێمە و تۆ نامێنێ. هەر بەو بۆنەوە وێنە خەیاڵکراوی بەنا ئەوەیە کە مرۆڤێکی نەرم و نیان و ئارامگرە، بەڵام کاتێ نووسینەکانی دەخوێنینەوە وێنەیەکی ترت لێی دەست دەکەوێ. هەرگیز وانییە، کەسایەتیەکی حەدییە، بەڵام ئەو هێندە زیرەك بوو تا هەوڵ بدات وێنەیەکیتر بۆ خۆی نیشان بدات، گوایە زۆر بێنی فرەیە و بە ئارامە.

بەر لە چەند ڕۆژێك زانایەکی بەڕێز چەند لاپەڕەیەکی بۆ ناردم لە کتێبێکی حسێن احمد امین، گووتی لە ئینتەرنێتدا نییە، لە ڕاستیدا لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت هەیە، منیش کتێبەکەم لایە. گووتی تەنها ئەو گفتوگۆیە بیخوێنەوە لە نێوان حسێن احمد امین و شێخ حەسەن بەنا، کاتێ دەخوێنیتەوە دوچاری سەرسوڕمان و چەپۆک دەبیتەوە بە کەسایەتی حەسەن بەنا، کەسایەتیەکی سەخت و یەکلاییە، لەسەرەتادا دەیەوێ بتخاتە ئامێزی خۆی و ئیستیعابت بکات، ئەگەر لێت بێ هیوا بوو، یەکسەر لێت هەڵدەگەڕێتەوە، دەست دەکات بە قسەکردن بە زمانی لێبەریبوون و جیاکاری، هەورەها جۆرێک لە تانەدانی ڕاستەوخۆ لە بیروباوەڕ و عەقیدەت، دەپرسێ ئەوە ئیسلامە، ئەوە دینە، ئەوەی وا دەڵێت دەکرێ لەسەر موسڵمان حسێب بکرێ، تۆ دەترسیت، سەیرە، ئەو پەلەپەلە چییە، ئەو زمانە یەکلاییکەرەوەیە چییە، ئەو توووند و ڕەقییە چییە لە کەسایەتی ئەو. بۆ زانین، ئەو سیفەتانە لە قسەکانی بەدەر دەکەون، نەک تەنها لەو ڕووداوانە.

گووتی چی؟ هیچ پەیوەندییەک لە نێوان ئێمە و تۆدا نییە، هەتا ئەگەر لە سینگی مەجلیسەکانی ئێمەدا بوویت، قەبەترین نازناویشت هەڵگرت. نازانم بۆ کاتێ ئەو وتانەیم دەخوێندەوە، چیرۆکی احمد امین م هاتە خەیاڵ. چونکە ئەو داوای لە احمد امین کرد بێتە ناو جەماعەتی ئیخوان و ببێتە ڕابەرێک لە ڕیزەکانی یەکەمدا. احمد امین ئینسکلۆپیدیایە حەیاتم، خاوەنی فجر الإسلام و ضحى الإسلام و ظهر الإسلام بە هەر چوار بەشەکانییەوە و هەروەها يوم الإسلام، ئینسکلۆپیدیایەکی هەقیقییە. من سەرسامم دەبێ بە ڕاشکاوی بڵێم چۆن لە ڕۆژگاری احمد امین نە ئینتەرنێت و نە گوگل و نە المكتبة الشاملة هەبوو، چۆن أحمد أمين توانی ئەو ئینسکلۆپیدیایە بنووسێت، ئەو پیاوە چەند هەزار کتێبی لە توراسی ئیسلامی و عەرەبی خوێندۆتەوە، تا ئەو کتێبە مەوسوعەیە سەیرەمان بۆ بەرهەم بێنێ.

حەسەن بەنا شانازی پێ دەکرد، بە کوڕەکەی حسێن احمد امین گووت من زۆر سەرسامم بە باوکت، کتێبەکانیم دێر بە دێر خوێندۆتەوە، هەڵبەتە دەخوێنیتەوە چونکە گەنجینەیەکی مەعریفییە. دەتەوێ أحمد أمين ئەو بیرمەندە گەورە و

عەلامەیە، کە ڕوحێکی کراوەی هەبوو بەسەر سەردەم و کلتورەکان و نەتەوەکان، هەروەها ڕۆحێکی فەلسەفی، بێت چیبکات، لە ژێر فەرمانی تۆدا کاربکات، یان هەتا ڕابەرایەتی جەماعەتی تۆ بکات؟!

ئەو خاوەن ئاسۆیەکی تەواو جیاواز و پڕۆژەیەکی تەواو جیاواز بوو. ئێستا لە هەر ڕۆشنبیرێك بپرسیت، یان لە خۆت بپرسیت، چ سودێکت لە خوێندنەوەی بەرهەمەکانی بەنا بینیوە، بە ڕاشکاوی دەڵێیت لە رووی عیلمیەوە هیچ سودێکی وام لێی نەبینیوە، ئەی چ سودێکت کردووە لە احمد امین؟ لە وەڵامدا دەڵێیت گەنجینەیەکی بێ شومار، ئێستا کە گەڕانەوە ماڵ کتێبەکانی أحمد أمین بخوێننەوە، دڵنیام دوعا بۆ من و أحمد امین دەکەن. فجر الإسلام و ضحى الإسلام ظهر الإسلام بخوێنەوە ماشەڵلا.....

أحمد أمين بە کوڕەکەی گووت بەڵێ من نامەکەی شێخ حەسەن بەنا م خوێندەوە، کە نامەکەی لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکانەوە بۆ ناردبوو: داوەتێکی کراوە بۆ عەللامە دکتۆر أحمد أمين و و بێتە ناو ڕیزەکانی یەکەمی جەماعەت، گووتی بەڵێ خوێندمەوە پێویستم بەوە نییە و نامەوێ چاویشم پێیکەوێ.

هەڵبەتە هەمان شتی داوا کرد لە محمد حسين هيكل، مەبەست محمد حسنين هيكل نییە کە هاوڕێی جمال عبدالناصر بوو، ئاگادار بە. محمد حسين هيكل بیرمەندێکی میسری مەزن بوو، یەکەم کەس بوو ڕۆمانی بە عەرەبی نووسی بە ناونیشانی (زينب) خاوەن کتێبی ژیانی محمد (حياة محمد) و کتێبی ژان ژاک ڕۆسۆ بوو.

زانایەکی گەورە و بیرمەندێکی مەزن بوو، سەرکردەی حزبی الأحرار الدستوريين (ئازادیخوازانی دەستووری ) بوو. بەنا کە چاوی پێکەوت
دەستی ماچ کرد، بێگومان کەسایەتیەکی گەورە بوو، دەستی ماچ کرد و داوای لێکرد بێتە ناو جەماعەتەکەیەوە. گووتی فەرموو تۆ ببە سەرکردە و ڕابەرمان، گووتی سوپاس من زۆر سەرقاڵم، خەریکی کاری سیاسی و زانستییم کاتم بۆ ئەو شتانە نییە.

لێرەدا من مەسەلەیەکی زۆر گرنگم تۆمار کرد، هەتا بیرکرنەوە و هەڵە نەکەن، لەوانەیە بڵێی تۆ نکوڵی لە چی دەکەیت براکەم، خۆ ئیسلام بەڕاستی دینێکی شامیل و گشتگیرە، ئیسلام گشتگیرە ڕەنگە گشتگیر بێ بەڵام بەو شێوەیەی بەنا تێیدەگەیشت؟! نا.

لەوانەیە هەتا لە قسەکەی تێنەگەیشتبیت، بەڵام ئیسلام دینێکی گشتگیرە، ئیسلام دین و دەوڵەتە، قورئان و شمشێرە وەک جەماعەت دەڵێ، ئابووری و فەرهەنگییە، عەسکەری و سیاسەتە، و چییە و چییە، جوانە، جوانە گفتوگۆ لەبارەی ئەو شتانە ناکەین، بە چاوپۆشین، ئەگەر بەڕاستی پێتوایە ئیسلام وایە، زانستی پزیشکییە و زانستی ....، زانستی کشتوکاڵیە، زانستی مایکرۆبۆلۆجییە، بە ئیسلامیزەکردنی زانستەکان و هەموو شتێک.

دەمەوێ چ بڵێم، هەتا پێش ٢٠٠ ساڵ یا ٣٠٠ ساڵ، هەتا پێش ١٠٠ ساڵیش، داواکردن بە ئیسلامیزەکردنی ژیان، باڵکێشانی ئیسلام بەو شێوەیە گشتگیر و شمولیەوەی کە تێیدەگەن بەسەر ژیان و ئەوەی تێیدایە، کارێك بوو تا ڕادەتەکی زۆر مومکین و قابیلی قبوڵ بوو تا حەدێک بە ڕێژەی ٧٠%، ئێستا ئەو کارە نیمچە ئەستەم و موستەحیلە، پێم بڵێن بۆ؟! ئەوانەی تا ئێستاش باوەڕیان بەو بیروڕایە گشتگیر و سەرتاسەریانە هەیە، تێنەگەیشتوون، عەقڵیان بەوە ناشکێ کە لە سەدەی ٢١ دەژین و لە سەردەمی جیهانگیری و سەردەمی تۆڕی ئینتەرنێت، گۆڕانیان پێ هەرس ناکرێ، چونکە فێرنەبوون بە قووڵی بیرکەنەوە.
تۆ ئێستا کوڕی خۆت، کە قورئانت پێی لەبەر کردووە، لە ماڵەوە دانیشتەوە تەنها بە کلیکێک یان پەنجەیەک لەسەر دوگمەی ئایفۆن یان ئایپاد یا هەر ئامێرێکیتر ، بەسەر جیهاندا دەکرێتەوە، نەك تەنها بەسەر ئومەتی و کلتوری ئیسلامی، بەسەر جیهان، بەسەر هەموو کلتورەکانی جیهان. ئەی وانیە؟ بەسەر بیروراکانی جیهان، بەسەر تیۆرەکانی جیهان، شێوازی ژیانی هەموو جیهان خۆرئاوای و خۆرهەڵاتی دوور، هەموو جیهان.

فیلم و پڕوپاگەندە و پارچە ڤیدیۆ و کتێب، وەرگێڕان و توێژینەوە و دەزگاکان هەمووی بەردەستن،شتگەلێکی وان باوەڕ ناکەیت، وەک چۆن امین معلوف سەرنجێکی دروستیداوە، لە کتێبی الهویات القاتلة، دەڵێ لەو ڕۆژگارە هەر تاکێک لە دیمەشق زیاتر لەو گەنجەی بەرلین یا پاریس یا سیدنی دەچێ، زیاتر لەو دوو تاکەی لە دیمەشق دەژین بەر لە، بابڵێین هەتا لە ئێستا، دەتوانی تاکێکی دیمەشقی بدۆزیتەوە ڕیشی بەرداوە و عەمامە لەسەری دەپێچێ، دیشداشیەکی کورتی سونەتی لەبەردەکات، ئامادە دەبێت لە وانە دە خوێندنەوەکان - القراءات العشر- ئەوە مەزهەری وایە،خولیاکانی دەگەڕێتەوە بۆ چاخەکانی کۆن، جوانە بۆ نا، هاوسێیەکی هەیە، ئەویش نوێژ دەکات، لەگەڵی نوێژ دەکات بە کۆمەڵ، ڕەنگە جاروبار بەژداری پێبکات لە هەندی وانەشدا، بەڵام خاوەنی دکتۆرایە لە زانستی ئای تی کۆمپیوتەری لە زانکۆی پاریس یان سیدنی یان ڤیەننا، چوار زمانی بیانی دەزانێت، پشووی هاوینەی لە پایتەختێکی خۆرئاوایی بەسەر دەبات. کەرەڤات لەبەر دەکات، و مارکەی خۆرئاوایی دیار لەبەردەکات، بۆن و عەتری خۆرئاوایی بەکار دەهێنێت، شێوازی گفتوگۆی خۆرئاواییە، مەنهەجی تێگەیشتنی لە زانکۆیە کە فێری بووە خۆرئاواییە.

ئێستا توخوا ئەوەی دووەم، نابینن زۆر نزیکترە بۆ تاکێکی نۆرماتیڤی ئاسایی لە پاریس و بەرلین خۆرئاوایی مەسیحی زیاتر بۆ ئەو هاوسێیەی کە نوێژی لەگەڵ دەکات وجاروبار لەگەڵیدا ئامادە دەبێت بۆ وانەکانی دە خوێندنەوەکان؟! بەڵێ زۆریش بۆ ئەوان نزیکترە. بۆیە ئاگادار بن ئەی ئیسلامییەکان، باسەکە لایەنێکی فیکری بەخۆوە دەگرێ بەداخەوە، نامانەوێ سەتحی و سوکی کەین. ئاگادار بن داواکاریتان بە ئیسلامیزەکردنی ژیان و ئەم و ئەو بەو شێوەیە نەرێتگەرا و تەقلیدیە، بە پشت بەستن بە توراس و تۆمارگەی فیقهی نەرێتگەرا، ڕەچێتەیەکی کارەستبارە دووچاری فەشەل و شکستێکی زۆر گەورەتان دەکات، قابیلی قبوڵ و ڕێگەپێدان نییە، تیایدا سەرناکەون، ناتوانێ کار بکات، نەک لەبەر ئەو قیبتیانەی لاتە لە میسر، ملیۆنێ قیبتی کە قەد ناهێڵن وەک هاوڵاتی پلە دوو مامەڵەیان بکەیت.

موستەحیلە لە سوپا نەیانهێڵیت، لە دەوڵەت نەیانهێڵیت، ڕێگات پێ نادرێ، جیهان ناهێڵێ، ئەوانیش ڕێگات پێنادەن، هەتا ئەگەر هاتوو لێت جیابنەوە بە دەوڵەتێک، کە لەو حالەتەدا تۆ هۆکار و سەبەبکار دەبیت، نەک هەرهێندە، هەتا کوڕەکەی خۆشت ناهێڵێ وابکەیت و ئەو کارانەی بە دڵ نابێت، ئەو کوڕەت کە لە خۆرئاوا دەخوێنێ، یان لەسەر مەنهەجی ئەوان خوێندویەتی ڕێگات پێ نادا، وا هەست دەکەیت تێگەیشتنی بۆ گرێ و گۆڵەکانی ژیان زۆر لە تۆ زیاترە، بە دڵنیایەوەش لە شێخ حەسەن بەنای بەر لە ٨٠ ساڵیش زۆر زیاتریشە، ئەوە تەنها تۆی هێشتا نەگەیشتیت، ڕەنگە قیتار جێیهێشتبێتی و تۆ بەپێ هاتووی.

قیتارەکە منداڵ و نەوەکانت لێی دابەزین، ئێمەش لێی دابەزین، تۆ هێشتا ملی ڕێگات گرتووە بە پێ دێیت. بۆیە دەنگت پێمان ناگات و گوێمان لێت نابێت، پلانەکەشت قبوڵکراو نییە. لێم تێگەیشتن ئێوە؟ ویستم بە زمانێکی وێنەکێش بۆتان بدوێم تا ئەو بیرۆکەیەتان بۆ نزیك کەمەوە، برۆ تۆ دایبرێژەوە بە شێوازێکی زانستی فەلسەفی، بەڵام ئەوە ڕوحی ئەو بیرۆکەیەیە[10].

[10] سەرنج: دەتوانی تەواوی ئەو سێ ئەڵقەیە بە ڤیدیۆ و سەبتایتڵکراو ببینیت لە یوتیوب و فەیسبوك:

حەسەن بەنا، دوو ڕوویی و پیشەسازی شکست YouTube -

## بەشی سێیەم

## ئەو حەسەن بەنایەی پێویستە وەك خۆی بیناسین!

**خوێندنەوەیەك لە كتێبی ئەو (حەسەن بەنا) یەی كە كەس نایناسێت**

## بەشی یەکەم

لەم کتێبە "حسن البنا الذی لا یعرفه أحد"، لە نوسینی نوسەری رۆژنامەنوس (حلمی النمنم)ە جێگری سەرۆکی دەستەی میسری گشتی کتێبە، بەڕێوەبەری نوسینە لە گۆڤاری المصور کە لە دار الهلال دەردەچێت ولە چەندین رۆژنامە وگۆڤاری تریش دەنوسێت بایەخی سەرەکی نوسینەکانی دەربارەی کەسایەتیە مێژوویەکانە...

کە ئەو کتێبەم خوێندەوە، هەستم کرد کەلێنێکی گەورە لای خوێنەری کورد بە گشتی پڕ دەکاتەوە، لای خوێنەری ئیخوانیش بە شێوەیەکی تایبەتی، چونکە ئەو وێنەیە خەیالی وئەفسانەییەی، کە ئەحزابی ئیخوان مەشرەب دەربارەی حەسەن بەنا بڵاویدەکەنەوە و دەیبەخشنەوە، یارمەتی مرۆڤ نادات تا بە شێوەیەکی بابەتیانە لە خودی حەسەن بەنا ورێبازەکەی تێبگات، یان لە مێژووی هاوچەرخ تێبگات.

وێنەی ئەفسوناوی حەسەن بەنا زیاتر لە وێنەی خەیالی وسەقەتی شیعە بۆ حەزرەتی عەلی کوڕی تاڵیب دەچێت، کە هەزارجار لە حەجمی خۆی گەورەتر کراوە، تاڕادەی کردنی بە نیمچە خوداوەندێك، ئەو جۆرە موبالەغات وفوتێکردن سەرەڕای ئەوەی دژی مەنهەجیەتی عیلمی وئەکادیمییە، دژی خودی ئاینی ئیسلامییشە، هەر سەرنج بدەینە قورئان لە جەختکردنەوەکانی لەسەر ئادەمیەتی پێغەمبەر، و وڕەخنە و سەرکۆنە وگلەییەکانی دەرهەق بە پێغەمبەر، ئەم ڕاستیەت بۆ دەردەکەوێت.

لە خستنە ڕوی ئەم کتێبە مەبەستم نییە تانە لە کەسایەتی بەنا بدەم، یان لە ئیخوان، چونکە تا ئێستاش من برادەرانێکی زۆرم هەیە لە نێو ئیخوانەکان وڕیزی زۆریشم هەیە بۆیان، بەلام زۆرم پێخۆشە لەگەڵ ئەو وەرزەی شۆڕشە کە هەموو جیهانی ئیسلامی وعەرەبی تەنیوەتەوە، ئەوانیش کەمێك بە خۆیان دابچنەوە، هیچی تر گیرۆدەی تەقدیسکردنی پیاو وئەشخاس نەبن، با ئەو پیاوە حەسەن بەناش بێت.

کەس موستەهەقی تەقدیس کردن نییە وپێویستە وەك مرۆڤ بڕوانینە هەر مرۆڤێك بە ئیجابیات وسەلبیاتیەوە، بە لایەنە بەهێز و لاوازیەکانیەوە، بە ڕاستی وهەڵەکانیەوە. تەقدیسکردن بەربەستێکە لەبەردەم قەدەغەکردنی هەر خوێندنەوەیەکی تر وجیاواز، بۆ خوێندنەوەی ئەو دەسەڵاتەی کە زانیاری دەربارەی کەسە موقدەسکراوەکەی پاوان کردوە. لەوەتی هەم دژی بە بتکردنی هەر کەسێکم لە بچوکترین شێخی فریودەری نێو گوندەکانەوە تا گەورەترین زانا وعالیم وپیاوی حەرەکی وەك حەسەن بەنا، تەنها شتێك کەمن بۆم سەیر بوو ئەوە بوو کە خودی حەسەن بەنا، دەستی هەبوە لە دروستکردنی ئەو خەرمانە و هالەیە ئەفسوناویە بە دەوری کەسایەتی خۆی.!

وردەکاری ئەو بابەتە لەو نوسینە چاکتر دەبینین، دەربارەی ئەو بابەتە نوسەری کتێب لە پێشەکیدا دەنوسێت:" سەرنجی خۆشەویستی ئیخوانەکانم داوە بۆ حەسەن بەنا، کە دەگاتە رادەی تەقدیس کردنی مورشیدەکەیان، ئەوەی بڕوانێتە لیستی بەرهەم هێنانی زانستی ئیخوانەکان، بۆی دەردەکەوێت کە کتێبێکی نایاب وبەنرخیان نەنوسیوە لەسەر سیرە و ژیاننامەی پێغەبەر، یان لەسەر ژیاننامەی ئەبوبەکری سدیق، کە یەکەم خەلیفەی ڕاشدینەکانە، وئەو نەبوایە ئیسلام

دەفەوتا لە پاش کۆچی دوایی پێغەمبەر. یا لەسەر کەسایەتیە مەزن وناودار وکاریگەرەکانی ناو سەرلەبەری مێژووی ئیسلام، کەچی چەندین کتێب وتوێژینەوەیان نوسیوە لەسەر ژیننامەی حەسەن بەنا، تێیدا سیفاتی وا گەورە و مەزنیان خستۆتە پاڵی کە بە زەحمەت لە مرۆڤێکدا کۆدەبێتەوە!

لە کتێبێکی منداڵاندا ناونیشانی (حەسەن بەنا، دامەزرێنەری بانگەوازی ئیسلامی) ئەگەر ڕاست بێت حەسەن بەنا دامەزرێنەری دەعوەی ئیسلامی بێت، کە ڕاست نییە، ئەی چی دەمێنێتەوە بۆ پێغەمبەر وهاوەڵەکانی؟!" (ل 5-6) لەوانەیە ئەگەر بگوترابا: نوێکەرەوەی بانگەوازی ئیسلامی، چاکتر بوایە.

ئەو جۆرەتەقدیسکردنە بەڕادەیەکی زۆر سەیرە تا ئەو ڕادەیەی کە بچوکترین هەڵە وکەموکورتی ئەو پیاوە نیشان نادرێت، ئەوە لە کاتێکدا پێغەمبەر لە چەندین شوێن وهەڵوێست لە قورئاندا ڕەخنەی لێگیراوە وەك لە سورەتی (عبس) (عبس وتولى ان جاءه الاعمى) یان لە سورەتی (التوبه 43) (عفا الله عنك لم اذنت لهم حتى يتبين لك الذين صدقوا وتعلم الكاذبين) ودەیان نمونەی تر.

نوسەری کتێب دەڵێت: " سەیر لە وەدایە کە حەسەن بەنا لە ژیانی خۆیدا وانەبوو، چەندین جیاوازی کەوتە نێوان خۆیی وئیخوانەکان وچەندین کەسی لێ جیابوەوە، وچەندین کەسە نزیکەکانی خۆی هێرشیان کردە سەر، کار بەوە گەیشت (احمد السكرى) کە پیاوی دووەمی ناو ئیخوان بوو، وهاوبەشی حەسەن بەنا بوو لە دامەزراندنی جەماعەتدا، وهاوڕێی تەمەنی بوو حەسەن بەنای تاوانبار دەکرد بە درۆکردن وچەندین کاری تر، کەسانێکی تر تانەیان لە دەستپاکی دراوی دەدا (زیمەی مالی) وهەموو ئەوانەی لە ئیخوان جیابونەوە، تاوانباریان دەکرد بە خۆسەپاندن و دیکتاتۆریەت، وهەرچەندە بەردەوام باسی شورای دەکرد کەچی کاری پێنەدەکرد بۆ یەك جاریش"(ل6)

نوسەر دەڵێت تا ئێستا بەخۆداچونەوە نیە لە نێو ئیخوان سەبارەت بە مێژووی حەسەن بەنا، وکاتێ یادی 60 ساڵەی کوشتنی سەرۆك وەزیرانی محمود فهمى النقراشى هات لە 2008 کە هێمایەکی گەورەی نیشتیمانی میسری بوو، وبەژداری کردبوو لە شۆڕشی 1919 وحوکمی ئیعدامی بۆ دەرکرا بوو لە لایەن ئینگلیزدا، سەبارەت بەو ڕوداوە کە بوە هۆی کوشتنی خودی حەسەن بەنا، نوسەرانی ئیخوان لەو بۆنەیەدا لە جیاتی هەڵسەنگاندنێکی بابەتی بکەن بۆ ئەو ڕوداوە، هاتن

النقراشی یان بەوە تاوانبار کرد کە مەیلی زایۆنیزمی هەبوە، واتە هیچ پەشیمان وئەسەف کێشان نیە لەلایەنی ئەوانەوە لەسەر کوشتنی، بەڵکو پێیانن وایە کەوا موستەهەقی کوشتن بووە (ل 7)

کەوابوو ئەو نوسینە خوێندنەوەیەکی نوێیە بۆ حەسەن بەنا وهەوڵی دۆزینەوەی ڕوەکەی تری حەسەن بەنایە، نەك ڕوە ئەفسانەیەکەی کە بە ئاڕاستەی پۆزەتیف ونێگەتیف لەلایەن شوێنکەوتانی ونەیارانی نیشان دەدرێت، هەر یەکەیان خاوەنی ئەفسانەیەکی تایبەتن بە ژیننامەی حەسەن بەنا... (ل 9)

# تەنگوچەڵەمەکانی نوسین لەسەرژیانی حەسەن بەنا

لە بەشی یەکەمدا نوسەر پێی وایە کە زەحمەتیەکی زۆر هەیە لە نوسین لەسەر ژیانی حەسەن بەنا، چونکە تەنها سەرچاوە دەربارەی ژیانی حەسەن بەنا بریتییە لە خودی حەسەن بەنا، بەتایبەتی لە قۆناغەکانی سەرەتای ژیانی وەك منداڵ وتا سەردەمی لاوێتیدا، کە تا ئەو کاتە لاوێکی نەناسراوبوو، ئەو مێژوەش هەمووی بە پێنوسی خۆی لە (مذکرات الدعوة والداعیة) نوسراوە.

ئەو یاداشتنامەیەش کاتێ نوسراوە کە حەسەن بەنا مورشیدی گشتی بوە، بەو نوسینە موخاتەبەی جەماوەری جەماعەتەکەی وخەڵکانی دەرەوەی کردوە، و واینوسیوە وەك بڵێی لە دایك بوە تا ببێتە مورشیدی عامی هەموو کەسێك!!

هەتا برای بەنا، جەمال بەننا پێی وایە " کە دەعوە لەو یاداشتنامەیەدا زاڵە بەسەر داعیە دا"(ل11)

لە کاتێکدا تەها حسین لە یاداشتەکانی باسی چەندین کاری خراپی خۆی دەکات، کە چۆن ڕەشوە وبەرتیلی دەدایە چاودێری پۆلەکەی، تا عەفوی کات لە خوێندنەوەی بەشەکانی قورئانی رۆژانە، وبە ئاشکرا باسی نەتوانینی خوێندنەوەی چەند سورەتێك دەکات لەبەردەم باوکی، وباسی رِقی خۆی بۆ مامی دەکات چونکە گاڵتەی بە نابینایی ئەو دەکرد، وباپیری خۆشنەدەویست چونکە ئێسکی زۆر قورس و گران بوو... کەچی لە یاداشتەکانی حەسەن بەنا هەست دەکەیت ئەو ئادەمیزادێکی کامیل وبێ کەموکورتیە. لە ژیانیدا یەك جاریش درۆیەکی نەکردوە، یەك هەڵەی نەکردوە، بەڵکو هەفوەیەکی بچوکیشی نەکردوە لە ژیانیدا، هەرگیز بە ساتێکی لاوازیدا تێ نەپەڕیوە" (ل 11 – 12)

ئەو جۆرە خۆ باسکردنە وسەرەڕای تەقدیسکردنی جەماعەتەکەی، بەتایبەتی پاش کۆتاییە کارەسات ئامێزەکەی ژیانی، زیاتر کاری لێکۆڵەر گرانتر دەکات بەتایبەتی کە ئیخوان ئامادەی ئەوە نین تەساموح بکەن لەگەڵ بچوکترین ڕەخنە کە ئاڕاستەی حەسەن بەنا بکرێت، وفشارێکی مەعنەوی زۆر گەورە دەخەنە سەر هەر یەکێك بیەوێت لەو بابەتە ناسکە نزیك بێتەوە بەبێ ئینبیهار وسەرسام بوونی ڕەها.

ئینجا باسی چەند ڕوداوێکی ناو یاداشتەکانی حەسەن بەنا دەکات، ودەڵێت زۆر دەقیق و ورد نییە کاتێ بە شێوەیەکی موتەعەمید باسی قۆناغەکانی خوێندنی خۆی دەکات، بە بێ ناوهێنانی ڕاستی قۆناغەکە لە جیاتی بڵێت قوتابی بووم لە قۆناغی (الالزامیە) دەڵێت (الاعدادیە) ئەوە لە کاتێکدا سیستمی (الاعدادیە) لە ساڵی 1952 لە میسر داهێنراوە، واتە پاش مەرگی بەنا، نوسەر پێی وایە حەسەن بەنا بۆیە باسی (الالزامیە)ی نەکردوە چونکە ئەو قوتابخانانە بۆ منداڵە هەژارەکان بوە، وزۆر بێ بایەخ بوە، وپێی وابوە ئەگەر باسی بکات لە پایەی خۆی ئەهێنێتە خوارەوە. (ل 14)

ئینجا باسی روداوی ناردنە دەرەوەی خۆی دەکات بۆ خوێندن، وبە ئیعتباری ئەوەی یەکەمی دبلۆم بوە، کەچی دوایی دەڵێت "دار العلوم کەسی کاندید نەکردوە بۆ ناردنە دەرەوە ئەو ساڵ"(ل 15)

بەڵام ریوایەتێکی تر هەیە لەسەر زمانی د. ابراهیم بیومی مدکور لە یاداشتەکانی (مع الایام) تێیدا دەیسەلمێنێت کە حەسەن بەنا یەکەمی دبلۆم نەبوە بەڵکو د. ابراهی بیومی مدکور یەکەم بوە، وخەریك بوە بینێرن بۆ دەرەوەش بەڵام چونکە

باوکی وەفدی بوە، ئەو کاتەش سەعدییەکان بالادەست بونە لە حکومەتدا، ولە ڕقی باوکی نەیان ناردوە.

یاداشتەکانی حەسەن بەنا پڕە لە سەرسامبوون بە خودی خۆیی و بەخۆهەڵداندا بە شێوەیەك دوورە لە ڕوحیەتی ئەدەبیاتی ئاییىی وتەسەوف، کە هەردەم بە کەمترین وحەقیرترین نازناو ناوی خۆیان دەهێنن وەك (العبد الفقير الحقير الى الله). حەسەن بەنا کاتێ چۆتە ئیسماعیلیە، لە قاوەخانەکانی دەرسی بۆ خەڵك دەگوتەوە دەربارەی خۆی دەڵێت: (وانەبێژ زۆر ورد وکارامە بوو لە شێوازە نوێ و دەگمەنەکەی... ئەو زۆر خەریك دەبێت وسۆراغی ئەو بابەتە دەکات بە چاکی... هەروەها شێوازێکی چاك هەڵدەبژێرێت کە بابەتەکە زۆر ئاسان وجوان و سەرنج ڕاکێشەری دەکات) : "كان المدرس دقيقا فى اسلوبه الفريد الجديد، فهو يتحرى الموضوع الذى سيتحدث فيه جيدا (..) وهو كذلك يتحرى الاسلوب فيجعله سهلا جذابا مشوقا" (ل 19)

## خوێندنەوەیەك لە كتێبی
## ئەو (حەسەن بەنا) یەی كە كەس نایناسێت
## بەشی٢

حەسەن بەنا لە شوێنێكی تر باسی نیگەرانی خۆی دەكات دەربارەی تاقیكردنەوەی النحو والصرف، و دوایی بە خەوێك چارەسەری دەكات ،كاتێ زانایەك دێتە خەونی وچەند لاپەرەیەكی نیشان دەدات لە (شرح الالفیه لابن عقیل) كە دوایی زۆربەی پرسیارەكان لەو بابەتانە دێنەوە، ولە تاقیكردنەوەكە سەردەكەوێت!! (ل 19)

وادیارە نمونەی زۆر هەن لەو پیاوانەی خەریكی كاری ئاینی سیاسین، كە كێشەكانیان بە خەون بۆیان چارەسەر دەبێت ولە كوردستانیش لەو جۆرە هەیە كە خەونەكانی وەك تەوژمی سێتەلایت هەموو شتەكانی نیشان دەدات!! "ئەو وێنە نیمچە موقەدەسەی، كە حەسەن بەنا دەربارەی خۆی دەیكێشێت، هەست بە نەبوونی یان غیابی وردەكاریە مرۆییە سادەكان دەكەیت، لە تورەبوون وشاد بوون.. خۆشەویستی ورق.. هەڵچوون و سارد وسڕی كە هەموو مرۆڤێك دوچاری دەێتەوە لە گەورە وبچوك دا.

لایەنێکی وێنەی هەقیقی حەسەن بەنا، لەو نامانە بەدیار دەکەوێت کە بۆ باوکی ناردویەتی، کە جەمال بەنای برا بچوکی بڵاویکردۆتەوە، کە مەزەندەکرێت لە ساڵی 1928 یان 1929 نوسرا بێت، کە تێیدا دەڵێت:" ئاسودەیی ئێوە زۆر لام گرنگە بە هەر نرخێك بێت، لەو نامەیە باسی خەرجیەکانی هەر سێ مانگی نوفەمبەر وسەپتەمبەر وئۆکتۆبەرتان بۆ دەکەم، واتە لەوەتی ئێوەم جێهێشتوە تابزانن کە هیچ هەڵەخەرجی ونهێنی وخۆسەپاندن نییە لە خەرجیەکانم، بەڵکو من لە ژێر کاریگەری هەلومەرجدام کە دەرەقەتی نایەم، ئەگەر زروفم وا بێت تاوانی من چییە" لە نێو خەرجیەکانی 50 قەرش نوسراوە (بۆ مزگەوتی الراشدین) بە باوکی دەڵێت: " ئەگەر بابەتی 50 قرشەکە ئازاری داون کە بە مزگەوت دراوە تکایە تەقدیری ئەو هەلومەرجە بکەن، کە بە هۆیەوە تێوەگلام وتەقدیری ئەجر وپاداشتەکەی بکەن، ئەوەش حیساباتی هەر سێ مانگەکە بە وردترین شێوە، ئەگەریش بە دڵتان نیە تاوانی من چییە، داوا لە خوا بکەن ئەو بارودۆخە بگۆڕێت" (ل 21)

نوسەر دەڵێت:"لەو نامەیەدا ئێمە لەبەردەم مرۆڤێکی زیندوو داین، لە خوێن وگۆشتدا، وکێشەی ئابوری توندی هەیە ...بەلام ئەو وێنەیە مرۆییە کوژێنراوەتەوە لە یاداشتەکانی حەسەن بەنا، بەدەستی خودی مورشیدی گشتی حەسەن بەنا، لە جیاتی ئەوە وێنەیەکی ئەفسانە ئامێزی و خوداوەندی ڕەبانی نیشاندراوە کە بە ڕیشەی خۆی کێشراوە. ئەو وێنەیەش بۆتە تەنها وێنەی حەسەن بەنا بۆیە دەپرسین: ئایا ئەو یاداشتە بە تەنها بە کەڵکی ئەوە دێت بۆ وەرگرتنی وێنەی هەقیقی مورشیدی دامەزرێنەر حەسەن بەنا؟ وەلام بەشێوەیەکی ڕەها نەخێرە.. بەلام واقیعی حال دەڵێت تەنها سەرچاوەیەکە لەبەردەستدا بێت بۆ ئەو بابەتە... (ل 22).

## ئیخوان لە جەمعیەوە بۆ جەماعەت

لە سەرەتای بەشی دوەمی ئەم کتێبە، نوسەر جەخت لەسەر نادیاری مێژووی دامەزراندنی ئیخوان دەکات کە هەموو لایەك پێی وایە ساڵی 1928ە، بەڵام لە یاداشتنامەیێکی هاوبەشی نێوان حەسەن بەنا و احمد السکری و حامد عسکریە کە لە ساڵی 1929 نوسراوە، کە جەمال بەنای برا بچوکی بڵاویکردۆتەوە گومان دەکەوێتە ساڵی دامەزراندنی 1928 چونکە لە کۆتایی یاداشتنامەکە هەر سێکیان ناوی خۆیان نوسیوە، بەبێ ئەوەی ئاماژە بکەن بۆ ناوی هیچ جەماعەت وگروپێك، کە لەوانەبوو یاداشتنامەکەیانی بەهێزتر کردبا، وئەو کاتەش هیچ کێشەیەك نەبوو لەبەردەم داواکردنی ڕوخسەتی کار بۆ هەر جەمعیەتێکی ئایینی وفەرهەنگی، چونکە نزیکەی 120 جەمعیەی دینی هەبوو لەو کاتەدا!!

ئەگەریش بە پێی لائیحەی یەکەمی ئیخوان بێت، کە بەڵگەنامەیەکی فەرمییە، ئەوە جەمعیەی اخوان المسلمین لە ساڵی 1930 دا دامەزراوە.

"لائیحەی یەکەمی ئیخوان باسی جەمعیەی اخوان المسلمین دەکات نەك جەماعەی اخوان المسلمین، بۆ یەك جاریش ناوی جەماعەت نایەت، بۆیە هیچ باسی مورشیدی عام ومەکتەبی ارشاد لە ئارادا نییە، لەجیاتی باسی رئیس مجلس ادارة (سەرۆکی ئەنجومەنی کارگێڕی) ومجلس ادارە دەکرێت، ئەو لائیحەیە بە ڕونی باسی دوورکەوتنەوە دەکات لە سیاسەت وەك لە مادەی دووەمدا هاتوە:" ئەو جەمعیە یە خۆی لە قەرەی باسوخوازی سیاسەت نادات هەرچیەکی بێت..." لەمادەی سێیەمدا دەڵێت کە ئامانجەکانی جەمعیە چاککردنی بارودۆخی موسڵمانانە لە لایەنی کۆمەڵایەتی ورەوشتیدا" لە کۆتایی ئەو لائیحەیەدا لە مادەی 43 دەڵێت:" نا بێت لە هیچ حالەتێکدا مادەی دووەم و سێیەم وشەشەم بگۆڕدرێت" واتە خودی جەمعیە بۆی نییە ئەو مادانە بگۆڕێت، کە جەختدەکەنەوە لەسەر دورکەوتنەوە لە سیاسەت، کەچی لە یەکەم گۆڕانی ئەو لائیحەیە ئەو مادانە گۆڕان لە ساڵی 1354 هیجری پاش پێنج ساڵ، مادەی دوەم بەتەوای لابردرا، وشەی جەمعیە بزر بوو، وشەی جەماعە شوێنی گرتەوە. باسی رئیس مجلس ادارة (سەرۆکی ئەنجومەنی کارگێڕی) ومجلس ادارة نەما باسی مورشیدی عام شوێنیی گرتنەوە" (ل 27)

هەر لە لائیحەی دووەم لەگەڵ ئەو هەموو بە سیاسیکردنەش لە مادەی 15 دا دەڵێت: " مورشیدی عامی اخوان المسلمین بەپێی ڕای ئەنجومەنی شورا هەڵدەبژێردرێت ولا دەبرێت، ئەگەر سەلمێندرا کە جەماعەت بەڕێگایەکی ناکۆك بە بە بنەماکانی ئیسلامدا دەبات" کەچی لە لائیحەی سێیەمدا لە سەپتەمبەری 1945 لە مادەی 21 دا دەڵێت : " لەبەر ئەوەی ساحێبی فەزیلەت ئوستاز حەسەن بەنا مورشیدی عامی اخوان المسلمینە، لە ئێستادا وهەر بە خۆشی دامەزرێنەری یەکەمی ئەو هەیئەتەیە وبەڕێوەبەریتی لەوەتی دامەزرانیەوە، بۆیە فەزیلەتیان تەعین کرا بە مورشیدی عامی اخوان المسلمین بە درێژایی ژیانیدا.." (ل 29)

ئەو حاڵەتەی تەعینکردنە بۆ درێژایی ژیان، کاریگەری هەیە لەسەر زۆربەی ئیخوانەکانی جیهان بە کوردستانیشەوە، هەست دەکەیت مورشید یان سەرۆك

یان ڕابەر یان ئەمیندار مەدای حەیات لەو شوێنەیە، وهەموو داوەکانی یاریکردنی ناو حزبەکەی بەدەستە، بەکەیفی خۆی تەسفیە وتەزکیەی ئەندامەکانی دەکات، سەرەڕای ناوچەگەرێتی وخزم خزمێنەیش!!

کاتێك ئەو هەتاهەتاییەی سەرۆك تەقنین و بەیاسایی دەکرێت بە دەقێك، هێشتا ترسناکترە لە ئەبەدی کردن بە واقیعی حال، لەو نمونەیەدا حەسەن بەنا دەسەڵاتی ڕەها بۆ خۆی مسۆگەر دەکات، هەتا ناوی بەیعەتە ڕوکەشیەکەش لە گۆڕێدا نامێنێت، ئەوەش ئەو بیروڕایانە پشت ڕاستدەکەنەوە کە حەسەن بەنا زۆر دیکتاتۆر ویەکاخورە بوە تاڕادەی کەسانێکی زۆر لەبەر ئەو سیفەتەی لێی جیابونەتەوە..[11]

---

[11] خستنە ڕو : محەمەد هەریری

2011/7/10

# توند وتیژی لە تەعالیمەکانی مورشیددا

## بەشی سێیەم

لەو بەشەدا نوسەر (حلمی النمنم) باس لە توندوتیژی گروپە ئایینیەکان دەکات، باسی ئەوە دەکات کە ئیخوان لەگەڵ ڕوودانی هەرکارێکی توندوتیژدا شانازی بەخۆیان دەکەن، کەوا ئەوان میانەڕەون، بەڵام ئەوەی ژیان وتەعالیمەکانی حەسەن بەنا بخوێنێتەوە، دەزانێت کەوا زۆربەی گروهە توندرەوەکان لە پاڵتۆی ئیخواندا دەرچوون، بەبەڵگەی ئەوەی (شوکری مستەفا) ئەندام بوو لە ئیخوان، ویەکێك بوو لەوانەی دادگایی کرا لە ڕێکخراوی سەید قوتب لە ساڵی 1965، هەروەها جەمال بەنای برا بچوکی بڵاویکردۆتەوە، کەوا سالح سریە قوتابیەکی حەسەن بەنا بووە، ونامەیەکی پڕ لە سەرسامی بۆ حەسەن بەنا نوسیوە، ئەو سالح سریەی کە سەرۆکایەتی هەوڵێکی کودەتای کرد، کە ناسراوە بە عەمەلیەی (الفنیە العسکریە) لە ساڵی 1974 لە قاهیرە. (ل 34)

ئینجا نوسەر دەڵێت، ئەگەر ئەوەی باسمان کرد قابیلی ڕەخنە وتانە بن، بەڵام زۆربەی ئەو بیرۆکە توند وتەکفیریانە لەنێو (رسالة التعاليم) ی حەسەن بەنا دەدۆزرێنەوە، ئەو رسالەیە ئاڕاستەی هەموو ئەندامانی ئیخوان نەکرا بوو، بەڵکو وەك لە سەرەتای رسالەکەدا دەڵێت:"ئەوە پەیامی منە بۆئیخوانە موجاهیدەکان لە نێوان الاخوان المسلمين، ئەوانەی باوەڕیان بە بەرزی دەعوەکەیان وقودسیەتی بیرو وفیکرەکەیان هەیە، وعەزیمەتیان کردوە پێیەوە بژین ولە پێناویدا بمرن، تەنها بۆ ئەوانە ئەو وشەیە کورتە ئاڕاستە دەکەم . ئەو وشانەش وانە نین بۆ لەبەرکردن بەڵکو تەعلیماتن بۆ جێبەجێ کردن" (ل 34)

لە تەعلیمی ژمارە 16 بەنا داوای دابڕان دەکات لە هەموو جۆرە وەزیفەیەك لە حوکمەت، تەنها ئەگەر یەکێك ناچار بێت و لەوەزیفەش دا بوو، با وازی لێ نەهێنێت، بەڵام بە مەرجێك ئەگەر پێچەوانەی نەکرد لەگەڵ ئەرکەکانی دەعوەدا!!

لە تەعلیمی 21 داوا دەکات " خزمەتی سامانی ئیسلامی گشتی بکرێت، بە هاندانی بەرهەمی دامەزراوە ئیسلامیەکان، وتاپێت بکرێت نەهێڵی هەتا قرشێکیش بکەوێتەدەستێکی نا ئیسلام"

ئەوەش لەناو وڵاتێکی فرە ئاییندا کێشەیەکی زۆر دروست دەکات، ئینجا چی دەکرێت ئەگەر موسڵمان پێویستی بە بەرهەمی نا ئیسلامی ناوەکی ودەرەکی هەبوو، وەك دەرمانی نەخۆشیەکانی شەکرە ودڵ وشێرپەنجە، کە زۆربەیان بە دەستی نا موسڵمان دروست دەکرێن (ل 35)

لە تەعلیمی 25 بە حەرفی داوا دەکات: " موقاتەعەی دادگا ئەهلیەکان وهەر قەزایەکی نا ئیسلامی بکەیت، وهەروەها موقاتەعەی یانە ورۆژنامە وکۆمەڵە وقوتابخانەکان و هەیئاتەکان بکەیت، کە بەرهەڵستی بیرۆکەی ئیسلامی تۆ دەکەن" کە ئەوەیان هەرە ترسناکترینی تەعالیمەکانە بەمانای موقاتەعەی دەوڵەتی نوێ ودەسەلاتی دادگایی بکات، ئەو دەسەڵاتە قەزائیەی کە ڕێکخەری کۆمەڵە لە بەندەکانی ماف و ئەرکە یاسایەکاندا. (ل 36)

لە تەعلیمێکی تری ترسناکدا ژمارە 35 دا هاتوە:"ان تحارب اماكن اللهو فضلا عن ان تقربها "لێرەدا چەمکی شوێنەکانی ڕابواردن دیاری نەکردوە، چونکە بابەتەکە ڕێژەییە، کەسانێکی موحافیزکار هەن هەتا چایخانەکانیش بە اماكن اللهو دەزانن،

ئینجا جۆری موحارەبە کردنەکەشی دیار نەکردوە ئایە بە تەقاندنەوەی دەکرێت یان بە شکاندنی کەل وپەلەکانیدا، واتە حەسەن بەنای مورشید کاری لێکدانەوەی بۆ خودی (موجاهیدەکان) جێهێشتوە، وەك مەسەلەی کوشتنی موستەشار الخازندار، وەك کەسانێکی ئیخوان دەگێڕنەوە کە بەنا لای سەرۆکی رێکخراوی تایبەتی چەکداری عبدالرحمن السندی وتویەتی: "خۆزگە خوا رزگاری دەکردین لێی... ئەگەر یەکێك لەدەستی ڕزگاری کردباین"!!! وسەرۆکی رێکخراوی تایبەتیش ئەو قسانەی بەنای بە فەرمانێکی ڕاستەوخۆی کوشتنی خازنداری حسێب کرد.. (ل 37)

لە بەشی پێنجەم باسی کوشتنی د. احمد ماهر دەکات لە 25 فبرایەری 1945 دا کە چۆن بکوژەکەی (محمود العیسوی) ئیعترافی نەکردوە بە پاڵنەری تاوانەکەی، تا شێخ سید سابق لە رۆژنامەی (المسلمون) دانیپێدانا، کە بەدەستی رێکخراوی تایبەتی ئیخوان کوژرا ، هەروەها گوتی کە العیسوی سەر بە رێکخراوی تایبەتی بوو بە شێوەیەکی نهێنی، هەرچەندە بۆ تمویە وپەردەپۆشی ببوە ئەندامی حزبی نیشتیمانی، گرنگی شایەدیەکەی سید سابق لەوەوە دێت، کە خۆی ئەندامێکی کارای رێکخراوی تایبەتی بوو. (ل 44)

شایەدی دووەم لە شیخ احمد حسن الباقوری دا دەرچوو، ئەو پیاوەی کە خەریك بوو ببێتە مورشیدی گشتی اخوان لە پاش بەنا، بەڵام لەبەر لایەنگیری مەلیك فاروق، حسن هوزەیبی بوە مورشید. باقوری لە یاداشتەکانی لە رۆژنامەی (المسلمون) دا بەو شێوەیە باسی ئەو بابەتەی کردوە" لە بەدبەختی دەعوەدا ئەو رێکخراوە تایبەتییە بڕیاریدا، تۆڵەی خستن وسەرنەکەوتنی مورشید لە هەڵبژاردنەکانی دائیرەی ئیسماعیلیەدا بکاتەوە، وبەپەرۆشترین کەس بۆ بیرۆکەی تۆڵەسەندنەوە پارێزەرێکی لاو بوو، مەشقی دەکرد لە نوسینگەی عبدالمقصود متولی، ئەو پارێزەرە لاوەش ناوی (محمود العیسوی) بوو، هەرکە حکومەتی د. احمد ماهر جاڕی جەنگیدا لە دژی وڵاتانی میحوەردا، تا میسر بتوانێت ئامادە بێت لە کۆنگرەی سوڵح، ئەگەر دیموکراتیەت سەرکەوت بەسەر نازیەت وفاشیەت... رێکخراوی تایبەتی ئەوەی بە هەل زانی بۆ تۆڵە سەندنەوە لە سەرۆك وەزیران بۆیە (محمود العیسوی) ئاراستە کرد بۆ کوشتنی د. احمد ماهر پاشا، ئەویش توانی لەناو پەرلەماندا کۆتایی بە ژیانی بهێنێت، ئەو ژیانەی کە ئەو بە

میسری بە خشیبوو لەوەتی نیشتمانپەروەری ناسیبوو، ڕەحمەتێکی گەورە وفراوانی خوای لێ بێت" (ل 45 -46)

هەرچەندە هیچ بەڵگەیەك نەبوو کە ئەو هەڵبژاردنە تەزویری تێدا کرابێت، سەرەڕای ئەوەش بەنا خۆی خەڵکی ئیسماعیلیە نەبوو ولە 1932 شەوە ئەوێی بەرەو قاهیرە بەجێهێشتبوو، پاش ئەوەی چەندین کێشەی لە دوای خۆی جێهێشتبوو.

بە نیسەبەت (محمود العیسوی) کە بەرەسمی سەر بە حزبی نیشتیمانی بوو، ئەوە محمود عساف لە یاداشتەکانیدا چارەسەری ئەو مەتەڵەمان بۆ دەکات، کە باسی چاندنی ئەندامە ئیخوانیەکان دەکات لە ناو حزبەکانی تری میسریدا، وەك شیوعی و (مصر الفتاه) هەندێکیان مانگانەشیان بۆ بڕیبۆوە، کەوابوو سمینی دیواری حزبەکانیتر لەناو ئیخواندا بنەمایەکی کارپێکراو بوو، ئەوەش لە بنەڕەتدا پرنسیپێکی موخابەراتی بوو. (ل 49)

کاری ئەو رێکخراوە تایبەتی [تنظیم خاص] یە هێندە ئاڵۆز بوو، تا ئەو ڕادەیەی هەندێك پێیان وایە لە دەست بەناش دەرچوبوون، بەڵام السندی سەرۆکی ئەو رێکخراوە هەردەم دەیگوت: کەوا حەسەن بەنا فەرمانیان پێدەکات بۆ هەر کارێك، شێخ محمد الغزالی لە (من معالم الحق فی کفاحنا الاسلامی الحدیث) دا دەڵێت: "بەنا رێکخراوی تایبەتی دروست کرد، کە پێکهاتبوون لەو لاوانەی مەشقیان دەکرد لەسەر کوشتار.. ئەو لاوە نهێنیانە بەڵا وشەڕێکی گەورە بوون بەسەر جەماعەت، لە دواییدا دەستیان کردە رشتنی خوێنی یەکتر، وبوونە ئامرازی تێکدەری وتۆقاندن بە دەستی کەسانێك، کە فەهم وفیقهیان نەبوو لە ئیسلامدا..." الغزالی لێرەدا ئاماژە دەکات بە کوشتنی سید فایز، لەلایەن رێکخراوی تایبەتی، کاتی قوتوێك شیرینی بۆمبکراویان بۆ ناردە ماڵەوە، هۆکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە مورشیدی ئەو کاتە حسن هوزەیبی بڕیاری دابوو سید فایز بکاتە بەرپرسی رێکخراوی تایبەتی...!!!

"د.عبدالعزیز کامل لە یاداشتەکانیدا دەڵێت لە مارسی 1948 ئامادەی کۆبونەوەیەك بوو لە مەڵبەندی گشتی ئیخوان، بە ئامادەبوونی مورشیدی گشتی حەسەن بەنا وسەرانی تەنزیمی خاص (رێکخراوی تایبەت).کۆبونەوەکە تایبەت بوو بە کوشتنەکەی المستشار احمد الخازندار. ئوستاد بەنا گوتی: ئەوەی ئەو

گوتیەتی دەربارەی حوکمەکانی خازندار سەبارەت بە کەیسەکانی ئیخوانەکان ئەوەندە بوو (خۆزگە خوا لە دەستی رزگاری کردباین)، یان خۆزگە لێی رزگار دەبوین، یان خۆزگە یەکێك لە دەسی رزگاری کردباین، ئەو مانایەش لە چوارچێوەی خۆزگە دەرناچێت، وناگاتە سنوری فەرمان کردن، چونکە فەرمان دیاریکراوە بۆ کەسێکی دیاریکراویشە، ئەوەی فەرمانی دەرنەکردوە واتە کەسیشی تەکلیف نەکردوە بە جێبەجێکردنی" (عبدالعزیز کامل: فی نهر الحیاه ێ 46، المکتب المصری الحدیث، ط 2006 م)

ئینجا د. عبدالعزیز کامل دەڵێت کە پرسیارێکی ئاراستەی بەنا کرد،: -فەزیلەتتان فەرمانی راشکاوتان بۆ عبد الرحمن السندی دەرکردوە؟ نەخێر.

-خوێنی خازندار بە ئەستۆی خۆت دەگریت، پێیەوە دەچیتە حزوری خوا لە رۆژی قیامەتدا؟

نەخێر.

هەمان پرسیارەکانی لە عبد الرحمن السندی بەرپرسی رێکخراوی تایبەتی کردوە بەو شێوەیە:

- فەرمانت لە کێ وەرگرتوە لەو بارەیەوە؟

گوتی: لە ئوستاد (حەسەن بەنا)!

-خوێنی خازندار بە ئەستۆی خۆت دەگریت وپێیەوە دەچیتە حزوری خوا لە رۆژی قیامەتدا؟

- نەخێر.

لە کۆتایدا عبدالعزیز کامل دەڵێت بە عبد الرحمن السندی گوت: "ئوستاد نکولی لێدەکات وتۆ نکولی لێدەکەیت، ئوستاد تەبەرا دەکات تۆش تەبەرا دەکەیت" عبد الرحمن السندی لە وەڵامدا گوتی: کاتێ ئوستاد دەڵێت کە ئەو ئاواتەخوازە رزگاری بێت لە الخازندار، ئەو حەز ورەغبەتەی ئەو لە رزگار بوون لێی، فەرمانێکە لەلای ئەودا" (ل59 -60)

نوسەر لە تەعلیقێکدا لەسەر ئەو بابەتەدەڵێت: " هەرچەندە هەردوو لا نکولی دەکەن ومورشید دەڵێت ئەو فەرمانی نەداوە، بەڵکو تەنها تەمەنای کردوە رزگاری

بێت لە خازندار، هەتا ئەگەر بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆش فەرمانی نەدابێت ئەو هەر بەرپرسیارەتی هەڵدەگرێت.

ئەگەر سەرۆکی دەوڵەتێك لەگەڵ سەرۆکی موخابەرات دانیشێت، وبڵێت کە ئەو ئاواتەخوازە رزگاری بێت لە کەسێك، ئەو قسەیە لە روی پراکتیکیەوە فەرمان کردنە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ... بابەتی فەرمانی ڕاستەوخۆ و فەرمانی ناڕاستەوخۆ تەنها سەفسەتەیەکی ئیجرائییە، کێشە نییە مورشید ئاواتەخوازی دەرببڕێت لەنێو خەڵکی ئاسایی، بەڵام لە نێو خەڵکی جەنگاوەر کە لە ژێر فەرمانی ئەون وخۆی سەرکردەی باڵایانە کارەکە جیاوازە" (ل 60)

هەتا سەرکردەیەکی تری ڕێکخراوی تایبەت محمود الصباغ لە یاداشتەکانی خۆی (التصویب الامین، ل 33) کە بەژداری ئەو کۆبونەوەیە بوە بە شێوەیەك لە شێوەکان پشتڕاستی هەڵوێستی عبد الرحمن السندی دەکاتەوە، کاتێك جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە "کە هیچ سەرکردە وبەرپرسێك لە ڕێکخراوی تایبەت بۆیان نییە هیچ کارێك بکەن بەبێ روخسەت وفەرمانی مورشیدی عام، و هەموو کارەکانی سەرانی ڕێکخراوی تایبەت، بریتیە لە کارە ڕێکخراوەیی وپەروەردەییەکان ودانانی پلانی جێبەجێکردن بۆ ئەو ئۆپەراسیۆنانەی کە فەرمانیان بۆ دێت بە جێبەجێکردنی لە لایەن کەسی مورشیدی عام" (ل 61)

کەوابوو مورشیدی عام حەسەن بەنا، لێرەدا لەبەرامبەر تاوانی خوێنڕشتنە وئامادە نییە بە ئەستۆشی بگرێت، و کەسی بەرپرسیش لێی سزا نادات، وبەپێی ئیسلام کوشتنی هەڵەش سزای هەیە، کەچی هەر بێدەنگی لێکرا وەك بڵێی هیچ ڕوینەدابێ، ئەو خوێن ڕشتنە ئاسانەی کەسانی تر ڕێگای ئاسانتر کرد بۆ کەسانی تر خوێنی ئیخوانەکان وخودی مورشیدی عام بڕێژن.

دەبوایە مورشیدی عام چاکتر چاوی بە زەرورەتی وجودی ڕێکخراوی تایبەت بخشێنێتەوە، نەك ئەو ڕێکخراوە زیاتر بەکار بهێنێت بۆ تەسفیە کردنی نەیارەکانی چونکە ئەو کارانە یاری کردنە بە ئاگر.

"شتێکی تر زیاتر دەیسەلمێنێت، کە حەسەن بەنا ئاگادار بوە وفەرمانی دابوو بە کوشتنی المستشار احمد الخازندار، ئەو ڕوداوەیە کە نوسەر وکەسایەتی ناودار فتحی رضوان لە وتارێکیدا لە گۆڤاری الدوحەی قەتەری باسی دەکات، کە لە ئێوارەی ئەو رۆژەی خازندار تیرۆر کرا بە شێوەیەکی سەرپێی چاوی بە حەسەن بەنا کەوت، و بەنا بەو پەڕی متمانە بەخۆوە پێیگوتبوو :(هە.. هل ادرك الناس الان ما يمكن ان نفعله) واتە ئێستا خەڵکی دەزانێت کە ئێمە چیمان پێدەکرێت؟! (ل 62)

## ڕاستە خەریك بوو ئیخوان ئیسرائیل تەفروتونا بكات؟!

## بەشی چوارەم

لە بەشی پێنجەمی ئەو کتێبەدا، نوسەر باسی بیانوەکانی ئیخوان دەکات بۆ کوشتنی النقراشی لە 1948، ئەویش ئەوەیە کە النقراشی بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی ئیخوانی داوە وچۆتە ژێرباری فەرمان وفشارەکانی هێزە بێگانەکانی ئینگلیزی وفەرەنسی وئەمریکی، ئەو فەرمانانەش بە پاڵنەری زایۆنیزم دەرچوە، وەك تۆڵەیەك لە ڕۆڵی قارەمانانەی ئیخوان لە جەنگی فەلەستین. وئەگەر جەماعەت حەل نەکرابا ئەوە هێندەی نەمابوو فەلەستین بەدەستی ئیخوان ڕزگار بکرێت، وئیسرائیل بە یەکجاری لەناو ببرێت!! وەك محمود الصباغ ود. حسان حتحوت وکەسانی تر وا دەڵێن.

مورشیدی عام حەسەن بەناش، کە برەو پێدەر وتیۆریستی ئەو بیروبۆچونە بوو، ئەو قسانەی هەمووی دوبارە کردۆتەوە، لە یاداشتنامەیەك لە ژێر ناونیشانی (قضيتنا) وەك وەڵام لەسەر یاداشتنامەکەی عبد الرحمن عمار وەکیلی وەزیری ناوخۆ، سەبارەت بە هەڵوەشاندنەوەی جەماعەت: لەو یاداشتنامە یەدا هاتووە: " ئەستەمە پاڵنەری هەقیقی بۆ ئەو هەنگاوە بوێرەی حکومەت، تەنها گومان بێت لە ئامانجەکانی ئیخوان، یان وەك سەرچاوەیەك بۆ هەڕەشەکردن بن لە ئاسایش وئاشتی، کە ئەوەش هیچ بەڵگە وبورهانێکی لەسەر نییە، پاڵنەری هەقیقی بە مەزەندەی ئێمە، لە هەل قۆزتنەوەی بێگانەکانە لە ڕوودانی چەند ڕوداوێك لەگەڵ شڵەژانی سیاسەتی نێودەوڵەتی، ونیگەرانی هەڵوێست وبارودۆخی فەلەستین، وسیاسەتی هەنگاوێ بۆ پێشەوە ویەکێکی تر بۆ دواوەی میسرە، بۆیە فشارەکانیان لەسەر حوکمەت زیاتر توند کرد. هەتا عمار بەگ یش ئەو لێدوانەی دا، ودانی بەوەدا هێنا کە باڵوێزەکانی ئینگلیزی وفەرەنسی وئەمریکی لە شاری فاید کۆبونەوە، وبۆ النقراشي یان نوسی بە ڕاشکاوی داوای پێویستی هەڵوەشاندنەوەی ئیخوان یان کردبوو، دەبوایە بەڕێزیان بەرپەچی دابانەوە لەو دەست تێوەردانە لە کاروباری ناوخۆیی...لەجیاتی ئەوە وەڵامی ئەو ویستە بێگانەیەی دایەوە، وبڕیاری هەڵوەشاندنەوەی دەرکرد، وبەو شێوەیە دوژمنی پێخۆش کردین وئیمانداارانی غەمگین کرد" (ل 68)

نوسەر لە کۆمێنێکیدا لەسەر ئەو ڕوداوە دەڵێت: "ئەو دەقە گوزارش دەکات لە غرور ومتمانەیەکی ڕەها بە خۆدا، کاتێ وا دڵنیان کە ئەستەمە بڕیاری هەڵوەشاندنەوە لەبەر ئەو هۆیانە بن، کە لە یاداشتنامەکەی عبد الرحمن عمار هاتوون. دوایی دەکەوێتەوە ناسازی لە قسەکانی کاتێ دەڵێت"هەندێ ڕوداو ڕویان دا" بێ ئەوەی دەستنیشانیان بکات، یان دیاری بکات کێ ئەنجامی داون، بەڵام لە نێو ئەو ڕوداوانە (ڕەشەکوژی سەرۆکی دادگا بوو لەسەر شەقامی گشتی..بەنسبەت خستنە پاڵی چیرۆکی کۆبوونەوەی هەرسێ سەفیرە بیانیەکەش بۆ عەمار بەگ، ئەوە عەمار بەگ ئەو قسەیەی بەنای بەدرۆ خستەوە لە دواییدا ونکولی لە گوتنی کرد، لە هەموو لێکۆڵینەوەکانی دادوەری گشتی لەپاش کوشتنی نەقراشی..

حەسەن بەنا لەو بەشەدا درۆی دەکرد، وشوێن کەوتوانیشی باوەڕیان پێدەکرد، بەڵگەنامەیەکی زۆر ئاشکرابوون لە دوای شۆڕشی 23ی یۆلیۆی 1952 ئەگەر

شتگەلێکی وەها ڕویاندابا ئەفسەرە ئازادەکان نەیان دەشاردەوە، سەرەڕای ئەوەی کە بەڵگەنامە بێگانەکانی دەربارەی ئەو قۆناغە ئاشکرا کران، لەوەش گرنگتر پەیوەندیەکانی ئەو سێ وڵاتە (بەریتانیا وفەرەنسا و ئەمریکا) تا ئەو ڕادەیە لێك نزیك نەبوون، چونکە ئەمریکا هەوڵی لابردنی هەردوو دەوڵەتەکەی دەکرد لە ناوچەکە..." (ل 69)

بە نسبەت کێشەی فەلەستین یش، ئیخوان تەنها لایەن نەبوون لە بایەخ دان بەو کێشەیە ویەکەم لایەنیش نەبوون، بەڵکو لەوەتی کێشەی فەلەستین هاتبووە ئاراوە، دەوڵەتانێك وئەحزابێکی زۆر نانان پێوە دەخوارد ودەخۆن، ئەوە دەولەتی سوریایە چل ساڵە هەر قەوانی کێشەی فەلەستین لێدەدات، وخەڵکی پێ هەڵدەخەڵێنێت، وئەوە حزب الله ی لوبنانی هەموو ئامانجی تەبشیری شیعەگەرێتی لە ڕێگای کێشەی فەلەستین جێبەجێ دەکات، لە لێدوانێکی بۆ گۆڤارێکی ئێرانی نەسرو الله لە وەڵامی ئەو شیعە توندڕەوانەی کە ڕازینەببوون حزب الله هێندە خۆی خەریك بکات بە کێشەی فەلەستین، کە زیاتر کێشەی سونە ناسبیەکانە، وتبوی ئێمە خۆشەویستی شیعە وحوسێن وصحیفەی سەجاد مان بردە ناو هەموو ماڵێکی سونە لەسەر کۆڵی کێشەی فەلەستین!!!

داهێنانی ئیخوان لەوەدایە، کە ئەوان یەکەم حزب بوونە کە ئەو کێشەیان بەکار هێناوە بۆ پروپاگەندەی سیاسی، ئەگینا حزبی مصر الفتاة یەکەم کەتیبەی خۆبەخشی جەنگاوەری ناردە فەلەستین لە ساڵی 1948 پاش سەردانی احمد حسین بۆ فەلەستین، هەتا جەماعەتی شباب سیدنا محمد لە گۆڤاری نەزیر نوسیبویان: "كلمه حق يجب ان تقال.. مصر الفتاة تتقدم الصفوف" وتەیەکی هەق، حزبی میسری فەتات لە ڕیزی پێشەوەدایە (ل 75)

ئینجا هەر لە گەرمەی هەڵمەتی پارە کۆکردنەوە بۆ کێشەی فەلەستین، ناکۆکیەکی گەورە تەقیەوە لە نێو ئیخواندا، لە نێوان حەسەن بەنا وکۆمەڵێك لە ئەندامان لە سەرەتای 1940، کاتێ ئەو ئەندامە یاخیانە لە گۆڤاری نەزیر لە 1ی فبرایەری 1940 بەیانێکیان بڵاوکردبۆوە بە ناونیشانی:

"قضيه فى سبيل الله... موقفنا النهائى من جمعيه الاخوان المسلمين" (دۆزێك لە پێناو خوادا...هەڵوێستە کۆتاییمان دەربارەی جەمعیەتی ئیخوان المسلمين) لەو بەیاننامەیەدا ڕەخنەیان لە حەسەن بەنا گرتبوو لە چوار کێشەی سەرەکیدا کە

سێیەمیان بە ناونیشانی (التلاعب المالی) تێیدا هاتبوو کە داوایان لە مورشیدی عام کردوە دەستەیەکی بەهێز و وریا دروست بکات بۆ چاودێری دراوی وپاراستنی ولێپرسراو بن لەبەردەم ئیخوان، کەچی فەزیلەتی مورشید گوێی لەئاست ئەو داخوازیانە داخست وپشتی لێکرد، کە داوایەکی عادیلانەیە ولەگەڵ سادەترین پرنسیپەکانی کارگێڕی دەگونجێت" (ل 71).

لە دواییدا باسی دەستێوەردانی دراوی دەکەن، بە ژمارە وداتا لەو بەیاننامەیەدا کە 18 کەس واژۆیان کردبوو، ئەندامێکی پێشوی مکتب ارشاد وچەندین ئەندامی ئەقالیم وکۆلیژەکانی زانکۆی قاهیرە و ئەزهەری تێدابوو، کە لە دواییدا جەماعەتی (لاوانی محمد ) یان پێکهێنا. ئەو تۆمەتانەی کە لەو بەیاننامەیەدا هاتبوو، زۆر ڕوشێنەر بوون بە هەقی حەسەن بەنا، بەتایبەتی دەربارە تۆمەتە مالیەکان وسەرەڕای تۆمەتێکی تر کە پەیوەند بوو بە بابەتی ڕەوشتی..

پاش وەڵامدانەوەی حەسەن بەنا، ئەو جەماعەتە زیاتر توڕەبوون وتاوانباریان کرد بە شێواندنی ڕاستیەکان، لەوەڵامدا نوسیبویان: " تۆ ئەمین نەبویت لەگێڕانەوەی ڕوداوەکان وشێواندنت بە توندترین شێواز، لەوانەیە هێشتا ئەو فەرمودەی پێغەمبەرت [د.خ] لەبیر مابێت کە دەڵێت ئیماندار لەوانەیە غەش بکات ولەوانەیە دزی بکات بەڵام هەرگیز درۆ ناکات" (ل 74)

ئینجا نوسەر باسی زیادەرەوی وموبالەغاتی ئیخوان دەکات، لە ڕۆلیان لە کێشەی فەلەستین، ودەڵێ لە یەك ملیۆن ئەندام کە ئیخوان دەڵێن هەیانبوو تەنها 600 کەسی خۆبەخشیان هەبوو بۆ جەنگ لە فەلەستین، وئەو ئەرکانەی پێیان درابوو ئەرکی جەنگی سوك بوو، چونکە لەشکرێکی نیزامی نەبوون وچەکەکانیانیش سوك بوون هەتا " شەهیدی قارەمان احمد عبد العزیز، لە ڕاپۆرتیکیدا کە بۆ سەرۆکی کۆمکاری وڵاتانی عەرەبی بەرزیکردۆتەوە باسی بارودۆخی ناوچەی خواروی فەلەستین دەکات، بەتایبەتی سەربازگەی نوسیرات کە ئیخوانی لێبوو، ودەڵێ:

" چەکەکانیان وتەقەمەنیەکانیان زۆر کەم وسنوردارن "باسی 119 کەسیان دەکات لە فرگەی غەزە ودەڵێت: " ئەوانە بارودۆخیان زۆر خراپە لە ڕووی جل وبەرگ وچەك، هەتا هیچیان نییە چەکەکانیان پێی پاك بکەنەوە" ئینجا دەڵێت: ئیخوان تەنها فەرمانیان لە شێخ فەرغەلی وەردەگرت وچالاکیەکیان ئەنجامدا لە دژی کۆلۆنی (مستعمرە)ی (کفارا ئاروم) تێیدا ئازایەتیان نواند و12 کەسیان

شەهید بوون و6 یانیش زامدار بوون، بەداخەوە جێبەجێکردنی پیلانەکە لە سەرکردایەتیدا زۆر خراپ بوو، وهەروەها چەکەکانیان گونجاو نەبوون لەگەڵ چالاکیەکەدا، بۆیە شەرەکیان دۆڕاند..." (ل 79).

هەروەها دکتۆر سەروەت عەکاشە کە ئەفسەر بوو لە موخابەراتی شاهانەدا، وبەرپرسی کەرتی خواروەوی فەلەستین بوو لەشەڕی 1948 دا، هەمان ڕاستیەکان دوبارە دەکاتەوە: " لە خواروی فەلەستین هێزە خۆبەخشەکان خەفیف بوون بەسەرکردایەتی احمد عبد العزیز، چاکترین هێزی خۆبەخشەکان لە ڕووی ڕێکخستن وچەکداریەوە، هەرچەندە ئەوەش کەموکورتیەکی زۆری هەبوو لە لایەنی مەشق وچەکی نوێدا" ئینجا دەڵێت:" لەشکری زایۆنی بریتیبوو لە 40 هەزار کەس، کە لە ئاستێکی بەرزی مەشقدار بوون، سەرەڕای 20 هەزاری تر کە لە خوارەوەی ئاستی یەکەم بوون... چەك وتفاقێکی بێ شوماریان لەبەر دەستدا بوو، لە چەکی قورس وزرێپۆش وکولوپەلی جەنگی ... کە ئەوەش هێزێکی ئاگری گەورەی بۆ لەشکریان دابین دەکرد ولەگەڵ خێرایی لە جوڵەدا" (ل 80).

ئایە خۆبەخشانی ئیخوان بە 600 کەسەوە، بە مەشقێکی کەم وسنوردار و بە چەکی سوکەوە، دەیانتوانی لەشکری زایۆنی ببەزێنن، بەو هەموو چەك وئیمکانیات، وجگە لە بەژداری زۆربەی سەربازەکانی لە جەنگی جیهانی دووەمدا، نەك ئەوە بەڵکو هەتا تێکڕای خۆبەخشەکان ولەشکرەکانی عەرەب کە 12 هەزار جەنگاوەر بوون، چما دەیانتوانی ئەو ئەرکە جێبەجێ بکەن؟!" (ل 81).

کەس ناتوانێت نکولی لە قارەمانیەتی تاکەکەسی بکات، کە کەسانێك لە نێو خۆبەخشەکان یان لەشکری نیزامی نیشانیان دا.... قارەمانیەتی دەگمەنمان بینی لە کۆلۆنیل محمد نجیب، وئەفسەر عبد الحکیم عامر وجمال عبد الناصر، ئەگەر قارەمانیەتی ڕیزپەڕی وەهاش لەلایەن ئیخوانەکان ڕویاندا بێت کەس ناتوانێ نکوڵیان لێبکات، بەڵام چەند نوسەرێکی ئیخوان بڵێن کەوا خەریك بوو ئیخوان ئیسرائیل تەفروتونا بکات ئەگەر بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی ئیخوان نەدرابایە، ئەوە تەنها درۆ وتەدلیس وساویلکەیی وسەتحیەتە لەباسکردنی دۆخەکەدا.!

سەیر لەوەدایە کە ئەو درۆیە بەردەوام بێت، وئەو تەدلیسە درێژەی پێ بدرێت لەپاش تێپەڕبوونی زیاتر لە 60 ساڵ لە لەدەستدانی فەلەستین، وئاشکرابوونی ڕاستی وبەڵگەنامەیکی زۆر!!!

# بیروڕای سیاسی حەسەن بەنا لە فیکری فاشیزم یان ئیسلام ودیموکراسیەت نزیکترە ؟!

## بەشی پێنجەم

لە بەشی شەشەمی ئەم کتێبەدا، ئەگەر سەرنجی کەسایەتی حەسەن بەنا وەك ئادەمیزادێکی زادەی سەردەمی خۆی بدەین، دەبینین زۆر بیروڕای هەبوە کە تا ئەمڕۆش دەکرێت سودی لێوەربگیرێت، بەڵام لە هەمان کاتیشدا بیروڕای زۆر نێگەتیڤانەشی هەیە لە بوارەکانی سیاسی وکۆمەڵایەتی وئاییینی، دەبوایە چاوپێخشاندنەوەیان دەرهەق کرابا، نەك هەر پینە وپەڕۆی بۆ بکەن.

وابزانم لە هەموو ئەو بوارانەی کە حەسەن بەنا خۆی لەقەرەیان داوە، لە هیچ بوارێك بیروڕاکانی نێگەتیڤتر نادۆزینەوە بەقەد نێگەتیڤی لە سیاسەتدا، بەڵکو زیادڕەوی ناکەین گەر بڵێین زیاتر لە فیکری فاشیزم نزیکترە تا لە ئیسلام ودیموکراسیەت، وابزانم بەشێکی زۆری نوشستیە سیاسیەکانی ئیخوان یش

ونەتوانینی خۆگونجاندن لەگەڵ دونیای هاوچەرخ، دەگەڕێنەوە بۆ بیروڕا نێگەتیڤە سیاسیەکانی حەسەن بەنا، کە هەردەم جۆرێك لە ئەبەدیەت وقەتعیەتی پێدەبەخشرێت، لای ئیخوانەکان وقابیلی پێچوونەوە ورەخنە نین.

ترسی چاوپیاخشاندنەوەی ئیخوان بۆ بیروڕاکانی بەنا هێندە سەیرە هەتا دەگاتە ڕادەی ئەوەی ناوێرن تەنها دەستنیشانی ئەو حەدیسانەش بکەن کە حەسەن بەنا بەکاری هێناون، زاتی ئەوە ناکەن بڵێن بۆ نموونە ئەو حەدیسانەی تۆ بۆ فەزڵی عەرەب وعروبەت بەکارت هێناون سەرلەبەری مەوزوعن یان (هەڵبەستراون)، دەیان ساڵە ئەو نامیلکانە بەبێ هیچ موراجەعە وهەڵسەنگاندنێك چاپ دەکەنەوە.

یەك لەو بابەتانەی کە حەسەن بەنا زۆر ساتمەی گەورەی تێدا کردوە، مەسەلەی خیلافەتە کەپێی وایە خەلیفە سێبەری خوایە لەسەر زەوی وەك دەڵێت: " ئەگەر ئەوە بۆ موسڵمانان هەڵسوڕا ئەنجامی کۆبونەوەی هەموویانی لەسەر ئیمامێك لێدەکەوێتەوە، کە ئەو کۆکردنەوەی پەیمانەکانە وکۆکەرەوەی لایەنەکانە، وقیبلەگای دڵەکانە و سێبەری خوایە لەسەر زەوی" (ل 89).

ئەوەش وەك نوسەر دەڵێت بەمانای دامەزراندنی دەوڵەتی دینی (تیۆکراسی) دێت، کە هیچ بوارێکی تێدا نییە بۆ هیچ جۆرە ئازادییەکی گشتی وفەردی، تەنها سێبەری خوا لەسەر زەوی لە ئارادایە.

دەربارەی ژیانی حیزبی، ئەوە حەسەن بەنا لە (الرسائل) پێی وایە " ئیخوان پێیان وایە کە ئەو حزبیەتە هەموو لایەنەکانی ژیانی خەڵکیان تێکداوە، بەرژەوەندیەکانی وەستاندون، ورەوشتی گەندەڵ کردون وپەیوەندیەکانی پچڕاندون، لە ژیانی گشتی وتایبەتیاندا خراپترین کاریگەری هەبوە" (ل 90).

ئینجا هەنگاوێکی تر لە رژێمە توتالیتاریەکان نزیك دەکەوێتەوە کاتێ ستایشی ڕژێمی یەك حزبی قائید دەکات: " ئەو بیانوەیەی کە دەڵێت سیستمی پەرلەمانتاری ناکرێت بۆچوونی بۆ بکرێت بە بێ بوونی کۆمەڵێ حزب، بیانویەك وبەڵگەیەکی لاوازە و زۆر لە وڵاتانی دەستورداری پەرلەمانی لەسەر ڕێگای رژێمی تاك حزبی دەڕوات، ئەوەش لە توانادایە بکرێت" بێگومان ئەو قسانە لە ساڵی 1937 دا دەکرا کە مەلیك فاروق هێشتا لەسەرەتای حوکم کردنیدا بوو، بۆیە قسەکانی حەسەن بەنا وەك قەند لەنێو دڵی شا فاروقی گەندەڵ دەتوایەوە، ئەو شایانەی

(عەباس وفاروق) کە حەسەن بەنا تا رۆژی مردنیشی هەر خەریکی تەمەلوق وپۆلیشکردنی وێنەیان بوو، بەتایبەتی کە فاروق وەك باوکی زۆر خەونی بە بوونە خەلیفەی موسڵمانانەوە دەدیت، وزۆر لە کێشەش دابوو لەگەڵ حزبی وەفد وسەرۆکە کەلە سەخت وعینادەکەی مستەفا النحاس، بۆیە " حەسەن بەنا توشی ڕاتەکانمان دەکات کاتێك دەڵێت ئیخوان هەنگاوی عەمەلیان ناوە بەو ئاڕاستەیە کاتێ دەڵێت : " ئیخوانەکان داوایان لە جەلالەتی مەلیك کرد، هەموو ئەو حزبانە هەڵوەشێنێتەوە تا هەموویان دەمج بکرێن، یان یەك بخرێن لە دەستەیەکدا لە بەرژەوەندی ئومەت کار بکەن لەسەر بنەماکانی ئیسلام:!! (ل 90).

ئینجا بەنا ئەو تۆتالیتاریەتیە ویەك ڕاییەی پێ یاسا و ناموسێکی خودابیە (یاساییەکی خوادایی) کاتێ دەڵێت: " ئیخوان لە هەوڵەکانیان بەردەوام دەبن لەو ڕێگایەدا، بە تەوفیقی خوا و وریایی ئومەت ، وبە فەشەلە یەك بەدوا یەکەکانی پیاوانی ئەحزابەکان، لە هەموو گۆڕەپانەکان بێگومان یاساگەلی خوایی دێتە دی" (ل 90)

ئینجا کە دێینە سەر بۆچوونی ئیخوان وبەنا بەرامبەر کەمایەتیە ئاینیەکان، ئەوە ئیخوان هەر باسی پەیوەندی چاکی حەسەن بەنا دەکات بە مەکرەم عوبیدی مەسیحی، هەرچەندە تەنها رۆشتنی مەکرەم عوبید لە جەنازەی بەنا بە مانای پەیوەندی توند وتۆڵ لەگەڵ مەسیحیەکان ڕاڤە ناکرێت چونکە ئەو پیاوە لە رۆژی جیابونەوەی لە وەفد لە 1942 زۆر بە تەنگ ئەوەوە بوو، وەك سەرکردەیەکی مەسیحی قیبتی دەرنەکەوێت، بەڵکو وەك سەرکردەیەکی میسری خۆی دەردەخست.

<u>زۆر جار قسەکانی حەسەن بەنا نیگەرانی زۆری لای غەیرە موسڵمانەکان دروست دەکرد وەك لە الرسائل ل 134 دەڵێت: " نیشتیمانی ئیسلام یەکێکە وبەش بەش ناکرێت، دوژمنکاری لەسەر هەر بەشێکی دوژمنکارییە بۆ هەمووی، ئەوە یەك، دووەم ئیسلام لەسەر موسڵمانانی فەرزکردوە کە سەرداری وڵاتانی خۆیان بن، هەر هێندەش نا، بەڵکو پێویستە فشار لەسەر غەیری خۆشیان بکەن تا بێنە ناو بانگەوازەکەیان وهیدایەت بکەن بە روناکی ئیسلام..." نەوەك وەرگێڕانەکەم ورد</u>

نەبێت ئەوە دەقە عەرەبیەکەیە (بل ان عليهم ان يحملوا غيرهم على الدخول في دعوتهم والاهتداء بأنوار الاسلام التي اهتدوا بها من قبل) (ل 91).
بروانە گوزارشی (يحملوا غيرهم) واتە ناموسڵمانان بە پاڵەپەستۆ وفشار بەرەو ئیسلام بەرن، ئەو لێدوانانەش گومانی تێدا نییە زۆر تۆقێنەرن بۆ غەیرە موسڵمانەکان، و هەردەم نیگەران دەبن دەربارەی ئایین وبیروباوەڕی خۆیان، ئینجا پاڵیان پێوە دەنێت بۆ پرسیار کردن دەربارەی پایەی خۆیان لەناو (نیشتیمانی ئیسلامی) بەتایبەتی ئەگەر بزانین حەسەن بەنا، ئەو چەمکەی زۆر دوبارە دەکردوە لە لێدوانەکانیدا و هەردەم شوێن کەوتەکانی ئاگادار دەکردەوە لە چەمکی (نیشتیمان پەروەری) لە سەردەمی خۆیدا.
هەر لەو بارەیەوە حەسەن بەنا لە نوفەمبەری ساڵی 1947 باسی سەرانە (جزيە) ی وروژاند وبەرگریەکی زۆری لێکرد، ئەو کاتەش بڕیاری دابەشکردنی فەلەستین دەرچو بوو، جەوێکی دەروونی ئایینی زۆر خراپ لە ئارادا بوو، بەتایبەتی لە نێوان موسڵمانان وجولەکەدا وبەر لەوەش لە ئازاری 1947 کەنیسەیەك سوتێنرا لە زەقازیق کە تێیدا حەسەن بەنا وئیخوان ولێدوانە وروژێنەرەکانی تاوانبار کران، ولەگەڵ نەبوونی فەرهەنگی جیاوازیکردن لە نێوان جولەکایەتی وزایۆنیزم، جولەکەکانی میسر ومولك وسامانیان کەوتنە بەر هێرشگەلێکی زۆر لەلایەن ئیخوانەکان، کە بە ئاشکرا شانازیان پێدەکرد.
ئەو کردەوانە بوە هۆی ئەوەی کە نوسەری سێکیولاریستی بەناوبانگ (سلامە موسی) هێرشێکی گەورەی نوسین دەست پێبکات لە دژی حەسەن بەنا وحکومەتی نەقراشی، کە گوایە نازی بەنا زۆر دەکێشێت وچاوپۆشی لە کارە نایاساییەکانی دەکات. (ل 94 – 95).
جا ئەگەر هەڵوەستە نەکەین لەسەر ڕەخنەکانی سلامە موسی، سەرەڕای گرنگیشیان، بەلام چونکە ئەو بیرمەندە سیکیولاریست بوو بە ئاشکرا وحزب و فیقهی ئیسلامیش هەردەم ڕووی لە پیاوانی دینی ئاینەکانی ترە وڕێزێکیان بۆ دادەنێت، ئەوە چی بڵێن دەربارەی ئەو شەڕە وتارە توندەی نێوان حەسەن بەنا وقەشەیەکی زانا و وریای وەك (القمص سرجيوس)، کە کەسایەتیەکی ئاینی بوو لە پلەی یەکەمدا، وهێمایەکی نیشتیمانی شۆڕشی 1919 ش بوو، وزۆر چالاکانە بەژداری تێدا کرد ولە چەندین مزگەوت ولە ئەزهەریش وتاری دەدا، تا ڕادەی

ئەوەی نازناوی وتارخوێنی شۆڕشیان لێنابوو، وزۆر بوێرانە داوای سەربەخۆیی میسری دەکرد، ئەو پیاوە دژایەتیەکی توندی هەبوو لەگەڵ ئینگلیز وچەندین جار بە نەفی وسزادانی تر سزایان دابوو، کەچی ئیخوان تاوانباریان کرد بە بەکرێگیراوەتی بۆ ئینگلیز، پاش ئەوەی وەڵامی داوەتی جەمعیەتێکی قیبتی مەسیحی دایەوە بۆ وتاردانی ئایینی، لە سەربازگای التل الكبير بەریتانی.

بێگومان ئەو پیاوە بەرگەی ئەو تۆمەتانەی نەگرت ولە حەسەن بەنا و ئیخوان هاتە وەڵام، بە زیاتر لە بیست وتار وەڵامی دانەوە. یەکەم وتاری لە ژێر ناونیشانی (مەرگ نەوەك دەوڵەتی حسن بەنا) (الموت ولا حكم دولة حسن البنا) (ل 100 -101).

لەوتارەکانیدا شارەزایەکی زۆر قوڵ نیشان دەدات بە زانستە ئیسلامیەکان، وزۆر ئاگادارە بە ئایەتەکانی قورئان وبیرورا جیاکانی گەورە موفەسیرەکان، و حەسەن بەنا تاوانبار دەکات بەوەی کە (تەفسێرێکی بەپەنا وپێچ بۆ قورئانی پیرۆز) پێشکەش دەکات، بەتایبەتی لە راڤەکردنی ئەو ئایاتانەی تایبەت بوون بە ئەهلی کیتاب لە نێو ئەو ئایەتانەش (قَاتِلُوا الَّذينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَلَا بِالْيَوْمِ الْاخِرِ وَلَا يُحَرِّمُونَ مَا حَرَّمَ اللَّهُ وَرَسُولُهُ وَلَا يَدِينُونَ دِينَ الْحَقِّ مِنَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ حَتَّىٰ يُعْطوا الْجِزْيَةَ عَنْ يَدٍ وَهُمْ صاغِرُونَ (التوبه 29).

حەسەن بەنا لە تەفسیری ئەو ئایەتەدا تاوانباری هەموو ئەهلی کیتابی کرد "بە سێ سیفات، کە لە ئایەتەکەدا هاتوە: بڕوانەبوون بە خوا وبە ڕۆژی قیامەت، حەرام نەکردنیان بۆ ئەوانەی خوا وپێغەمبەر حەرامی کردوون، وهەروەها بە ساختەیی ئایینەکەیان، کە ئەوەش زانراوە لە ژیانیان وکتابەکانیان. (ل 102).

لە وەڵامەکانیدا قەشە سرجیوس ئاماژە دەکات بە کۆڵەواری حەسەن بەنا لە تەفسیردا ودەڵێت کە ئەو ئایەتە ئاماژە بە کۆی گشتی ئەهلی کیتاب ناکات، بەڵکو ئاماژەیە بە دەستەیەك لەوانەی ئەو سیفاتەنەیان تێدا دەردەکەوێت وچەندین بیروڕای گەورە موفەسیرانی هێنایەو کە دژی بیروڕای بەنا بوون، وسەرەڕای وەلامی چەندین زانایانی ئەزهەری هێنایەوە کە لەدژی ڕاکانی بەنا بوون .

## بەنا: سعودیە هیوای گەورەی موسڵمانان و دروشمی کارکردنە بە کیتابی خوا و سونەتی پێغەمبەر!

## بەشی شەشەم

بەشی حەوتەمی ئەو کتێبە بۆ پەیوەندی دێرینی نێوان ئیخوان و سعودیە تەرخان کراوە بە ناوی (الجميل السعودی) واتە چاکەی سعودی، تێیدا باسی پەیوەندیەکی دێرینی حەسەن بەنا وئیخوان دەکات لەگەڵ دەوڵەتی سعودیەی وەهابی. بەر لەوەی خودی میسر دان بە شەرعیەتی دەوڵەتی سعودیە بنێت، وبەرلەوەی سعودیە ببێتە ئەو دەوڵەتە نەوتییەی کە بە زەبری پارە وسامانی نەوت بتوانێت دەست بخاتە ناو کاروباری زۆربەی بزاڤە ئیسلامیەکان.

کەوابوو سەرسامی حەسەن بەنا بەو ئەزموونە سعودیە، لەگەڵ هەموو ئەو توندڕەویە سەلەفیەتە و وشکە دینداریە، دەگەڕێتەوە بۆ هۆکارێکی خودی حەسەن بەنا، نەك لە پێناو بەرژەوەندیەکی مادی، هەر بۆیە ئەو سەرسامیە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای کارکردنی لە ئیسماعیلیە وەك (مامۆستای دەسخەتی عەرەبی) [معلم الاملاء العربي].

لەو ڕۆژگارە حەسەن بەنا زۆری هەوڵدا بۆ ئەوەی بچێتە سعودیە، بۆ وانە وتنەوە لە پەیمانگایەکی ئایینی ئەویێ، بەڵام لە هەوڵەکانی سەرکەوتوو نەبوو، لەبەر ژمارەیەك هۆکار کە بە شێوەیەکی تێروتەسەل لە یاداشتەکانی ڕوونی نەکردۆتەوە، کە تێیدا دەڵێت کە چەند مەرجێکی هەبوە، وچەند داواکاریەکی هەبوە کە جێبەجێ نەکران، بەڵام لەوە ناچێت کارەکە بەو شێوەیە بێت، دەتوانین بڵێین کە بڕوانامەی زانستی حەسەن بەنا لەو ئاستە نەبوو، کە بتوانێت وانەبێژی بکات لە پەیمانگایەکی ئایینی، چونکە بەنا دەرچووی (تجهیزیه دار العلوم) بوو هەڵگری دیپلۆمی دار العلوم بوو، کە ئەو دیپلۆمە وەك لیسانس یان بەکالۆریۆس مامەڵەی لەتەکدا نەدەکرا، ودەرچووی ئەو دیپلۆمە بەشێوەیەکی تەواو شیاو نەبوو بۆ وانەبێژی لە پەیمانگایەکی ئایینی، بەتایبەتی ئەگەر بزانین هەرگیز لە ئەزهەری نەخوێندبوو، وکاریشی لە میسر (مامۆستای دەسخەتی عەرەبی)، هێشتا نەگەیشتبوە ئاستی مامۆستای زمانی عەرەبی، چ جای ئەوەی ببێتە مامۆستای بابەتە ئایینیەکان!

لەگەڵ ئەو بێ هیوایەی کە حەسەن بەنا دوچاری هات لە وەرنەگیرانی لە وانە وتنەوە لە سعودیە، کە لە نامەیەکی بۆ باوکی باسی لێوە دەکات، ودەردەکەوێت کە هیوایەکی زۆری پێ هەبووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تۆزقاڵێك لە سەرسامی وئیعجابی بەنای کەمنەکردەوە بە سعودیە، کە دەربارەی لە یاداشتەکانی دەڵێت: " سعودیە هیوایەکە لە هیواکانی موسڵمانان. دروشمی کارکردنە بە کیتابی خوا و سونەتی پێغەمبەر [د،خ] وسۆراخی سیرەتی سەلەفی سالح" (ل 109 -110)

ئینجا نوسەر گەواهیەکی بیرمەند ونوسەری بەناوبانگی میسری محمد حسين هيكل (1956 -1888) دەهێنێتەوە کە بە ڕێکەوت سەفەری ئەو و حەسەن بەنا لەسەر هەمان کەشتی بوە بۆ سعودیە لە ساڵی 1935، حەسەن بەنا بە دیتنی هیکل زۆر خۆشحاڵ دەبێت، تاڕادەی ئەوەی خۆی دەچێتە لای باسی ئامانجی جەماعەتەکەی دەکات، بەوەندەش بەس ناکات بەڵکو عەرزی هیکل دەکات "وەك نوسەری کتێبی (ژيانی محمد) یارمەتی جەماعەتەکەی بدات، وبەڵکو هیواخوازە هیکل سەرکردایەتی بکات" (ل 113) هەڵبەتە هیکل ئەو عەرزە قبوڵ ناکات بە بیانوی سەرقاڵی بە نوسین وکاری سیاسی، سەیر لەوەدایە هەر ئەو کتێبە واتە (ژيانی محمد) کە حەسەن بەنا وابە شانازیەوە باسی دەکات تاڕادەی ئەوەی

نوسەرەکەی کاندید دەکات بۆ پێشەوایەتی ئیخوان، دوایی هەر ئەو کتێبە وئەو کتێب نووسە بە توندترین شێوە هێرشیان دەکرێتە سەر، لەلایەن دەزگا ڕاگەیاندنەکانی ئیخوان، ئینجا هێرش دەکەنە سەر خودی هیکل بە بۆمبێك بۆ سەر ئوتومبیلەکەی، وتێیدا هاوسەری هیکل دوچاری پێکان دەبێت وتوشی چەپۆکێکی دەروونی دەبێت بۆ چەندین مانگ چارەسەری بۆ دەکرێت !!ل 113.

هیکل شایەدی ئەو پێشوازیە گەرم وگورەی سعودیەکان بوە لە حەسەن بەنا تا ئەو ڕادەیەی ڕێگای پێدراوە مەوعیزە بدات لە مەکە، کە ئەو کارە ڕێگای پێنەدەدرا بۆ هەموو زانایەکی غەیرە وەهابی، لە ترسی جیاوازی بیروڕای لەگەڵ سعودیەکان، کەچی ڕێگا بە حەسەن بەنا دراوە سەرەڕای ئەوەی لە زانا گەورەکان نەبوە، بەڵکو لە ئاستی زانا ئاساییەکانیش نەبوە. هیکل لەبەر سەرسوڕمانی بەو مامەڵەیە پرسیاری کردوە وپێیان گوتوە (کە پەیوەندی بە حکومەتی سعودیە هەیە وپاڵپشتی مادی وهاوسۆزی لەوانەوە وەردەگرێت) (ل 114) ئینجا نووسەر باسی گەواهی باڵوێزی ئەمریکی هیرمسان ئایلتس دەکات کە چەندین جار چاوی بە حەسەن بەنا کەوتوە لە سعودیە، کەوابوو سەردانی بەردەوامی سعودیەی کردوە ئەوەش ڕاڤەی ئەو نهێنییە دەکات کە بۆچی وێنەی شای سعودیە عبد العزیز هەردەم لەسەر بەرگی یەکەمی گۆڤاری ئیخوان بوو، سەرەڕای هەواڵەکانی ئەو وگەورە ئەمیرەکانی وبەرپرسانی سعودیە کە وێنەکانیان وهەواڵەکانیان زیاتر لە بەرپرسانی میسری بڵاودەکرایەوە. "ڕاستە سعودیە ئەوکاتە لە سیەکان و چلەکاندا دەوڵەتێکی نەوتی نەبوە وسامانێکی زۆری نەبوە، بەڵام بیرمان نەچێت کە تەنها مەبلەغی پێنج سەد جونەی میسری کە حەسەن بەنا لە کۆمپانیای قناه السویس وەری گرت، هاوسەنگی دراوی بۆ جەماعەت هێنایە ئاراوە، وتوانیان قوتابخانە ومزگەوتێکی پێ دروست بکەن "ل 115.

بێگومان دەوڵەتێکی وەك سعودیە لەوکاتانەش توانای بەخشینی زۆرتری هەبوە لە کۆمپانیایەك.

لە بەشی هەشتەم لە ژێر ناونیشانی (الی السفارة الامریکیة) نوسەر ئاماژە بۆ پەیوەندی ئاشکرای حەسەن بەنا دەکات بە ئینگلیز کە بەخۆی لە یاداشتەکانی ئاماژەی پێدەکات کە چۆن خۆی چوە بۆ کۆمپانیای قەناتی سوەیسی ئینگلیزی داوای باربووی لێکردوون، بێگومان ئەو کارەی بەنا جێگای نارەزایی چەندین

ئەندامی ئیخوان بوو، بەڵام بەنا وەڵامی دانەوە: کە ئەوە پارە وسامانی خۆمانە کە تالانکراوە وئەگەر کەمێکی بهێنینەوە زیانی تێدا نیە" (ل 117)

بەڵام کارەکە بەو ئاسانی وسادەییە نەبوو کە ئەو پێی وابوو، ئینگلیز بەبێ حیساب پارە نادەنە گەنجێکی نەناسراو (لەو کاتە) وئەهلی خێر وحەسانتیش نەبوون، لە بەڵگەنامەکانی بەریتانی باسێکی زۆری ئەو پارە وپولە موخابەراتیە کراوە، کە بۆ ئامانجێکی سیاسی مەزن دراوە، چونکە ئینگلیز بەنایان وەك خەسمێکی سیاسی توندی حزبی وەفد دەبینی، ویستیان سودی لی ببینن بۆ لاوازکردنی وەفد وبزاڤی نیشتمانی میسری(ل 117).

ئەوەی نوێیە لەو پەیوەندیە موخابەراتیانە، پەیوەندی حەسەن بەنا یە بە ئەمریکا "لێرەدا شایەدی باڵوێزی ئەمریکی هیرمسان ئایلتس بە سودە کە چەندین جار چاوی بە بەنا کەوتوە لە سعودیە ووەسفی دەکات بە (کەسێکی خۆش مەشرەب) و(لاری نییە لە دیتنی هەر کەسێکی ڕۆژئاوایی) ودەڵێت: (دەزانم یەکێك لە هاوڕێکانم لە باڵوێزخانەی ئەمریکی لە قاهیرە بە بەردەوامی چاوی بە بەنا دەکەوێت) (ل 119).

لە یەکێك لە بەڵگەنامەکانی باڵوێزخانەی ئەمریکی لە قاهیرەدا هاتوە کە ": لە 1947/8/29 سکرتێری یەکەمی باڵوێزخانەی ئەمریکی لە قاهیرە چاوی بە بەنا کەوتوە، کە تێیدا باسی بارودۆخی گشتی و خۆپیشاندانەکانی میسر کراوە... حەسەن بەنا ڕابەرایەتی خۆپیشاندانێکی زۆری کردوە بۆ پاڵپشتیکردنی لە نەقراشی پاشا سەرۆك وەزیران، کە بۆ ئەنجوومەنی ئاسایش دەچوو بۆ خستنە ڕوی داواکاریەکانی میسر، ئەو کاتە ترسێکی زۆر هەبوو کە ئەو خۆپیشاندانانە پشێوی وپاشاگەردانیەکی زۆری لێ بکەوێتەوە، کەچی حەسەن بەنا هەوڵی هێمن کردنەوەی بەرپرسەکەی باڵوێزی ئەمریکی داوە بە وتنی: (هیچی تر پشێوی ڕوونادات ولەتوانامدایە دەستی پێبکەم وکۆتایی پێ بێنم)!! بەرپرسەکە بە شێوەیەکی وروژێنەر وگوماناوی وەڵامی دەداتەوە: (گومانم هەیە بتوانیت فتنە دامرکێنیەوە لەپاش هەڵگیرساندنی) کەچی مورشیدی عام حەسەن بەنا بە خۆدەرخستنێکی ئاشکرا وەڵامی دەداتەوە: (ئیخوان بەو چەند مانگانەی دوایی زیاتر وبەهێزتر بوون، پاش ئەوەی ئەوانەی لە وەفد جیابوونەوە هاتنە ناو ئیخوان، وژمارەی ئیخوان ئێستا بۆتە 600 هەزار ئەندام، وگروپێکی کاریش هەیە کە ژمارەی

ئەندامانی لە نێوان 25 تا 30 هەزار ئەندام دەبێت لە (جەواله) کە بە شێوەیەکی سەربازی رێکخراون ومەشقی سەربازی ئیجباری وەردەگرن بە بەکارهێنانی هەر چەکێك چنگیان کەوێت)"

سکرتێری یەکەم ئاگاداری بەنا دەکاتەوە کە ئەوان دەزانن چ جۆرە چەکێکیان هەیە وئاماژەش بەوە دەکات کە چۆن ئەندامەکانی ئیخوان پەیوەندی بە باڵوێزخانەی ئەمریکی دەکەن بۆ پرسیارکردن لەسەر زانیاری دەربارەی چەکەکان.

بریکاری باڵوێزخانەی ئەمریکی لە قاهیرە (جیفرسون باترسۆن) قسەکانی بەنای دوو پات کردۆتەوە بە وتنی: " ئیخوان بەو چەند مانگانەی دوایی بەهێزتر بوون" هەروەها دەربارەی بەنا دەڵێت" :بە لەبەرچاو گرتنی پێشینەی ڕابردووی کە پڕە لە ئینتیهازیەت (هەلپەرستی) دەتوانین بگەینە ئەو دەرەنجامەی کە بەنا بەردەوام دەبێت لەو سیاسەتەی – مەبەستی سیاسەتی نەقراشییە – مادامەکێ گونجاو بێت بۆ خودی خۆی" (ل 120).

لە هەمووی سەیرتر ئەو چاوپێککەوتنە لە یاداشتەکانی حەسەن بەنا هیچ ئاماژەیەکی پێنەکراوە هەتا بۆ مێژووش، لە چاوپێکەوتنی دوەمیش کە محمود عساف بەرپرسی ڕاگەیاندنەکان لە رۆژنامەی ئیخوان یشی کە لەگەڵدا بوە هیچی دەربارەی باسنەکرد تەنها پاش ئەوەی نهێنی لەسەر بەڵگەنامەکانی ئەمریکا لادرا بە پێی یاسای ئەمریکا، ئەو کارەش هێندەی تر یاداشتەکانی بەنا دەخاتە ژێر پرسیارەوە وزیاتر ڕووی هەڵبژاردەیی وئینتیقائیەتی دەقەکە دەردەخات (ل 122 - 123)

لە چاوپێکەوتنی دوەمدا بە پێی سکرتێری یەکەمی باڵوێزخانەی ئەمریکی (فیلیپ ئیرلاند) بەنا داوا دەکات کە چەند کەسێکی ئیخوان تایبەت بکات بە موحارەبەی شیوعیەت "لەڕێگای خزینە ناو ڕیزەکانی شیوعیەکان بۆ وەرگرتنی زانیاری کە ئەوەش دەبێتە هۆی واز هێنان لە کاروباریان وبڕانی موچەکانیان، ئەگەر بکرێت دایان مەزرێنن لەسەر بنچینەی وەك موحەقیق یان لێکۆلەران ئەو کاتە ئەو کێشەیە چارەسەری ئاسان دەبێت" (ل 122).

بەڵام محمود عساف دوپاتی دەکاتەوەکە حەسەن بەنا بە بیرۆکەی هاوکاری رازی بوو بۆ دژایەتی کۆمۆنیزم، بەڵام بەوەرگرتنی پارە ڕازی نەبوو چونکە ئەوان لە پێناو بیروباوەڕیان ئەو کارە دەکەن نەك لە پێناو کرێ وپاداشت" (ل 122 - 123)

کەچی هەر بە پێی محمود عساف لە یاداشتەکانیدا بەنا بە جۆرێکی تر داوای پارەی کردوە لە ئەمریکیەکان، ریوایەتی عساف دەڵێت " :ئێمە هیچ لارییەکمان نییە لە یارمەتی دانتان بەو زانیارانەی دەستمان دەکەوێت لەبارەی شیوعیەت. خۆزگە نوسینگەیەکتان دادەمەزراند بۆ دژایەتی وجەنگان لە دژی شیوعیەت، ئەو کاتە دەتوانین چەند پیاوێکی تایبەتمەندی خۆمانتان پێبدەین ، بە مەرجێك ئەو کارە بە سیفەتێکی ڕەسمی لە ئێمەوە دوور بێت، دەتوانن مامەڵە لەگەڵ ئەو پیاوانە بکەن چۆنێکی ئێوە بە گونجاوی دەبینن، بەبێ دەست تێوەردان لەلای ئێمەوە جگە لە مۆڵەت پێدانیان بە کارکردن لەگەڵ ئێوەدا" (ل 123)

ئەگەر زۆر موئەدەب بین لەتەك ئەو عەرزەدا، ناوی ئیرتیزاقی سیاسی لێدەنێین، ئەگینا چۆن حەسەن بەنا ڕازی دەبێت بە فرۆشتنی زانیاری وبەکارهێنانی بەو شێوەیە میکیاڤیلیە، عساف لە یاداشتەکانی باسی چاندنی سیخوڕی ئیخوان دەکات لەناو حزبەکانی تر بە تایبەتی شیوعیەکان، ئینجا دەڵێت ئەو زانیاری بمانویستا بڵاومان دەکردەوە وەك سکانداڵ وئابرِوچون لە گۆڤاری کەشکولی نویێ ئەوەشی " گرنگ با بۆ دەعوەت نیشانی ئیمامی شەهید مان دەدا، باقیەکەشی دەمانگەیاندە بەرێوەبەری گشتی ئاسایش ووەکیلی وەزارەتی ناوخۆ خوا لێخۆشبوو احمد مورتەزا المراغی" (ل 125) .

ئەگەر ئەو کارەش بە پاڵنەری نیشتیمانی کرابێت، کە ناکرێت ئەو ناوەی لێ بنرێ چونکە دژی هێزێکی نیشتیمانیە با شیوعی نەبێت و کافری هەر سێ دینان بێت، ئەی فرۆشتنی ئەو زانیارانە بە لایەنی ئەمریکی وبەخشینی پیاو وەك (کرێگرتە) بۆ دامەزراندن لە ژێر دەسەڵاتی موخابەراتی ئەمریکی لەژێ ناوی (لێکۆڵەر) ناوی چی لێدەنرێت؟!! لەوانەشە ئەگەر هەر یەکێك لەو (لێکۆڵەرانە) یان (کرێگرتانە) دەستگیر کرابان بە تۆمەتی سیخوڕی، یەکسەر حەسەن بەنا و ئیخوان تەبەرایان لێدەکرد وەك چۆن وایکرد لەگەڵ بکوژانی النقراشی کە دەربارەیان وتی: (نە ئیخوانن ونە موسڵمان) لیسوا اخوانا ولیسوا مسلمین. (ل 127)

"چاندنی ئەندامەکان لەلایەن حەسەن بەناوە لەناو حزب وگروهەکانی تر ، با خیلافی ئایدیۆلۆژی هەرچەندە بێت، ئەو هەقیقەتە دەسەلمێنێت کە مورشیدی عام، هیچ باوەڕێکی بە حیواری فیکری وجەدەلی نێوان تەوژمەکان وگۆڕینەوەی بیرورِا نەبوە، وەك ئەنجامیش باوەڕی بە دەستاودەست کردن (التداول) ی

دەسەڵات نەبوە... بەڵکو باوەڕی بەکاری ژێربەژێر ونهێنی وخەریکە بڵێم بە (کاری چەپەڵ) (العمل القذر) هەبوە لەدزی غەنیمەکانی، کە دوودڵی ناکات لە خەبەر لێدانیان لەلای دەزگا ئەمنیەکان، بەڵکو لەلای باڵوێزخانە بیانیەکان، ئەوەش خۆی لە خۆیدا ڕەشەکوژیەکی مەعنەوی تەواوە لە ئەنجامدا ڕەشەکوژی مادی وجەستەیی دەبێتە کارێکی ئاسایی وبێ دڵ لە دڵدان.

# حەسەن بەنا لە ستایشی تاغوتدا

## بەشی حەوتەم

لە بەشی نۆیەمی ئەو کتێبە نوسەر بەردەوام دەبێت لەسەر ڕەخنەکردنی لە ڕێچکەی سیاسی حەسەن بەنا ولەژێر ناونیشانی (حەسەن بەنا و مەلیك فاروق) لە سەرەتادا باسی لابردنی بەشێکی تەواوی کتێبی (مژكرات الدعوە والداعیە) ی حەسەن بەنا دەکات. ئەو بەشە لەیەکەم چاپیدا کە لە (دار الكتاب العربي) بریتی بوو لە ژمارەی 251 بۆ 255 لە ژێر ناونیشانی (المؤتمر الرابع للاخوان والاحتفال بحضور جلاله الملك وتسليمه مقاليد الامور)، تێیدا ستایشکردنێك ووەلائێکی موتڵەق بۆ شا فاروق نیشان دەدەن، تا ڕادەی ماستاوکردن بە بۆنەی گەڕانەوەی فاروق لە لەندەن وبوونی بە شای میسر، پاش مردنی شا عەباسی باوکی.

تێیدا بەنا لەژێر ناونیشانی: ئاۆپڕەیەکی بێ وێنە لە مێژووی هوجەرخی میسردا! (حشد لم يسبق له نظير في تاريخ مصر الحديثة) کە لە گۆڤاری ئیخوان دەینوسێتەوە ودەڵێ: " لە گۆڕەپانی عابدین شوێن پێیەکت دەست نەدەکەوت لەبەر قەرەبالغی زۆر ولەبەر هوتاف کێشان، کە سەدای لە ئاسماندا دەنگی دەدایەوە، بە زەحمەت گوێت لەکەسێك دەبو ئەگەر تۆی دواندبا. بەو جۆرە ئیخوانەکان لەبەردەم دەرگای کۆشکی شا وەستا بوون، ئالاکانیان بەرز هەڵکردبوو

وهورایا دەکێشا (الله اکبر، الله اکبر، الاخوان المسلمون یبایعون الملك المعظم) (ل 135 -136)
کەوابوو بڵاوکردنەوەی کتێبی مذکرات الدعوة والداعیة بەشێوەیەکی میزاجی وبژاردەیی بوە، چونکە ئەو یاداشتنامەیە لەپاش کۆچی دوایی حەسەن بەنا لە 1950 بڵاوکرایەوە، ئەو کارەیان بۆیە کرد چونکە وادیارە هەستیان بە کۆتایی حوکمی شا فاروق کردبوو، بۆیە ئەو بەشەیان لابردا یان لەبەر هاتنی ناوی عمر التلمسانی بوو لەنێو ئەوانەی بەژداریان لەو ئاهەنگە مەزنەی شا فاروق کردبوو.
لەڕاستیدا ئەو هوتاف کێشانە بۆ شا فاروق، هێندە نەنگی نەبوو لە ساڵی 1936 کە تا ئەو کاتە کەس فاروقی نەدەناسی، ئەوەی کە زۆر نەنگیە ئەوەیە کە ئەو رەفتارەی حەسەن بەنا وئیخوان تا دوایین رۆژی ژیانیان و تا مردنی مەلیك بەو شێوەیە بووا بەردەوام خەریکی ماکیاژکردنی وێنەی فاروق بوون، هەتا پاش دزێو بوونیشی ودەرکەوتنی ڕووی دزێوی شا فاروق، ودابەزینی جەماوەرێتی بوونی بۆ نزمترین ئاست لە کۆتایی چلەکاندا.
ئەوەی سەرنج بداتە بەرگی گۆڤارە هەفتەییەکەی ئیخوان بۆی دەردەکەوێت چۆن وێنەی شا فاروق مێوانی بەردەوامی بەرگی یەکەم بوو تەنها موونافسێکی وێنەی مەلیکی سعودیە عبدالعزیز ئال سعود وخێزانەکەی بوون. (ل 138) کارەکە بەوە نەدەوەستا خۆیان واتە بەنا و ئیخوان لە جەوقەی ستایشکەران بن بەڵکو بەوە دەگەیشت کە ڕەخنە ئاراستە هێزەکانی تر بکەن کە ئەو کارەیان نەدەکرد!
ئەو ڕەخنەیەش جۆرێك بوو لە ئیبتیزازی سیاسی وبەڵکو راپۆرت لێدان. (ل 139) ئەگەر چاوێك بە ژمارەکانی ساڵی 1948 بخشێنین، لەو ساڵەی کە خەڵك تێکڕا لە خەیاڵ ودۆڵێك بوون، وتا دواترین پلەی بێ ئومێدی لە شا فاروق بێ ئومێد ببوون، لەبەر نوشوستی فەلەستین وبارۆدۆخی ناوخۆیی، کەچی بەرگەکانی گۆڤاری ئیخوان لە خەیاڵێکی تر ودۆڵێکی تر دا بوون، بۆ نموونە:
- ژمارەی 7 فبریوەری 1948 وێنەی شا فاروق پڕ بە بەرگ ولەژێری نوسراوە: (جلاله ملك الوادي بمناسبة عید میلاده السعید) (11ی فبرێوەری)
- ژمارەی 22 ێیار وێنەیەکی قەبەی شا فاروق ومانشێتێکی پڕ لە ماستاو ودرۆی مێژوویی زەبەلاح (صاحب الجلالة الملك المعظم فاروق الاول بمناسبه انتصار جنوده المظفرین فی فلسطین) کام سەرکەوتن وکام زەفەر؟!!

سەرکەوتنەکانی فەلەستین تەنها لە ماکینەی پروپاگەندەیی ئیخوان بوونی هەبوو، دەست وپێوەندەکانی فاروقیش هێندە بە جورئەت نەبوون لەسەر کردنی درۆیەکی واشاخدار، ناو لەو دۆڕاندنە گەورەیەی شا فاروق بنێن سەرکەوتن!! ئیخوان تەنها یەك وشەیان بە مێژووش نەوت دەربارەی لە دەست چوونی فەلەستین، و چەکی فاسید، وگەندەڵی شا فاروق ودەست وپێوەندەکانی، هەر بۆیە خۆشیان بە پێچەوانەی ئەو سەرکەوتنە درۆیینەی کە تەپڵیان بۆ لێدەدا سەدان ڕەخنەیان دەربارەی نووسی لەپاش مردنی شا فاروق، کە ئەوکاتە هیچ سودێکی نەبوو. نوسەر هەتا مانگی تەموز زیاتر لە شەش ژمارەی گۆڤارەکە بە وێنەی شا فاروقەوە بە نموونە دەهێنێتەوە!!

لە هەمووی ناشیرینتر لەکاری ئامێری پڕوپاگەندەیی ئیخوان، ئەوەبوو کە هەرچەندە هەموو خەڵك بە گەندەڵی ڕەوشتی شا فاروق دەزانی وباسی شەوە پەمەیی وسورەکانی بە درێژایی وپانایی وڵات بڵاوبۆوە، کەچی ئیخوان خەریکی بە دیندارکردنی وێنەی شا فاروق بوون لەسەر پەرەی گۆڤارەکەیان بۆ نمونە:

- لە ژمارەی 27 تەموزی 1946 وێنەی مزگەوتێك پڕ بە بەرگ ولەژێری نوسراوە: (مسجد فاروق الاول برأس البر)

- لە ژمارە 10ی ئۆگستی 1946 وێنەی شا فاروق بەو پەڕی خشوع وتەقواوە دانیشتوە ولەژێری نوسراوە: (صاحب الجلاله الملك يستمع الى اى من الذكر الحكيم...)

لەنامەیەکدا کە حەسەن بەنا بۆ شا فاروقی ناردوە، جگە لەوەی لێوان لێوە لە پیاهەڵدان هەندێ گوزارشی نا شەرعیشی تێدایە وەك (عرشك العزيز) و (تاجك المقدس) کەی تاجی سەری مەلیکەکان موقەدەس وپیرۆز بوە؟! ئەوەی خوارەوە بەشێکە لەو ستایشنامەیە:

السلام عليكم ورحمه الله وبركاته.. وبعد:

فأنت يا صاحب الجلالة موضع الامل ومعقد الرجاء لوادى النيل ولابناء العروبه ولشعوب الاسلام، عاطفه من الولاء والحب غرسها الله لك فى قلوب الناس لاراده يعلمها وحكمة يريدها..

ومصر الان يا صاحب الجلالة تجتاز ادق مراحل تاريخها الحديث وحكومتها فى مفاوضة مع حكومه بريطانيا ترجو ان تصل الى حق الوطن فى الجلاء ووحدة

الوادى حتى يحيا حياه الحرية والكرامة والاستقلال فى ظل عرشك العزيز وتاجك المقدس!!!

ئەو خيتابە وئەو عەقليەتە گوزارش لە عەقليەتى بەخواكردنى حاكم دەكات (تأليه الحاكم) كە لە سەدە كۆنەكان لە وڵاتەكانى ڕۆژهەڵات و ئەوروپاى سەدەكانى نێوەڕاست هەبوو، سەدەكانى تاريكى كە مرۆڤايەتى هەوڵى خۆ لێ ڕزگاركردن لەو قۆناغە دەدات ، كەچى حەسەن بەنا هەوڵى گێڕانەوەى دەدا چونكە هەر بەنا لە بۆنەيەكى تر وەك باسمان كرد خەليفەى پێ سێبەرى خوابوو لەسەر زەوى(ل 140 -146)

لەسايەى ئەو كۆڵەوارييە سياسيەى حەسەن بەنايە، ئەو كۆمەڵە لەوەتى هەيە سەركەوتنێكى سياسى ئەوتۆيان تۆمار نەكردوە، وهەردەم موسايەرەى ديكتاتۆرەكان دەكەن، وكاتێ خەڵكى تر ڕادەپەڕێت وشۆڕش دەكات خۆيان بە شەمەندەفەرى شۆڕش هەڵدەواسن وهێندەى پێ ناچێت خۆيان لێدەكەن بە خاوەن!!

## ماهیەتی پرۆژە چاکسازیەکەی حەسەن بەنا

لە بەشی دەیەمی کتێبەکەیدا، نوسەر جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە پرۆژەی حەسەن بەنا، درێژکراوەی پرۆژەی محمد عبدالوهابی دامەزرێنەری وەهابیەت بوو، بەهیچ شێوەیەك درێژکراوەی پرۆژەی چاکسازی ئەفغانی ومحمد عەبدە نەبوو. نوسەر پێیوایە کە محمد عبدالوهاب لە نێوەندێکی بیابانی نەجدی دواکەوتوو دەرکەوت کە کۆمەڵگاکە تەقدیسی دار وبەرد وچەند گۆڕێکیان دەکرد سەرەڕای بڵاوبونەوەی گەندەڵی ئەخلاقی ودیاردەی بەچەبازی بەشێوەیەکی ئیستیفزازی، بەڵام حەسەن بەنا کوڕی ژینگەیەکی کشتوکاڵی بوو کەچی هەستی بە جیاوازیەکە نەدەکرد لەنێوان هەردوو کۆمەڵگاکە، بۆیە گۆڕانکاریە

کۆمەڵایەتیەکانی پاش شۆڕشی 1919 ی بە تەوژمێك لە بێ رەوشتی وئیلحادی وەسف دەکرد (ل 154).

ئینجا حەسەن بەنا بە پێچەوانەی پرۆژەی چاکسازی ئەفغانی ومحمد عەبدە، پاڵپشت کەرێکی سەرسەخت بوو لە ئیستبداد ودیکتاتۆرەکان، وئیستبدادی بە هۆیەکی سەرەکی دواکەوتنی جیهانی ئیسلامی نەدەزانی وەك ئەفغانی ومحمد عەبدە. کێشەی دواکەوتوی موسڵمانان لە بواری زانستە سروشتیەکان و کیمیا وفیزیا باسێك نییە لە پرۆژەی بەنا، بەڵکو کێشەکان هەمووی بە هۆی دوورکەوتنەوەی موسڵمانانە لە دینەکەیان، کەوابوو بۆچی بەگژ حاکیمە ئیستبدادیەکانەوە بچین؟! چاکتر وایە باشتر بگەڕێنەوە بۆ دینەکەمان ویەك لە چارەسەرەکان بۆ رزگاربوونی موسڵمانان لەو میحنەتەی تێیدان خوێندنی دوعای قنوتە لەپاش ئاخیر رەکەعەتی هەر نوێژێك!! (ل 157).

کەوابوو کێشەکە لە خودی موسڵمانان دایە نەك لە هۆیە بابەتیی ودەرەکیەکان، کەوابوو نەباسی ئازادیە گشتیەکان وتاکەکان، ونەباسی سەروەری یاسا ودەستور، ونە هەڵبژاردن، ونە جەنگان لە دژی ئیستبداد وگەندەڵی ونە داخوازی پلورالیزمی سیاسی لە گۆڕێدایە هەموو کارەساتەکان لە خودی تاك تاکی موسڵمانەکان دەست پێدەکات وهەر لەویش کۆتایشی پێدێت.

## - حەسەن بەنا و تاکپەرستی (عیبادەتی فەرد)

لەبەشی یازدەهەم نوسەر هەرجەخت لەسەر رەفتار وبیری سیاسی حەسەن بەنا دەکات، وچۆن هەموو ورد ودرشتی کارەکانی جەمەعاتی ئیخوانی لەژێر دەست وچاودێری خۆیدا بەرێوە دەچوو. لە زمانی محمود عساف لە یاداشتنامەکەی دەگێرێتەوە کە بەنا بەرلەوەی کەسێك بکاتە یاریدەدەری خۆی لە ناو ئیخواندا تاقی دەکردەوە، ویەکێك لەو تاقیکردنەوانە ئاماژە بۆ جۆری بیرکردنەوەی فەردیەتی بەنا دەکات، کاتێ لەو کەسەی دەپرسی: " ئەگەر کودەتایەك لە ناو ئیخوان دا کرا و حەسەن بەنا دورخرایەوە، ئایا هەر لە ئیخوان کاردەکەیت؟" ... وەڵامی محمود عساف بەو شێوەیە بوو: " بانگەوازی ئیخوان موسلمین بەبێ حەسەن بەنا، دەبێتە شتێکی تری جیاواز لە بانگەوازی ئیخوان کە فێری بووین وتێیگەیشتین ولەسەری پەروەردە بووین"!

ئەو وەڵامە هەرچەندە ئاشکرایە لەسەر حەزی بەنا بنیاتنراوە کەچی حەسەن بەنا هەردڵی ئاوی نەخواردەوە وبە عسافی گووت:" بڕوانە محمود، ئیمان بە ئیسلام لەسەر دوو شایەتمانی بەندە: (لا اله الا الله وان محمدا رسول الله) ئەگەر یەکێك باوەڕی بە (لا اله الا الله) هێناو باوەڕی بە (محمد رسول الله) نەهێنا ئەو کەسە وەك ئەهلی کیتابی لێدێت، کە تەنها باوەڕیان بە خودایە ودان بە پێغەمبەرایەتی محمد ناهێنن".

کەوابوو ئەوەی لەسەر ئیسلام وپێغەمبەر جێبەجێ دەبێت، لەسەر ئیخوان و حەسەن بەناش جێبەجێ دەبێت، ئەو لۆژیکە، لۆژیکی یەکسان کردنی فیکرە وخاوەنی فیکرەیە، کەوابوو ناکرێ ئیخوان بیت وباوەڕت بە حەسەن بەنا نەبێت. بۆیە بەنا بە ڕاشکاوی لەو بارەیەوە دەڵێت: "پێویستە باوەڕ بە فیکرە وخاوەنەکەی پێکەوە بکەین، ئێمە جەمعیەتێك یان پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی نین. ئەگەر وابا ین هیچ گرنگیەك بۆ سەرکردە وپێشەوا نییە، دەکرێت هەر تاکێکی جەمعیەتەکە بێتە سەرۆك. بەڵام چونکە ئێمە بانگەوازین پێویستە باوەڕمان پێی هەبێت، هەنگاو بنێین لەسەر ڕێبازی خاوەن بانگەوازەکە، وکاربکەین بۆ جێبەجێکردنی بیرۆکەکانی تا سودیان لێوەرگرین بە ڕەزامەندیەوە" (ل165 -167).

وادیارە بۆیە حەسەن بەنا تا ئەو ڕادەیە دژی حزب وحزبیەت بوو، چونکە حزبی هەقیقی سەرۆکێکی هەیە وهەڵدەبژێردرێت بۆ ماوەیەکی سنوردار، بۆی هەیە هەڵبژێردرێتەوە یان نا، بۆی هەیە ئەندامانی تر جیاواز بن لەگەڵیدا، بەڵام کاتێك مەسەلەکە دەبێتە (دەعوە وداعیە) ئەوە هەر جیاوازییەك لەگەڵیدا خۆی لەقەرەی کوفر دەدات ئەگەر خودی کوفر نەبێت، چونکە دەعوە بێ داعیە نابێت وبەڵکو داعیە (بانگخواز) بەرجەستەکەری دەعوە، کە ئەو چەمکەش زیاتر لە فیقە وفیکری شیعەگەرێتیەوە نزیکە ولە ڕووی ئایدیۆلۆژیەوەش نزیکە بەو بیرۆکە سۆڤیەتیەی کە دەیوت"باوەڕ بە پێشەوایەتی ستالین یەکسانە بە باوەڕ بە تیۆری مارکسیسزم"

ئەو خەیاڵە کاریزمە ئاسایەی حەسەن بەنا وایلێکردبوو زۆر کەم پرس وڕا بکات، وزۆربەی کارەکانی بە نهێنی ئەنجام بدات، هەتا کاتێك ئیسماعیلیەی بەجێهێشت بۆ قاهیرە لەناو دەیان ئەندامی زانا ودانادا، دارتاشێکی نیمچە خوێندەواری هەڵبژارد بەناوی (علی الجداوی) بۆ گرتنەوەی شوێنی خۆی! کاتێك کەسانێك نارەزاییان

دەربڕی بوو، حەسەن بەنا بەتوندترین وشە سەرکۆنە و وەسفیان دەکات بە جۆرێك لە سوکایەتی ولاقرتێی پێکردن. لەکۆتاییدا دارتاشەکە بڕیاری لەسەر دراو وداوای لێکرا واز لەکارەکەی بهێنێت وتەفەروغ بکات بۆ دەعوە لە شوێنی بەنا!!! (ل 168).

مێژوو دەیسەلمێنێت کە ئەوانەی زۆر خۆیان پێ بەرز بێت، و خۆیان پێ قائیدی ئەوحەد بێت، هەردەم حەزدەکەن خۆیان دەورەدەن بە کەسانێکی لاواز و بودەڵە وگوێ لەمست، تا هیچ ترسناکیەك دروست نەکەن لەسەر پایەی پێشەوا وئەمیری جەماعەت، ئەو دیاردەیە لە نێو زۆربەی هەرە زۆری حزبە ڕۆژهەڵاتیەکان باوە بە کوردستانیشەوە.

ئەو جۆرە پەروەردەیە کاریزما ئاسایە وای لە یەکێك لە دەست وپێوەندە نزیکەکانی حەسەن بەنا بەناوی احمد عادل کامل کرد، بە شێوازی ئەدەبیاتی سیرەی پێغەمبەر، وەسفی بەنا بکات بەو جۆرە: " لم یکن رضی الله عنه بالطویل ولا بالقصیر وان کان الی القصر اقرب. ولم یکن بالرفیع ولا بالسمین وان کان ممتلئا ربما، ولم یکن ابیض ناصع البیاض ولا اسمر بین السمره، ولکنه کان سواء بین ذلك" [ڕەزای خوای لێبێت نە درێژ بوو و نە کورت، هەرچەندە بۆ کورتی نزیکتر بوو. نە لاواز بوو نە قەڵەو هەرچەندە گۆشتن و پڕ بوو! نە زۆر سپی بوو نە دەتوانی بڵێیت ئەسمەریش بوو، بەڵکو لە نێوانیاندا بوو"! وەك بڵێی حەسەن بەنا لە سەردەمی فۆتۆگراف نەژیا بێ، هیچ وێنەیەکی نەبێ!

ئینجا دەروێشیەکەی زیاتر بڕ دەکات ودەڵێت: " لم یکن فیه ای شئ غیر عادی.. ولکنه بکل تاکید کان فیه سر غیر عادی لیس من السهل ان تدری ما هو"!!! لە ئەنجامدا هێندە بچوك دەبێتەوە بەرامبەر ئەو مەزنایەتیەی پێشەوا، تا دەگاتە دان هێنان بە زەئالەت وبچوکی خۆی: "یصغر الواحد منا فی نفسه کثیرا ویحس انه لا شئ امام عملاق ضخم صنعه الله علی عینه واصطنعه لدعوته، فلا یجد احدنا حرجا ولا غضاضه ان یقر انه فی حاجه الی هذا الرجل لیرشده" (ل 173 - 174) [حەسەن بەنا هیچ شتێکی نائاسایی تێدا نەبوو..بەڵام بە دڵنیایەوە نهێنیەکی نائاسایی تێدا بوو ئاسان نەبوو بزانیت چییە...هەر یەکێك لە ئێمە لە دەروونی خۆیدا زۆر بچووك دەبوەوە وهەستی دەکرد هیچ نیە بەرامبەر ئەو عملاقە زەبەلاحەی کە خوا بەخۆی دروستی کردبوو بە بایەخی خۆی بۆ دەعوەتەکەی،

هیچ کەسێك لە ئێمە پێی شەرم نیە دان بنێت بە پێویستی بەو پیاوە بۆ ئەوەی ڕێنیشاندەری بکات]

نوسەر لەوبارەیەوە دەڵێت:" ئەوە تەنها نمونەیەکە لەو نوسینانەی کە دەربارەی حەسەن بەنا نوسراوە، وهەست بەجۆرێك لە بەخوداوەندکردن (تألیە) دەکەیت... لەڕاستیدا بەنا خۆی پشکێکی گەورە لەو بەرپرسیاریەتیە هەڵدەگرێت، چونکە هەموو ئەوانەی ویستیان بیروڕایەکی جیاواز لە بیروڕای ئەو دەربڕن، تێیان کەوت بە دەرکردن بە خێراترین ودڵ ڕەقترین شێوە بۆ دەرەوەی جەماعەت، وەك چۆن وایکرد لەگەڵ احمد السکری و د. حسن ابراهیم و کەسانی تر، تەنها ئەو چەند دەروێش وموریدەی لە دەوری مایەوە، لەو سەرسامانەی کە لە ئینبیهار وسەرسامبوون و تەسبیحات کردن بە فەزائیلەکانی، وەك بڵێی پێغەمبەرێکی نێردراو بێت لەلایەن خوا، نەك تاکێك بێت، بۆی هەیە بپێکێت ونەیپێکێت، زیاتر هیچیتریان پێنەبوو. ..

لە سۆنگەی ئەوەوە شێخ حەسەن بەنا هەردەم دەورەدرابوو بە کۆمەڵێك لە سەرسامبوان وتێکشکاوان وکەسایەتی لەرزۆك لەبەرامبەر ئەودا، وزۆربەشیان لاوی تەمەن بچوك بوون، بێ قوڵایی وبێ فیقە بوون لە زانیاریەکانی دیندا، کەسی نەدۆزیەوە لەوانە ئاگاداری کەنەوە لە مەترسی ئەو کارانەی کە دەیکردن... (ل 174)

## حەسەن بەنا ودەرەنجامی کەتنەکان

ئینجا بەشی دوازدەمی ئەو کتێبە سەرلەبەری باسی پەیوەندی بەنا وشا فاروق وکوشتنی النقراشی دەکات بە دەستی (ڕێکخراوی تایبەتی) سەر بە ئیخوان لە 1948/12/28، هەر لە پاش ئەوە هەوڵی کوشتنی حامد جودە کرا کە خزمێکی نزیکی نەقراشی بوو، بەوەش نەوەستان هەوڵی کوشتنی ابراهیم عبد الهادی یان دا کە سەرۆك وەزیرانی پاش نەقراشی بوو!! بێگومان کوشتنی نەقراشی، وئەو هەوڵە نەزۆکەی تری ڕەشەکوژی، کاردانەوەیەکی توندی گۆڕەپانی سیاسی وجەماوەری بەسەر ئیخوان و حەسەن بەنا هێنا، تا ڕادەی ئەوەی بەنا هەستی بە ترسناکی بارودۆخەکە کرد، وکەوتە هەوڵی پاکانەکردن بۆ خۆی، وبەیانێکی دەرکرد لە ئیدانەکردنی بکوژانی نەقراشی، ئینجا دەستی کردە هەوڵدان بۆ واستە وناوبژی بۆ تەبریەکردنی خۆی، هەتا جارێکیان لە ئۆفیسی سەرۆك وەزیران بەگریانەوە داوای لێبوردنی کردبوو، وبەڵکو لە ترسی کوشتنی داوای کرد کە زیندانی بکەن بۆ ڕزگار بوون لە هەوڵی تۆڵە لێکردنەوە(ل 178).

هەموو هەوڵەکانی حەسەن بەنا بۆ ڕزگار بوون لە ئەنجامی کارەکانی سەریان نەگرت. جەوێکی عام باڵی بەسەر گۆڕەپانی سیاسی میسر کێشابوو بە ئاڕاستەی

سزادانی ئیخوان، وبەنا کە دوژمنیان زۆر ببوو لە ئەنجامی سیاسەتە هەڵەشەکانی، لاوانی حزبی سەعدیەکان لە هەموو کەس داخ لە دڵتر بوون بۆ کوشتنەوەی بەنا لەبری نەقراشی. ئەوەبوو لە 1949/2/12 حەسەن بەنایان کوشت (ل 203) تا ئێستاش بە تەواوی ئاشکرا نەبوە کێ بەنای کوشتوە، دەڵێن حکومەت ولاوانی سعدییەکان کوشتویانە، وسەرچاوەی تر دەڵێن مەلیك فاروق کوشتویەتی، چونکە هەوڵێکی کوشتنی مەلیك ئاشکرابوو بە کرێکاری ئەسانسێری مەلیك کە دەرچوو لە (ڕێکخراوی تایبەتی) ئیخوان بوو، هەرچەندە بەنا تا ڕۆژی مردنیشی هەر خەریکی مەدح وسەنای مەلیك بوو (ل 204).

لە هەمووی سەیرتر ئەو ڕایەیە کە دەڵێت بە دەستی پیاوانی (ڕێکخراوی تایبەتی) خۆی کوژراوە چونکە پاش ئەوەی نەقراشی پێکوشتن، بەیاننامەی تەبەرای لەسەر دەرکردن بەناوی (لیسوا اخوانا ولیسوا مسلمین) [نە ئیخوانن ونە موسڵمانن!] کە لە ئەنجامی توڕەیی لەو بەیاننامەیەی بەنا، بکوژی نەقراشی (عبدالمجید حسن) دانی پێدا هێنا کەوا کوشتنی نەقراشی بە فەرمانی ڕاستەوخۆی بەنا بووە!! وئەوەشی فەرمانەکەی پێگەیاندوە پیاوی مورشیدی عام بوو لەناو ڕێکخراوەکە کە سەید سابق ی خاوەنی (فقه السنة) بوو(ل 204).

سیاسەتی بەنا ببوە مایەی بێزاری زۆر لە ئەندامانی ئیخوان، بەڵام هەر کەسێك ڕەخنەی لێگرتبا چارەنوسی دەرکردن بوو، هەتا کۆمەڵێك لە کادیرە لاوەکان ئیخوان پێکەوە دەستیان لەکارکردن کێشایەوە لە ئیخوان و (جماعه شباب محمد) یان پێك هێنا لە 1940، ئینجا نۆرەی وەکیلی جەماعەت احمد السکری هات، کە فەزڵ وچاکەی زۆری هەبوو بەسەر بەنا، چونکە السکری کارەساتی چاوەڕوانکراوی سیاسەتی بەنای دەدیت، وهەوڵی هێورکردنەوەی دەدا ولەنامەیەك کە بۆ بەنای نوسیوە تێیدا هاتوە:

"ئاگاداری دەکاتەوە لە خنکان لەناو سیاسەتی حزبی بەتەواوی، وئینجا گۆڕان هەر ڕۆژەی بە جۆرێك لەو سیاسەتە تا ڕادەی لەبیرکردنی ئامانجە بەرزەکانمان، وبە جۆرێك بوینەتە مایەی سازش لەسەرکراو وموساوەمەی هەموو لایەك" لەبەر ئەوە بەنا بڕیارێکی تاك ڕەوانەی دا بە دەرکردنی لە جەماعەت بە تۆمەتی (یاخیبوون)!! (ل 215).

## سەرچاوەی تاکڕەوێتی وتاکپەرستی حەسەن بەنا

دەکرێت ئەو تاکڕەوییەی بەناش لە ژێر کاریگەری ئەو ڕێچکە تەسەوفە بێت، کە بەنا ماوەیەك لە ژیانی تێیدا بوو کە (تەریقەتی حەسافی) بوو، زۆربەی ئەو تەریقەتانەش بنەمای ڕێکخستنی تێدایە کە پەیوەندی نێوان مورشید وموريد ڕێکدەخات، ئەوەی نامیلکەی (اداب المرشد والمريد) ابن عربی بخوێنێتەوە دەزانێت کە ئەو پەیوەندییە زیاتر لە پەیوەندی بەندایەتی دەچێت... بۆ نمونە مورید بۆی نیە هەرگیز قسە بکات لە حزوری مورشیددا، تەنها ئەگەر مورشید داوای لێکرد قسە بکات، بۆشی نییە گفتوگۆ ومشتومڕی لەگەڵ بکات لەسەر هیچ بیروڕایەکی یان ڕەخنەی لێ بگرێت، بۆی نییە مورید هەر شتێکی لێ داوا بکات ڕەتی بکاتەوە هەتا ئەگەر ببێتە هۆی مەرگیشی!! پێویستە ڕۆحی مورید وژیانی لە دەستی مورشیددا وەك لاشەی مردوو بێت لەژێر دەستی لاشەشۆرەکەی... ئەگەر مورشید مرد مورید بۆی نییە ژنەکەی ئەو بهێنێتەوە!!! هەر بۆیەش حەسەن بەنا مورتاح نەبوو بۆ هیچ ناو ونازناوێکی تر زیاتر لە نازناوی مورشیدی عام (ل 217 - 218) وهەموو بنەماکانی ئادابی مورشید وموریدی سۆفیەتی گواستەوە بۆ ناو ئیخوان، تا ئەمڕۆش هەر ئەو بنەمایانە تەحەکوم بە پەیوەندیەکانی ناو ئیخوان

دەكات.

دەڵێن پاش كوشتنی نەقراشی، حەسەن بەنا لە كاتێكی زۆر ناوەخت ودرەنگ هەوڵیدا بەهەموو بنەماكانی كاری ئیخوان دا بچێتەوە، وعەرزی دەسەڵاتدارانی كرد بە تەواوی واز لە سیاسەت بهێنێت! دەگێڕنەوە لێی كەوا زۆر پەشیمان بوو لە دروستكردنی (ڕێكخراوی تایبەت)، زۆر پەشیمان بوو كە كۆمەڵێك گەنجی پەروەردە نەكرد كە تەنها بۆ ئایین وبەرزكردنەوەی ئیسلام هەوڵیان دابا، دەیگووت دەیەوێت چاو بخشێنێتەوە بە زۆر لەو كارانەی كە ئەنجامیداون، وخەون بە جەماعەتێكی تر و ئیخوانێكی نوێ دەبینێت بەبی زاهیر وباتن (ڕواڵەت وپەنهان) وبەبێ ڕێكخراوی نهێنی چەكدار وبەبێ كوشتن وهەڕەشەكردن لە نەیاران (ل 220).

بەدوری نازانین كە بەنا ئەو بیروڕایانەی بەڕاستگۆیانە دەربڕیبێت وئەو ئاواتانەی هەقیقی بوبن ، بەڵام لەكاتێكی ناوەخت گوزارشی لێكردن، نەك نەیارانی پێیان باوەڕ نەدەكرد ، بەڵكو پیاو وجێنیشینەكانی خۆشی باوەڕیان پێنەدەكرد وەك (قسەی دانوستان) ی تەكتیكی بۆیان لێكدایەوە، بەو جۆرە بەنا تا ئەمڕۆش زۆر لە هەڵە سیاسیەكان وبیروڕایە بەسەرچوەكانی بەرۆكی گەورەترین ڕێكخراوی ئیسلامی جیهانی ئیسلامی گرتۆتەوە، وبەدەگمەن كەسانێك هەن لەو ڕێكخراوە زەبەلاحە زاتی پێداچوونەوە بۆ هیچ لە بیروڕاكانی بكەن.

لێرەدا كۆتایی بە باسكردن وخستنەڕوی ئەو كتێبە دەهێنم، وبانگەشەی ئەوە ناكەم كە هەموو زانیاریەكانم خستبێتە ڕوو، بەڵام هەوڵمداوە زۆرترین بڕی ئەو زانیاریانە بخەمە ڕوو وەك خزمەتێك بە هەق وهەقیقەت، بەڵام ئەوەی ئەو كتێبەی دەست دەكەوێت چاكترە بیخوێنێتەوە چونكە بێگومان من نەمتوانیوە هەمووی بخەمە بەرچاوی خوێنەران، ئێمە زۆر پێویستمان بەو جۆرە كتێبانە هەیە لەسەر ئەو كەسایەتیە مێژوویانەی كە بانگەشەی حزبی وسیاسی هەقیقەتیانی لە خەڵك شاردۆتەوە. من بەو كارە نامەوێ بڵێم حەسەن بەنا خراپ بوە یان باش بوە، بەڵكو تەنها دەمەوێت چۆن بووە وا باسبكرێت، هیچی تر ئەدەبیاتی حزبی خەڵك وخوێنەر بە چەواشە نەكەن و بە گێل ودەبەنگیان نەزانن.

محەمەد هەریری

| ژمارەی لاپەڕە | بابەتەکان |
|---|---|
| 3<br>9 | **پێشەکی**<br>بەشی یەکەم<br>ماهیەتی کەسایەتی حەسەن بەنا |
| 10 | ئایە حەسەن بەنا جوو بوو وەک عەقاد دەیگووت؟! |
| 14<br>19 | حەسەن بەنا: چەند وێستگەیەك<br>حەسەن بەنا و توندوتیژی<br>حەسەن بەنا و هونەری مەوگ<br>ئایە حەسەن بەنا بوە قوربانی ڕێکخراوی تایبەت؟! |
| 23<br>26 | سیاسەتی مێژوویی حەسەن بەنا و ئیخوان بۆ سەرکوردنی فەزایحەکان!<br>زاوا ڕاسپۆتینەکەی حەسەن بەنا عبدالحکیم عابدین بەننا و خزم خزمێنەیی |
| 29 | حەسەن بەنا و شەخسپەرستی |
| 33 | ڕوانگەی سەلەفیانەی حسن البنا دەربارەی ئافرەت! |
| 35 | حەسەن بەنا و عروبەت |
| 41 | حەسەن بەننا و پەسندڕایی و تاکڕەوی |
| 45 | حەسەن بەننا و مەرایی کردن بۆ دەسەڵاتداران! |
| 48<br>49 | **بەشی دووەم**<br>حەسەن بەنای ئیخوان مامۆستای فەشەل و شکست! |
| 76 | بەشی سێیەم<br>ئەو حەسەن بەنایەی پێویستە وەك خۆی بیناسین! |

## تا ئێستا ئەو ژمارانە دەرچوون
## لە زنجیرەی دۆسێیە فەرهەنگی و فیکریەکان:

**ژمارەی دۆسێکان:**

**ئەندەلوس لە نێوان داگیرکردن و لێبوردەییدا ( 1 )**

**ئەزموونی سێکیولاریزم لە ئیسلامدا! جەلالەدینی ئەکبەر دامەزرێنەری یەکەم حوکمی سێکیولاری لە ئیسلامدا! ( 2 )**

**ئەفسانەی مەسیحی دەجال و مەهدی ( 3 )**

**پزیشکی پێغەمبەرایەتی و مەلا عەلی کەڵەك ( 4 )**

**ئیبن تەیمیە سەلەفیەت و تەعریب ( 5 )**

**ئیمام نەجمەدین تۆفی، هەوڵێکی تری سێکیولاری لە ئیسلامدا ( 6 )**

**فەرهاد پیرباڵ: بەهلولەکەی دەسەڵاتی کوردی! ( 7 )**

**کورد لە نێوان دۆزی فەڵەستین و ئیسرائیل دا! ( 8 )**

**خەلافەتی عوسمانی لە شەریعەتەوە بۆ عەلمانیەت (9)**

**عەبدلواحید خولانەوە لە بازنەی چەمکە سواوەکانی ڕابوونی سەلەفی ( 10 )**

**عەبدولڕەحمان سدیق ڕیفۆرم یان یاریکردن بە وشە؟! (11)**

**چەند دیدێك دەربارەی هونەر و ئەدەب و کتێب و نووسین ( 12 )**

**کورد و ئەفسانەکانی کوشتاری ئەرمەن ( 13 )**

**دەتوانی هەموویان لە پێگەی کوردپیدیا دابەزێنیت لەگەڵ هەموو کتێبەکانی نووسەر لەو لینکەی خوارەوە:** [کوردیپێدیا - گەورەترین و پۆلێنکراوترین پەرتووکخانەی دیجیتاڵی کوردی! - (13,724) پەرتووک <br>لە کوردیپێدیادا تاوەکو ئێستا 11,435,025 فایل دابەزێنراوە(kurdipedia.org) !]

[کوردیپێدیا - محەمەد هەریری(kurdipedia.org)]

[مكتبة نور اكبر مكتبة إلكترونية عربية مفتوحة للكتب(noor-book.com)]

[تحميل كتب محمد حريري - Mohammed Hariri pdf مكتبة نور-(noor-book.com)]

## بەرهەمەکانی تری نووسەر:

- داعش کێیە و مەشروعیەتی لە کام سەرچاوە وەردەگرێت.
- نەورۆز و توندڕەوی سەلەفیەت
- ئەدیب و گزیری پۆلیس کێشەی ئەدەب وسیاسەت لە وڵاتە سۆشیالیستەکان .. وەرگێران.
- خوێندنەوەیەک: لە کتێبی ئەو (حەسەن البنا)یەی کە کەس نایناسێت
- ئافرەت لە نێوان سەرەڕۆیی فێمینیزم و توندڕەوی ئاینیدا.
- ئافرەتی کورد لەژێر هەژموونی گوتاری فیمینیزمی دا
- ئیسلامی سیاسی و فیگەرەکانی لە کوردستان و ئیسلامستان
- کوردستان لە پەنجەرەی غوربەتەوە
- دواهەمین داوای شەیتان...کۆمەڵە چیرۆک
- باوکانی سەلەفیەت دەروازەیەك بۆ سەلەفیناسی
- پەیوەندی شیعە و کورد لە ڕۆشنایی عروبەت و میللەتگەرایی
- مۆتەکەی تورکی لە ئەتاتۆرکەوە تا ئەردۆگان
- چەند باسێکی ئیسلامی سیاسی و کلتوری لە چەند دیمانەیەکدا
- میحنەتی خەلقی بوهتان سکاندالەکەی عەبدوللەتیف سەلەفی
- گەندەڵستان؛ چیرۆکی ئەزمونێکی تێکشکاو لە باشووری کوردستان
- ڕابوونی مەرگ
- کوشتنی فەرەج فۆدە هەڵوەشانەوەی ئەفسانەی میانڕەوی ئیسلامی
- نەوەیەکی زێڕینی شۆڕش چەند یاداشتێك لە شۆرشی هەنگاریای ساڵی ١٩٥٦ [وەرگێڕان]

هەموو کتێبەکان دەتوانیت لە سایتی کورپیدیا و مکتبة النور دابەزێنیت لەو دوو لینکەی خوارەوە:

کوردیپێدیا - گەورەترین و پۆلێنکراوترین پەرتووکخانەی دیجیتاڵی کوردی! - (13,724) پەرتووک <br>لە کوردیپێدیادا تاوەکو ئێستا 11,435,025 فایل دابەزێنراوە(kurdipedia.org) !

کوردیپێدیا - محەمەد هەریری(kurdipedia.org)

مكتبة نور اكبر مكتبة إلكترونية عربية مفتوحة للكتب(noor-book.com)

تحميل كتب محمد حريري - Mohammed Hariri pdf مكتبة نور(noor-book.com)

## محەمەد هەریری



لە ساڵی ١٩٦٦ لە هەولێر لە دایکبووە. لە بواری نوسیندا بە "محەمەد هەریری" ناودێر کراوە. کۆلیژی ئادابی بەشی ئینگلیزی لەزانکوی سەلاحەدین تەواو کردوەو، لە ساڵی ٢٠٠٦ لە وڵاتی بەریتانیا ماستەری لە لە وەرگێڕانی زمانی ئینگلیزی بەدەست هێناوە.

* لە کۆتایی هەشتاکانەوە دەنوسێت لەسەر بابەتی سیاسی و دینی و فیکری و کۆمەڵایەتی.

* لەساڵی ١٩٩٥ کۆچی هەندەرانی کردووە لە بەریتانیا نیشتەجێ بووە. سەرنوسەری روژنامەیەکی کوردی و گوڤارێکی عەرەبی بووە، بە کوردی و عەرەبی و جاروبار ئینگلیزیش دەنووسێت.

بە بەردەوامە لەنوسین لە رۆژنامەو ماڵپەرە کوردی و عەرەبیەکان، وەك نوسەرێکی کوردی سەربەخۆ خاوەن رای تایبەتی خۆیەتی لەسەر زۆربەی ئەو کێشانەی لە گۆڕەپانی کوردستان و جیهانی ئیسلامیدا روو دەدات.

* سەرەکیترین بواری نووسینی دەربارەی توندڕەوی دینییە لە کوردستان و جیهانی ئیسلامیدا بە گشتی، لەو بوارەدا سەدان وتاری بڵاوکراوەی هەیە. توندڕەوی دینی بە تایبەتی سەلەفیزم بە هەموو فۆرمەکانیەوە. بەڕای نووسەر خوێندنەوەیەك و فکرێکی نامۆیە بە سروشتی دینداری کوردی، ڕاستە لە کۆنەوە کەمێك چەمکەکانی لە ڕێگای مەزهەبی شافیعیەوە هاتۆتە ناو کورد، چونکە پەیوەندی ئەحمەد و شافیعی وەك پەیوەندی مامۆستا و قوتابییە، هەتا دەڵێن ئیمام ئەحمەد کراسێکی شافیعی شۆردوە و ئاوەکەی خواردۆتەوە! لە کتێبی تاريخ الإسلام الذهبي: ابن خزيمة دەڵێت: "ئایە ئەحمەدی کوری حەنبەل جگە لە منالێك لە منالەکانی شافیعی زیاتر بووە؟"

بەڵام وەك ئەو لێشاوە سەلەفیەتە نەبووە کە جێگای مەترسی جیدی بێت لەسەر ڕووحیەتی دینداری کوردی. نووسەر پێی وایە دەبێت کورد ڕزگاری بێت لە هەموو فۆرمە ئیسلامە نامۆکانی عەرەبی و غەیری عەرەبی، خاوەن دیدو خوێندنەوەو فۆرمی تایبەتی خۆی بێت.

گرنگیەکی تایبەت دەدات بە دۆزی ئافرەت لە ئیسلام و کۆمەڵگای کوردیدا، تا ئێستا سەدان وتار و جەند کتێبێکیشی تایبەت کردوە بە دۆزی ئافرەتی کورد، کە پێی وایە کەوتۆتە نێوان بەرداشی توندڕەوی دینی و توندڕەوی هەندێ لە فێمنستەکان.


* هەروەها لە بواری ڕەخنەی سیاسیش دەنووسێت، بە تایبەتی لەسەر ئەزموونی دەسەڵاتی کوردی. نوسەر خەبات لە پێناو سەربەخۆیی کوردستان و بەرقەرابوونی دیموکراتیەت و مافەکانی مرۆڤ لە کوردستانی گەورە بە گشتی و کوردستانی باشوور بە تایبەتی دا دەکات.

A Series of Cultural & Intellectual Dossiers
Dossier Number: (14)


# Hassan Al Banna

## Master of the Art of Death and Failure







Written by:
Mohammed Hariri
First Edition: July 2023

ئیخوانیەکان بە گەنج و پیریان لە قۆناغی دەروێشیدان بۆ حەسەن بەنا، پاش تێپەڕبوونی نزیکەی سەدەیەك هێشتا هەر ئەو قۆناغەی دەروێشیان تێپەڕنەداوە.

ڕۆژانە نوسینی گەنجانی ئیخوانی دەخوێنمەوە لەسەر حەسەن بەنا، یەك پارچە لاواندنەوە وستایش و شیعربارانن. ئەو برادەرانە تا دەشمرن کتێبیکی ڕەخنەیی نەك نانووسن لەسەر ئەو سەرکردانەیان، تا هەرنەبێ لە هەڵەکانیانەوە فێربن، بەڵکو کتێبێکی ڕەخنەییش ناخوێننەوە، کە لەسەریان دەنووسرێ!

سەیر لەوەدایە بەو عەقڵیەتە چەقبەستوو و کلۆڵەوە دەیانەوێت جیهانی ئیسلامی حوکم بکەن بە دروشمی ئیسلام چارەسەرە!

جارێ دین بەهیچ جۆرێك چارەسەر نییە بۆ کێشەکانی ژیانی هاوچەرخ، ئینجا ئەو ئیسلامەی ئیخوان تێیدەگات و دەڵێت تاقە چارەسەرە، نەك هەر چارەسەر نییە، بەڵکو خۆی لە خودی خۆیدا کێشەیە! تۆ لەلایەك لە ترسی تۆمەتی ئیسلامی وسەلەفیان بلێی شەریعەت جێبەجێ دەکەم بە دەستبرین ورەجمکردن و جەڵدە لێدان، لەلایەکێتریش بتەوێ خۆت مۆدرن نیشان دەیت گوایە پڕۆژەیەکی نیمچە سێکولارت پێیە!

DESIGN : HADI HUNAR